ڕۆمان

# توانەوە

## غەفور ساڵح عەبدوڵڵا

چاپی یەکەم - ١٩٨٨ بەغدا
چاپی دووەم - ٢٠٠٩ هەولێر

- ناوی کتێب: توانەوە
- ناوی نووسەر: غەفور ساڵح عەبدوڵڵا
- نەخشەسازی بەرگ: ئارام کەمال دەلۆ
- تایپ ونەخشەسازی ناوەوە:کاوە شێخانی
- ژمارەی سپاردن:
- چاپ: چاپی ٢٠٠٩ هەولێر
- چاپخانە: چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری

# پێرست


- توانەوە سەمفۆنیایەکی جیهانیی لەخاک و خۆڵی کوردستاندا ....... ٧

- رووخساری بنیاتی هونەری لە رۆمانی (توانەوە)دا .................. ١٤

- توانەوە لە نەزۆکی رۆژگاردا. لە پێناوی لە دایک بوونێکی نوێدا ... ٢٠

- جەدەلییەتی بیرۆکەکان لە نێوان

دەنگی رۆمان و دەنگی رۆماننووسدا ................................ ٣١

- رۆمانی (توانەوە) پارچە پارچە بوون لە دامێنەوە................. ٣٩

- بەشی یەکەم ........................................................ ٧٥

- بەشی دووەم ........................................................ ٢٠١

- بەشی سێیەم ........................................................ ٢٨٩

# پێشەکیەکەی

چەند نووسەرێکی عەرەب و کورد
نووسیویانە ..

**پێشەکی:**

ڕۆمانی (توانەوە) لە گۆڤاری پەیڤینی عەرەبی ژمارە (٢) ساڵی ١٩٩٨ دا بڵاو بۆتەوەو چەند نووسەرێکی عەرەب دوای ئەوەی دەقە عەرەبیەکان خوێندەوە پتر لە نووسەرانی کورد شتی جوانیان لەسەر نووسی، ئەوەی لێرەدا دەیخوێنیتەوە دەقی وەرگێڕدراوی ئەو نووسینانەیە لەڕۆژنامەی (الاتحاد) و گۆڤاری (پەیڤین) بڵاوبوونەتەوە.

## توانەوە سەمفۆنیایەکی جیهانیی لەخاک و خۆڵی کوردستاندا

### هەیسەم ئەلناشی

هەرکە لە خوێندنەوەی رۆمانی (توانەوە) بوومەوە، بەو تەوزیف کردنە جوانەی وشەو رستەو لێکچواندنەکانی بەزمانی عەرەبی، بەراستی هەستم بە شەرمەزاری کرد کە نایشارمەوە، چونکە من لەمەو بەر رۆمانێکی کوردیم نەخوێندۆتەوە، بەڵام تەم و مژی سیاسی کەمافی کوردی داپۆشیوە وەکو سەرجەم میللەتێک دەژیان، ئیدی چۆن ئەدەبەکەیان بگاتە سەرجەم زمانەکانی براکانیان لە هەموو جیهان !! بەنیسبەت خۆمەوە قەت رەچاوی ئەوەم نەدەکرد کەلەنێو ئەدەبی کوردیدا سەمفۆنیای ئاوها قەشەنگ هەبێ کە لەدەستە خوشکە جیهانیەکانی کەمتر نییە، کە گەورە ئەدیبانی جیهان لێیان داوە لەسەر لاپەڕەکانیان . یان بابڵێین کەمتر نییە لەوبەرهەمە قەشەنگانەی کە ئەدەبی جیهانی بۆیان بەجێ هێشتووین. من لێرەدا لافی ئەکادیمیەتی خۆم لێنادەم لە رەخنەدا، ناشڵێم لێکۆڵینەوەیەکی رەخنەیی

مەنهەجی رووتە سەبارەت بە رۆمانەکە بەپێی توانا هەوڵ دەدەم بەتەوازوعەوە بیخوێنمەوەو خۆم لەوە دوور بخەمەوە کە دەقەکە لە چوارچێوەی روئیایەکی رەخنەیی تاک رەهەندی دابنێم، بۆ ئەوەی تیژ نەبم بەرامبەر بە ئیشەکە بە فاکتەری هیچ نەزانی. دەقیەتی دەقەکە لە رۆمانی (توانەوە) دا تەونێکە نزیک دەبێتەوەو دوور دەکەوێتەوە بەپێی راکێشان و بەزاندن و بۆ جیهانی غەفور سالح عەبدوڵا هانمان دەدا کە جیهانێکی هاندەرو ئاژنگ بەرە بەرەو ئەو پەڕی مرۆڤایەتی و ئەو پەڕی جوانکاریش، دیمەنی چیرۆکانە کە پەنای نەبردۆتە بەر پەناگەی ئەدەبی دیکە، ئەمەیش دادگایی کردنێکی ئاشکرا نەکراوە بۆ تاوانە نەبینراوەکان و قەمچیەکی ورووژاوەو زەینی تێدا خەست بۆتەوەو گڕ بکاتەوە، بەبێ هیچ ئیرادەیەکی دەرەکی هەموو رووکەشێکی چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتی، بونیادی رۆمان نووسی لە رەمزیەت و رووداوە درامیەکەی و کەسەکان و دیالۆگەکان لە چوارچێوەی رۆمان نووسی لانادات و بەئاشکرا دەردەکەوێت تاکۆتایی (ناکۆتایی) بەوردی راڤەکراوەو تا

ئەوپەڕی پەیوست بوونیش پێوەندە بەیەکەم وشەی ئیشەکەوە، غەفور سالّح عەبدولّا بە چوستیەکی سەرسوڕهێنەرەوە کەش و هەوای سیاسی لەعێراق ئیختیزال دەکات بە ئیشکردنێکی داهێنانەی بەهەرەداریەوە، تەنانەت وەک بلّێی خوێنەری رستەکان بەقەشەنگی و سادەیی و شەفافیەتەوە واتای سەرسوڕهێنەر هەست پێ دەکات، کە چەند رێک پۆش و خەزن کراون، ئەو پارچە سەمفۆنیاکەی خۆی بەم رستەیە دەست پێدەکات:(لەچەمکی باکوری شارەکەوە، گەوالّە هەوری رەش رەش و خەست، هەر گەوالّەیەکی و لەوێنەی دەعبایەکی خورافی بەرجەستە بووە). ئەگەر بمەوێ تیشکێک سەبارەت ماهیەتی رۆمانەکە بدەم لەرێگەی باسکردنی بۆچوونەکانیەوە، ئەمەش پێویست دەکات رۆمانێکی تەواو بنوسم، چونکی توانەوەیەک حەقیقەتی وەکو ناونیشانەکەیەتی، توانەوەیەک کە تێکەڵ دەبێ و یەک دەگرێتەوە، دەتەقێتەوە، دوور دەکەوێتەوە، بەستونی و ئاسۆیی، شیاوی لەیەک هەڵوەشاندنەوە نیە، لەهەمان کاتیشدا یەکگرتوو نیە، ئەوەش جیهانی کۆمەڵە بە هەموو تەداعیاتەکانیەوە،

لێرەدا بەوریایی هەوڵ دەدەم تا پەیوەست بوونی ئەفسانەیی سەرجەم پێکهاتەی ئیشەکە نەرووشێنم، من باسی (قارەمان) وە (هەتاو) وەکو دوو مرۆڤ دەکەم، (غەفور سالّح) واتای جەوەلی سەردەکە لە رۆمانەکە بەتابلۆیەکی قووڵ تەواوی دەلالەتی نێوان (قارەمان) و (هەتاو) هەتا وەکو بلّێی هەر لەدەستپێکردنی رۆمانەکەوە هاتوە راستەوخۆ، نەک دوای سەد لاپەڕەو لەوێوە وێنەی دەکات، (هەردوو تارماییەکە بەهیوای کازیوەی دەم بەیانەوە، لەتەک یەکتر چەسپ ببوون و هەنگاویان دەنا...ل ١٣٨)، (قارەمان) گەڕانە بەدوای کەینونەوە بۆ گەیشتن لە نێو نێگەرانیەتی کە دزە دەکات، بۆ نێو خودی نوێی ژیانەوە، هەڵگری هەموو تامەزرۆیەکی دوژمنداریەوە بەبەردەوامی بۆ شوێنکات و حاڵەتی ونبوونی لەناوچوونە لەنێوجیهانی نووسینگەکانی رۆتین و هێزێکی شاراوەدا، کە سالّانی تەمەنی مرۆڤ تیرۆر دەکات، ئەویش دیمەنێکە بۆ لەیەکترازانی ماقول بۆ رێنمایی کردنی وردەکاریەکانی مرۆڤایەتی و مراندنی چەوساندنەوە بۆ بەتاڵکردنەوەی مرۆڤ لە هەموو ناوەڕۆکەکانی خۆی تەنانەت

بەزەییش، قارەمان لە شوێنێک دا موناجات لەگەڵ خۆی دەکات و دەڵێت : (دەیانەوێ سەر لەنوێ لەدایک ببیتەوەو خۆشیان لەبەر زەکی بانان هەڵنشین) و لەشوێنێکی دیکە موناجاتێکی دیکە دەکات و دەڵێت :(دەچوویتە سەر یەکێک لە پردەکان و لەناخەوە بە مزەمز گۆرانیەکی دڵتەزێنی هەمیشەیی مرۆڤت دەچڕی). جیهانی غەفور سالح (قارەمان) غەمبارو موبتەلا بەتەداعیەتەکانی ئەخلاقی رامیارییە، کە لەزەمانێکی دیاریکراودا لە عێراقدا دەگمەن بوو، ئەوەتا بە گۆرانی دەڵێ : (دیجلە تۆش وەکو من لێلی /تۆش لەوتاوی خاک و خۆڵی/ تۆ سەری رق و تورەییت هەڵدەگری/ خۆ رق و توورەییم رووبار نییە، سەری خۆی هەڵگرێ..) .

پرۆسەی روئیای دەلالی خەونەکان یەک دەگرنەوە، مافی نەفی کراوی (قارەمان) لەرێگەی سەردیەتێکی بەتام بەتاڵاوی (هەتاو) کە لەوردەکاریەکانی ئەزموونەکەدا شاراوەیە، کە بینایی چیرۆک خوان دەیبینێ، بەم قیزەونیەی ئازاری دەروونی، کیژەکە کۆمەڵێک چڵوچێوەو لەبەردەمیدا پاڵ کەوتوەو عازەب بوەو هەموو شتێک

تێدەگات و ناتوانێ هیچ ئەندامێک لە ئەندامەکانی بجولێنێ، ئیدی (هەتاو) ئەو ژنە رۆژهەڵاتیە جوانە بەئامانج کراوە، ئەی ئیدی دایکی نیشتمان چی بکات کاتێ (هەتاو) کچیەتی :(چ کارەساتێکی گەورەیە کاتێ هەموو گەردوون لە ژوورێکدا حەشاردەدرێت؟) لەیەکێک لە جوانترین موناجەتەکانی هەتاو ئەمەیە (بۆ حەڤدەساڵ دەچێ وەکو هەستێک لەناوەوەت پەلەخوت ببوو، یان بەزۆرە ملێ سەریان بڕی و پەلەخودیان کرد، خوێنەکەیان بۆ چاوەزار پرژاندە سەر جیهازی بووکێنیتەوە، نەوەک ببەسترێ و لەچک سوور نەکەیت و ئابڕووی هەزار ساڵانەتان دەچێ. ل٨٦)، غەفور بە قوڵی چۆتە ناخی کەسایەتیەکانەوە، بەشێوەیەکی ئەفسوناوی خۆی دەکاتە ناو دەقەکەوە تا باسی مەکنوناتیان بکەن، هەروەکو داوێکی ئاوریشم وایە، بەهەمان ڕێکپۆشیەوە لەنێو دیمەنی چیرۆکەکەداو بەهەمان ڕێکپۆشی دێتە دەرێ و کەسایەتیەکانی لەنێو لەسەرسوڕماندا بە جێ دێڵێ، پاشان ئەوەندەی پێ ناچێ دەبینین چاوەڕێیان دەکات لەگەڕانەوەیاندا لە ماندوویی کارەکانیان لە ژێر خانەکاندا، ئەم هەموو گرفتە هونەریانە لە چوار چێوەی ریالیزمێکی سیحری

بەبەلە باریکیەکی بێ هاوتاوە روودەدەن، قەڵەم ناتوانێ جگە لەوەی لەگەڵ پیتەکاندا بگرێ، تا مەرەکەب تێکەڵ بە فرمێسک بوو، غەفور ساڵح بەرەبەرە خوێنەری خۆی رادەکێشێ تا بیخاتە ناو گەمەکەوە بێ ئەوەی لەگەڵ نێگەتیڤی ئەدەبیدا تێکەڵ بێت، وات لێ دەکات لەگەڵیدا بچیتە نێو کارەکەتەرەکانیەوەو لێیان بێیتە دەرەوە کەی ویستی. رۆمانی (توانەوە) دەمێنێتەوە وەکو سەردێکی رووناک و بونیادێکی چیرۆک گەورەتر لەوەی ناپسپۆڕانە لەسەری بنوسرێت، کە شێکی ویژدانی رەسەن و هەستێکی پڕ لە ژیانی چیرۆک و لەبەرچاوگرتنی هەڵوێستی مرۆڤایەتی دەزگیرکردنێکی نا ئاسایی و دەستکرد بە موخێلەی خوێنەرو بە قوڵایی چوون بۆ نێو نهێنیەکانی خودی مرۆڤایەتی و تێکەڵ بوونێکی کۆمەڵایەتیانەو بابەتیانە بەبێ چوونە ناو جیهانێکی دووربینیەوە.

*****

## __رووخساری بنیاتی هونەری لە رۆمانی (توانەوە)دا__

**ع. دڵدار**

کورتە چیرۆک و رۆمانی کوردی بە شێوەیەک ناسراوە لە بنیاتی رووداوی چیرۆکانەوە چوارچێوە کردنی بەزەمەن، بەڵام ئەم حاڵەتە گشتگیریە نیە، بەڵام دەبینین چەند نووسەرێک دەیانەوێ سوود لەوە وەربگرن کە هونەری چیرۆکی رۆمانی ئەورووپی نوێ، کە جەنگی دووەمی جیهانی خستیە روو، تەوژمی رۆمان نووسی نوێیان (رۆمانی شت گەرایی) لە فەرەنسا بە پێشەنگی (ئالان رۆک گرێ و مێشێل بۆتۆر و کلۆد سیمۆن) وە کەسانی دیکەبوو، رۆڵی کاریگەری خۆی هەبوو لە ساڵانی ١٩٥٥ – ١٩٦٥ لەسەر ئەدەبی جیهانی، بەڵام کارپێکردنی بەم دواییەش گەیشتە ئەدەبی چیرۆک و رۆمانی کوردیش، باشترین بەڵگەش رۆمانی (توانەوە) ی غەفور سالح عەبدوڵایە کە وەکو چیرۆک نووسێکی ناسراو دواجاریش دەستی دایە رۆمان نووسی، لەیەک رۆمانیدا خوێنەر ئاشنایی مامەڵەکردنێکی نوێ دەبێت

لەگەڵ نووسینی رۆماندا، لێرەدا رۆمان نووس پەنای بردۆتە بەر رۆمانی فرە دەنگ و POLY PHONY، بەمەش لەشێوازی رۆمانی یەک دەنگ (phony mono) دوور دەکەوێتەوە، ئەم رۆمانە لە سێ بەش پێک هاتوە . بەشی یەکەمی تەرخان کراوە بۆ دەنگی (قارەمان) و بەشی دووەمیش تەرخان کراوە بۆ دەنگی (هەتاو) . لەبەشی سێیەم جارێکی دیکە هەردوو پاڵەوانەکە یەک دەگرنەوەو رێک دەکەون تا گوندێکی بنار شاخ هەڵبژێرن بۆ درووست کردنەوەی خۆشەویستیەکەیان دوای دابڕانی چەندین ساڵ، نووسەر لە بنیادنانی زەمەنی دەقی رۆمانەکەیدا شێوازی کەرت کردن بەکار دێنێ و، لە شێوازی تەقلیدی دروو دەکەوێتەوە سەرەتا لە خاڵی رابردووەوە سەر دەکەوێتەوە بۆ زەمەنی ئێستا، شێوازە سەرەکیەکەی دەوری هەبوە لە رونکردنەوەی چۆنیەتی بونیاتنانی زەمەن لەنێو رۆمانەکەدا، گەرچی سەرد هەمیشە لە خزمەتی زەمەن دایە، وەسفیش لە خزمەتی شوێندایە، نووسەر رۆڵێکی مەزنی داوە بەوێنەی وەسفی کە لە روخساری سروشتی شوێنەکەوە وەرگیراوە کە پارچەیەکی بەربڵاوی داگیرکردوە

لەنێوان کەرکوک و هەولێر و هەندێ ناوچەی عەرەبی لە عێراق، خوێنەر لەم رۆمانەدا دەبینێ خاوەن سروشتێکی کراوەیە، فەزای شوێن لە رۆمانەکەدا بەشێوەیەک هاتوە کە هاوتەریب بێ لەگەڵ قەبارەی فەزای زەمەندا، سالانی (١٩٦٥ – ١٩٨٠) دەگرێتەوە، سەرەڕای ئەوەی نووسەر لایەنی رابردووی پاڵەوانەکانی رۆمانی (توانەوە) پشتگوێی ناخات، حیبکە دوولایەنەکە لە سرووشتی رووداوەکانی نێوان هەردوو پاڵەوانەکە (قارەمان و هەتاو) رۆڵی خۆی هەبوو بۆ زەروورەتی بوونی زیاتر لە حیبکەیەکی ناسەرەکی، بۆتە یارمەتی دەری هەراساندنی بنیاتی هەڵچوونی حیبکە دوولایەنەکەی، رۆمانە کە بە گەڕانەوە پەیوەندی نێوان هەردوولا پاڵەوانەکە کۆتایی هات، دوای ئەوەی هەردووکیان تالاوی ژیانیان چەشت، (قارەمان) ناچار دەبێ پەیوەندی بکات بە ریزی تێکۆشەرانەوە، دوای ئەوەی راناوی (ئەوان) بەکار دەهێنێ لە دواندنیان، بەلام گێرەرەوەش (الراوی)، هەردوو پاڵەوانەکە دەدوێنێ بەراناوی (تۆ) . بەلام ئەوەی بەراستی مایەی سەرنجە کە لەم رۆمانەدا هەردوو پاڵەوانەکە لەسەرەتاوە خۆشەویستیەکی

پاک ژیان، بەڵام رۆژگاری سەخت وا لە هەردووکیان دەکات پەنا بەرنە بەر گوناه، (قارەمان) دوای ئەوەی ژن و منداڵەکەی لە رووداوەکانی کوردستان دەسوتێنن و دوای هەرەسی شۆرش بەنائومێدی دەگەڕێتەوە بۆ شار، (هەتاو)یش دوای ئەوەی بەزۆر دەیدەن بەمێرد بە (سەردار) و منداڵێکی کەم ئەندامی لێ دەبێت، مێردەکەشی لە شۆڕش دەکوژرێ، ناچار دەبێ لەماڵان کارەکەری بکات، (حەوێز) ناوێک رایدەهێنی و فریوی دەدات و لەگەڵیدا سێکسی دەکات و دەبێتە نێچیری پیاوانی شارەکە، تەنانەت پاڵەوانەکەش (قارەمان) لەسەرەتاوە بەزەیی بە ژیانە نوێکەی دێتەوە دوای مردنی مێردەکەی، بۆیە بریاردەدات بیخوازێ، سەرەرای ئەو راستیە تاڵانەش، ئەم رۆمانە سیفەتی چاکی ئەوەیە کە زەمەنی سەرد لەگەڵ زەمەنی دەقەکە نزیک دەبنەوە، زەمەنی سەرد ساڵی (١٩٨٠) کۆتایی دێت و زەمەنی دەقەکەشی ساڵی (١٩٨٨)ە ئەو ساڵەی کە چاپ کراوە، ئەم رۆمانە ئەو خەسڵەتیشی هەیە بە ئەنجامدانی سەردو دیالۆگ هەردوو پێکەوە بۆ ئەرکی دەستنیشانکردنی لایەنی کەسایەتی هەردوو

پاڵەوانە، ئەم ئەرکەش لە هونەری رۆماندا ئەرکی دیالۆگە، بەڵام خوێنەر دەپرسێ لەنهێنی کۆتایی سەقفی ئەم رۆمانە لەساڵی ١٩٨٠، گەرچی نووسەر ئازادە لە هەڵبژاردنی زەمەندا .

ناونیشانی رۆمانەکە پەیوەستە لەگەڵ سروشتی پەرەسەندنی رووداوی سەرەکی لە رۆمانەکەدا و ئەو کۆتاییەشە کە پێی گەیشت، بەراستی (توانەوە) بەشێوەیەکی رۆحی لەنێوان هەردوو پاڵەوانەکە روویدا، ئەو توانەوەیە دەلالەتی ویژدانی خۆی هەیە، لە زەینی خوێنەردا، شێوازی نووسەرو تەکنیکی هونەری رۆلی پێشەنگی خۆی هەیە لە دەرخستنی رووخساری نووسینی رۆمان لەلای ئەم چیرۆک نووسە کەرکوکیە، کە خوێنەر هەست بە چەند کورتەیەکی راستگۆیی هونەری و جورئەتی دەکات لە تەرحی بیرۆکەی سەرەکی رۆمانەکە، رەخنە لە هەندێ هەڵسوکەوتی هەڵەی کەسەکانی دەگرێ لەتێکۆشەرانی ساڵانی شەستەکان، کاتێک ململانێی خوێناوی روودەدات لەنێوان گروپە چەکدارەکان و لە خەڵکی بێتاوان لە شاران و گوندان دەکوژرێن، نووسەر کاتێ چەند لایەنێکی رووداوەکانی ساڵانی

(١٩٦٥ – ١٩٨٠) دەخاتە روو سەرکەوتنی خۆی رادەگەیەنێ لە ئاشکراکردنی راستی، سەرەڕای ئەوەی تاڵیشە .. لە کۆتاییدا دەمەوێ ئەوە بڵێم کە لەنێوان ئەو رۆمانانەی تاساڵی ١٩٩٠ دەرچوون شێوازی ئەم رۆمانەم پێ دەگمەنە..

*****



* ئەم نووسینە لە ژمارە (٢٢٨) رۆژنامەی (الاتحاد) ١٩٩٧/٨/٢ بڵاوبۆتەوە.

## توانەوە لە نەزۆکی رۆژگاردا. لە پێناوی لە دایک بوونێکی نوێدا

**قاسد ئەلغەریب**

دوو ناوەڕۆکی شەفاف لە رۆمانی (توانەوە)ی غەفور سالح دا، هەندێ پاشبەندی تایبەتی وێنا کردوە لە نێو دووبەرگی دوو ناوەڕۆکە سەرەکیەکەدا، بەشێوەیەک دەتوانین ئەم ناوەڕۆکانە بەم شێوەی خوارەوە بنوێنین:

مرۆڤی کورد تا رادەی توانەوە لە خاک و خۆڵی کورددا شین بووە، بەرامبەر بەو چەوساندنەوەیەی تووشی هاتوە لەلایەن حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراقەوە، ئەم رۆمانە لەنێوان سالانی ١٩٨٥ – ١٩٨٦ دا نووسراوە، بەڵام رەهەندی کرۆکی و واتای وێنەیی رۆمانەکەو تەونە پچڕ پچڕو بەیەک گەیشتوەکەی ئەو رۆناکبیرە کوردەیە، قارەمان حەمە سوور، بێگومان نووسەر خۆیەتی لەو دیوی قارەمانەکە قارەمان حەمە سوور خۆی حەشار داوە، پڕ خەم و سەرقاڵ بە گیروگرفتی

خۆیەتی و گشتی، لەسەرووی لێشاوێکی زیبەقی مەلە دەکا، کە سەرەوەی نەفی بوون و ئاوارەیی و هەژاری و برسیەتییە، بنەکەیشی تیشکدانەوەی هۆشیاریەتی بەمەرگەساتی گەلەکەی و کێشە رەواکەیەتی، لەنێو ئەمەو ئەوەدا و لە ئاستی مەوشوریەکی روئیایەکی گشتگیریەوە بۆ واقیعێکیَ بۆگەن و وەستاو تا رادەی بن نانەوە، نووسەر لەنێو برینەکانی پاڵەونەکەیەوە دەمانبات بەرەو داخبوونی بەسوتانەکانی و بە خەڵوزبوونی بە پشکۆکانی، بۆ ئەوەی برینەکانی مەرگەساتەکە قوڵکاتەوە و هەڵیانکوڵیَ بۆ تیمارکردنی و چاک بوونەوە لێی.

ئایا دەتوانی دڵۆپە بارانێک لەو گەردیلەیەکی غوبار جیابکەیتەوە کە لەنێو مندڵدانیدا تەوەری بەستووە!!؟ ئەمەیان ئەو پەڕی موعجیزەیە، بگرە ئەو پەڕیترین ئیعجازە بتوانیَ گەردیلەیەکی غوبار لەئاو بخەیتەوە، کە تارادەی بە قوڕبوون تیا تواوەتەوە، ئەمەیان حاڵی (قارەمان حەمەسوور)ە کاتێک کراسێکی خشۆک و قوڵ پانی بەباڵای کێشەی گەلەکەی بڕی. رۆمانەکە بە وە سفێکی گشتی بەکەش و هەوای شارەکە دەست پیَ دەکات.

(لە چمکێکی باکوری شارەکەوە، گەواڵە هەوری رەش رەش و خەست و هەر گەواڵەیەک و لەوێنەی دەعبایەکی خورافی بەرجەستە بوە، هەندێکی لە شێوەی شێرێکی پیر دەمیان بوو، نێچیرێکی لە خۆیان زەبەلاحتر داپچڕاندوە، یان ژنێکی خورافی، دەعبایەکی خورافی لە ئامێزناوەو رایدەموسێ، سەگێکی خورافی لەگەڵ هوشترێکدا گەمە دەکەن، کابرایەک لەگەڵ ئاژەڵێکی خورافی مێینە لەیەک ئاڵاون، کۆترێکی خورافی بەرووداوەکانی دەوروبەری خۆی پێدەکەنێ. (لە چمکی لای باشوریشەوە گەواڵە سپیە تەنکەکان، کەوتوونەتە بەر لمۆزی شنە بایەکی سست و تەمەڵ، بە چوار دەورەدا لەسەرخۆ دریان پێ دەدات، گڕۆڵە تیشکە زەبەلاحەکەی رۆژگار رمێک لە دەمکەلەکانەوە لەنێوان گەواڵە هەورە رەش و رەشەکاندا، وەکو دزێکی تێوروژاو سەر دەردێنێ، دەیەوێ بە دزیشەوە بێ دەسەڵاتی خۆی بەسەر گۆی زەویدا بسەپێنێ، بەڵام گەواڵە هەورەکان دەبنە چارۆگەی ماڵە هەژارێک و رێگا لە تێڕوانینی گزنگەکان دەگرن). ئەو ئیقحام بوونە لە کەش و هەوای گشتی رۆمانەکە بەوەسفێکی ئاسایی

کەشی شارێکە (عێراق)، لە باکورە هەوری چڕو گەواڵەکان مژدە بەخشی بارانن (شۆڕش)، لەباشووریشەوە شنەیەکی سست لەسەرخۆ پاڵ بەگەواڵەکانەوە دەنێ بەرەو شوێنی دیکە. بۆ کوێ؟ ئەم چوونە ناو کەشی گشتی سیاسی عێراقەوە لە باکورەوە بۆ باشور، قەسەم بەخوا دەسوەشاندنی مامۆستایە لەئامانجی خۆی هەڵەی نەکردوە، کەلەهەندێ بەشدا رۆمانەکە دەگرێتەوە: (بەڵام گەواڵە هەورەکان دەبنە چارۆگەی ماڵە هەژارێک و رێگە لە تێڕوانینی گزنگەکان دەگرن...)

ئەوەش تاریکستانی بەعسی و خودە رەقاویەکەیەتی لەسەر کورد و شیعە وەکو یەک.

هەریەکە پاڵەوانی رۆمانەکە ناوی خۆی دەهێنێ بەرامبەر پیاوانی دەسەڵات کاتێ لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکەن تا (لەسەر ئەوەندە قسە هەزاران تێهەڵدانت دەخوارد، کەرامەتی پشتاوپشتی مرۆڤایەتیتیان دەشکاند) چونکە ناوی کوردیە، واتاکەی پاڵەوانیەتی و چوستیە باوکی لەخۆشی ناو پێغەمبەر ناوی ناوە. (تۆش ئەگەر لەشارێکەوە بۆ کاولە شارێکی دیکە هەگبەی

سەفەرت خستە سەر شانت، چەندان جار ڕێگات لێ دەگرن، وەکو کەل و پەلی گومرگ بەو شێوەیە گومرگت دەکەن، پرسی ناسنامەو جزدانت لێ دەکەن، زۆرجاریش یەک دوو ڕۆژ لە ژوورێکی ڕیتناوی سارد یان گەرم و سیخناخ یخت دەدەن، هەتا بۆیان ساغ دەبێتەوە یا ساغ نیت و گومرگ کراوی). کەواتە دۆخی پاڵەوانەکەمان (قارەمان حەمە سوور) وەکو پاڵەوانی بۆکسێن وایە لە هەرچوار لای تەختەکەوە دەکەونە وێزەی!! ئەمەیش حاڵی روناکبیری کورد بوو پێش ڕاپەرینە نەمرەکەو، بەر لە پاککردنەوەی کوردستانی عێراق لە پۆخلی بەعسی سەدامی. بەشی یەکەمی ڕۆمانەکە (توانەوە) بەرێک و پێکیەکی هاوتەریب کۆتایی دێت لەنێوان شارو گونددا. برسیەتی و ئاوارەیی و پیسی و بێبەشی خەسڵەتی هاوبەشە لە زۆریدا لە نێوانیان:

(هەر کە دەگەنە شارەکەش لەیەک بەردەبن، منداڵە وردەکان دەکەوتنە شەقام و گورزەرەکان و بەردەم چێشتخانەکان، ژنەکانیش کێ دەزانێ چیان دەکرد و چی دەکەن، کارەکەری، گسکدان، سواڵ و سیقەو دەروزە، یان داوێن پیسی؟) بۆ ئەوەی

ڕووداوەکان هەڵچن و بگەنە پۆپە، نووسەر دیالۆگی دەروونی ناوەوە تێکەڵ دەکات و، چارەنوسی پاڵەوانەکە دەبەستێتەوە بەچارەنووسی ئەو شاعیرەی کە تەرمەکەیان هێنایەوە بۆ ئەو گەڕەکەی (قارەمان) لێی نیشتەجێیە، (زۆربەی ڕۆژەکان دەتبینی، کۆمەڵێ ڕۆژنامەی لە بن هەنگڵی خۆی ناوەو خۆی دەکرد بە ژووردا، ژنانی گەڕەک نەیانوت (ئەو کاغەزانەی بۆ ئەوەیە لەسەریان دەسپەڕ دەکات) هەندێکیش ئەیانوت:

- **سیخوری ئەجنەبیە.**
- **لە پارتێکی قەدەغەو یا ساغ ئیش دەکات.**
- **(کابرایەکی ئاڵۆزە ) خەڵکی گەرەک وازیان لێ هێناو شارەوانی هەڵسا بە کفن و شاردنەوەی تەرمەکەی.**

ئەم جەهالەت و دواکەوتویی ناهۆشیاری بە قوڵایی مەرگەساتی ڕووناکبیری کورد لەلایەن هەرەمەی گەلەوە هاوشانی غەدرو دڕندایەتی و دەسەڵاتەو یارمەتی دەدات بەردەوام بێت لە زیندە بەچاڵکردنی هەر تۆوێکی هۆشیاری نەتەوەیی کە ئەو ڕۆشنگەرو هۆشمەندەی تۆوی دەکات، ئەمەش قوڵی ئێش و

ئازاری میلەتەکەیمان بۆ بەرجەستە دەکات لە دەستی زوڵم و زۆری دەسەڵات، ئەمەیش (مریَم) یەکێک لە پاڵەوانەکانی سێینەی (نێوان دوو کوشک و کۆشکی خۆشەویستی و سوکەریا) رۆماننوسی گەورە نەجیب مەحفوزمان بیر دەخاتەوە، کاتێ بە خۆشەویستەکەی (کەمال) کە تێکۆشەرێکی میسیرە لە رۆژانی کۆلۆنیالی ئینگلیزی لە میسر دەڵێ و سەربازەکانی روناکبیران تیرۆر دەکەن (مریَم ئینگلیزی خۆشدەوێت چونکە سەربازەکانی جوانن) پاشان کەمالی خۆشەویستی دەکوژرێ لەسەر دەستی ئینگلیزو مریَم و دایکی دەبنە سۆزانی، ئەم جەهالەتە کۆمەڵایەتیە سەختە پتر رووناکبیری کورد سەردەبڕێ، لە چەقۆکانی دەسەڵات و توندوتیژیەکەی. (قارەمان) لەگەڵ شاعیرو سیاسی بە زۆر کوژراو لەلایەن دەسەڵاتەوە بەردەوام دەبێ: (ئینجا بەرەو بازاڕی سەوزە فرۆشەکان گلۆربوویتەوە، دەتویست بابەتێکی تازە بدۆزیتەوە بۆ ئەو شیعرەی کە ماوەیەکە دەتەوێ بینوسی، زۆرجار چەند دێرێکت دەنووسی، کەچی هەرکە دەهاتیتە دەرەوە عەشاماتێکت بەرچاو دەکەوت، هەمووت لەبەرچاو

دەکەوت، یەکسەر دەچوویتەوە هەمووت بەتەڵە شقارتەیەک گرت لە دێرە شیعرەکان بەردەدا، لەگەڵ دێرە شیعرەکان گڕت دەگرت، چونکە بەو هەموو مەرگەساتانە ناوێرن و لەوزەیان نیە بۆیان تۆمار بکرێ)، لەبازاڕی سەوزە فرۆشەکان نووسەر بەچاوی پاڵەوانەکەی (قارەمان) هیچ و پوچی ژیانی خەڵکی و رووکەشیەکەیمان بۆ دەردەخات.

سەرەڕای مێژوویی شوێنەکە و پیرۆزی ئەو رووداوانەی لەوێ رویانداوە، هەر لەوێ (شاموزەفەر) ئەرتەشی دوژمنانی راو ناوەو شارەکەی لە گێچەڵیان دوور خستۆتەوەو (محەمەد پاشای رواندزی) دژ بە عوسمانیەکان شورشی بەرپا کردوەو لەسەدەی نۆزدەهەم و شەوکەتی شکاند، کەواتە هەستی نەتەوایەتی هەیە، بەڵام لەلایەن دەسەڵاتی دڕندەو خوێناوی بە ئاگرو ئاسن زیندە بەچاڵی کردوە، لە نەفەسێکی سێکسی فرۆیدانەشەوە، پانتاییەکی فراوان لە ژیانی سێکسی پاڵەوانەکە (قارەمان) داگیرکردوە، هەروەها تێنوویەتی هەمیشەیی بۆ ژن و هەستکردنی بە بێ تامی ژیان بەبێ ئەو : (دەمێکە بۆ ژن

دەمری، ئەوەبوو بەچەند ساڵێک دایکی دلێر بەجێی هێشتووی، لە تامەزرۆیی ژنە بێدەرەتانەکاندا خۆت پیس دەکەی).

لە ترۆپکی گڕو گڵپەی سیکسی و گڕی سووتانی وەکو رووناکبیرێک تەڵەسمی ژنانمان بۆ دەکاتەوە: (ئافرەت هەستی نەتەوایەتی نیە، هەستی نەتەوایەتی ئەو ئارەزووەکانی ژنە لە هەر کوێیەکی ئەم جیهانە بێت، بۆیە گوێ نادات مێرد بەکێ دەکات، با چەند ملیۆن فەرسەخیش لە هەوارگەیەوە دوور بێت، هەوارگەی ئەو غەریزەیەکی سەرەرۆیە)، ئەم خەسڵەتە فرۆیدیانە بەشێوەیەکی ببڕای بیر ئەوەمان بۆ راڤە دەکات کە پاڵەوانەکە بێ بەشەو ژیانی کارەساتاوی خۆی دەگێڕێتەوە کە مستە کۆڵەی داب و نەریت سێکسی سەرکوت کراوە، هەروەها پەردە لەسەر بایەخی رادەبەدەری وزەی سێکسی – لەبیدۆ – هەڵدەداتەوە. چۆنیش ژیانی مرۆڤ دەکاتە دۆزەخ ئەگەر نێر بێ یان مێ بێ ئەگەر غەریزەی سێکسی تێرنەکات، (شیرۆد ئەندرسن) بخوێنەوە و کتێبەکەی (واینزبرگ ئۆهایو) کە بە بەڵگە دانپیانانی، پیاوان و ژنانی وەکو یەک تیایە، دانپیانانیان

بە پێویستی لەش و خۆ بەدەستەوە دان بۆ پاڵنەری سێکس و تیرۆرکردنی، ئەگینا تووشی لە رێ لادان و شزوز یا خەمۆکی یان رەشبینی و شیزۆفرینیاو شێتی دەبێ، لە کۆمەڵگەیەک نیوەی ئیفلیج و نیوەکەی دیکەی لەسەرە مەرگدایە و تووشی چەندین گرێی دەروونی و نەخۆشی بوون، لەم رۆژهەڵاتە پڕ لە ترسە تا بووەتە هیمۆگلۆبینی خوێنەکەی، بەبێ ترس هەست بەبۆشایی، بۆیە بەهیچ شێوەیەک ناتوانێ لەگەڵ خۆی راستگۆبێ: (چەندەها نهێنی شوورەیی و پڕ موچرکاویت لەکاسەسەری خۆت شاردۆتەوە، دەتەوێ بیاندرکێنی، کەچی ناوێری بۆ ژنێکی سۆزانیش بیاندرکێنی، ئەی ئیتر ئەو کەسانەی داوای ئەرکی پێغەمبەرایەتی دەکەن، چی دەکەن؟ دەبێ ئەو راستگۆییان هەبێ و لە مەڕ کێ ئەو نهێنیە پڕ شوورەییانەیان درکاندووە؟)

بەمردنی (شاناز) مشتە چڵ و چێوە ئیفلیجەکە نووسەر سەرپۆشێکی تەنکمان بۆ رۆمانەکە دەچنێ، لەوێوە کزە هیوایەک گەمە بەچاوی (قارەمان) و (هەتاو) دەکات و بیابانی ژیانیان تەڕ دەکات، دوای ئەوەی بەرداشی ئەزموونە دڕندەکانیان

پلیشاندینەوە، سەقفی زەمەنی رۆمانی (توانەوە) چارەگە سەدەیەک دەگرێتەوە لەسەرەتای شەستەکان دەست پێدەکات تا ناوەڕاستی هەشتاکان، (قارەمان) منداڵ بوو کاتێ گوێی لە هوتافاتی خەڵکی بوو دژ بە عەبدولکەریم قاسم.

ئینجا حوکمی هەردوو عارفی برا و هەرەسی شۆڕشی ئەیلول ١٩٧٥.، پانتاییەکی شوێنی رۆمانەکەش نێوان کەرکوک و بەغداد و هەولێرو سلێمانیە، بەڵام شمولیەتی نووسەر تێگەیشتنی لە واقیعێکەوە وەکو کوردێک لە کوردستان عێراق وایکردوە ئاسۆکەی گەلێ فراوانتر بێ و دواجاریش راکێشانی، قومێک ئاوی خۆش بوو لە هاوینی سیاسی گڕگرتووی عێراقدا.

*****

# جەدەلییەتی بیرۆکەکان لە نێوان دەنگی رۆمان و دەنگی رۆماننووسدا

د. عادل گەرمیانی

بێگومان رۆمانی بیرو باوەڕ قورسترین شێوەی رۆمانە، چونکە ئەم شێوەیە پێویستی بە وردیەکی رادەبەدەر هەیە بۆ چنینی بیروباوەڕەکان و تێکەڵکردنیان لەگەڵ رووداوی سەرەکی رۆمانەکەو چیرۆکەکەی، سەرەڕای ئەوەی پێویستی بە جۆرە کەسایەتیەکی بیرتیژو شیکەرەوەی درووست و پاکانەی بەڵگە نەویست و باوەڕپێکراو هەیە، بۆ ئەوەی کاربکاتە سەر زەینیەتی خوێنەران لەم جۆرە رۆمانانەدا، لەوانەشە رۆماننووس هەندێ جار پەنا بەرێتە بەر رۆمان گێڕەرەوە وای لێبکات بۆ خستنە رووی ئەو بیروباوەڕانەی کە دەیەوێ بیانخاتە روو لەبەردەم خوێنەرەکانی دەقە رۆمانیەکەی، لەرێگەی دەنگی رۆمانگێڕەوە سەرجەم ئاگادارەکە بەشدار نیە لە رەهەندەکانی رووداوی رۆمانەکەدا، لەم حاڵەتەشدا رۆماننووس پەنا دەباتە بەر دەنگی

ئاوەڵناوی کەسی سێیەم تا ئازادیەکی تەواو بدات بە چیرۆک گێڕەوە بۆ گێرانەوەی ڕەهەندەکانی ڕووداوی ڕۆمانەکەو دەربڕینی بیروباوەڕی خۆی سەبارەت بە هەندێ مەسەلەی بەرچاو لەنێو قەوارەی دەقێکی ڕۆماندا، ئەوەی ڕۆمانی (توانەوە) ی نووسەرو ڕۆماننووس (غەفور سالح عەبدوڵا) بخوێنێتەوە دەیبینێ کە ئەم ڕۆماننووسە ڕۆمانگێڕەڕەوەی سەرجەم ئاگاداری بەکار هێناوەو بەشدار نیە لە ڕەهەندەکانی ڕووداوی ڕۆمانەکە، کەیەکەم بەرهەمی ڕۆمانی ئەم ڕۆماننووسەیە، لە کۆتایی هەشتاکانەوە هاتە نێو دنیای ڕۆماننووسینەوە کە لە ساڵانی حەفتاکان وەکو چیرۆکنوسێکی بەتوانا ناسرا، لە ڕۆمانی (توانەوە) دا بۆمان شی دەکاتەوەو چەمکی توانەوەمان پێ دەناسێنێ کە کردوویەتیە ناونیشانی ڕۆمانەکەی، گێڕەوەر دوای ئەوەی هەردوو قارەمانی ڕۆمانەکە (قارەمان و هەتاو) ئارەزووی خۆیان دەردەبڕن بۆ ئەوەی یەکدی لە ئامێز بگرن و لەیەک بئاڵێن (هەموو شتێک لەتوانەوە دەست پێدەکات و لە توانەوەش دوایی دەبڕێتەوە، توانەوەش زۆرجار گوناهەکان

دەشۆرێتەوە).

لێرەدا چەمکی بەربڵاوی توانەوە بوو، کە ئەویش گۆڕانی شتێکی رەقە بۆ شتێکی شل، یان توانەوەی شتێک لە شتێکی دیکەدا، هەڵبژاردنی توانەوە وەکو ناونیشان و ئیحایەکی ئەم رۆمانە دەلالەتی فیکریە بۆ تەواو بوونی ئێش و ئازاری مرۆڤ، چونکە بەراستی کەسێکی دیکەی دۆزیەوە بۆ تێکەڵبوون و ئاسوودەیی، ئەم جۆرە جەدەلیەتەش لەبیرۆکەی توانەوەو ئارەزووی بەدیهێنانی دەبینن و بەراستی بەدی هاتوە، لەدوا دیمەنی رۆمانەکە کە هەردوو پاڵەوانەکە هەڵە وگوناهی یەکدی ئاشکرا دەکەن و بڕیار دەدەن گوندێک هەڵبژێرن لەلا پاڵی چیایەک بۆ ئەوەی سەر لەنوێ ژیان دەست پێ بکەنەوە، دوای ئەو دابڕانە زۆرەملێیەی کە حەڤدە ساڵی خایاند، سەبارەت بە بیرۆکەی تەسامی و خۆشەویستی لەنێوان دوو مەلی نەورەسدا کاتێک نێرومێیەک هاوڕێی راستەقینەی رێگای خۆی دەدۆزێتەوە، چیرۆکخوان لێرەدا بەراوردێک دەکات لەنێوان ئاسوودەیی نێوان پەلەوەری نەورەس کە بەوەی راوی دەکات، لەماسی

لەروبار دەژی و لەنێوان ژیانی ئادەمیزاد ئەوانەی ئامادەن هاوڕەگەز و هاوخوێنی خۆیان بکوژن لەسەر هیچترین هۆ، بۆیە چیرۆکخوان دەڵێ: (لەرووبارەکەدا نەورەسێک لە نەورەسێکی دیکە نەدەکەوت، دەتوت سیستەمێکەو بۆخۆیان سازیان داوە، سیستەمێکە غەریزەی پێویستی و ترسی لەناوچوون درووستی کردوە، نەک ئەقڵ و نەخشەی ئادەمیزاد، بەدەگمەن نەورەسێک لەسەر سک تێرکردن پەلاماری نەورەسێکی دیکە دەدا، نەک وەکو ئەم مرۆڤەی ئەم سەردەمە سۆزانیە، لەبری جنێوێک مرۆڤێک لەخوێن دەگەوزێ، چەندان شەرو ئاژاوەی ناوخۆیی بەرپا دەبێ، چەندان ئاگری جەنگی نێوان دەوڵەتان خۆش دەکەن، بەم حاڵەشەوە بەتەمای پاراستنی بوونی مرۆڤایەتی خۆیانن و بانگەوازی پەیتا پەیتا ئاشتی خوازی هەڵدەدەن). ئەم جۆرە تێکەڵکێش کردنەی هەندێ لەبیرۆکەکان لە بونیادی ئەم رۆمانەدا دەبینن دووبارە دەبێتەوە، کاتێک چیرۆکخوان – رۆماننووس کۆمەڵێ پاڵەوانەکانی رۆمانەکەی ریسوا دەکات وای وەسف دەکات کە کۆمەڵێکی نامەنتیقیەو

هەڵە بە هەڵە چارەسە دەکات و بە ژنە پاڵەوانەکەی (هەتاو) دەڵێ : (دەیانەوێ هەڵە بە هەڵە چارەسەر بکەن، کۆمەڵەکەی تۆ کۆمەڵی چارەسەرکردنە بە هەڵە...) کێ دەقی ئەم ڕۆمانە هەموو بخوێنێتەوە، نابینێ تاکەکانی ئەم کۆمەڵەی کە لەدەوری ئەم پاڵەوانەن هەوڵیان دابێ ڕەوشتی ئەم ژنە چاک بکەن یان هەڵەکەی، هەرکە ناچاردەبێ لەشی خۆی بفرۆشێ بۆ ئەوەی ژیانی خۆی و کیژە کەم ئەندامەکەی (شاناز) مسۆگەر بکات، کە هەر لە منداڵیەوە کەمئەندامە، بگرە کەسانی وەکو مامۆستا حەوێز کە (هەتاو) لە خشتە دەبات بەرەو بەدرەوشتی و لە جۆری ئەو لەدەوری کۆ دەبنەوە، جگە لە (قارەمان) نەبێت کە لە کۆتاییدا بڕیار دەدات ڕێڕەوی ژنە دۆستە دێرینەکەی ڕاست بکاتەوە، کە هەر لە سەردەمی لاوێتیەوە خۆشەویستی بوو، هەر لەیەکێک لە کۆلانەکانی ئەم شارەدا دەیدۆزێتەوە داوێنپیسی لەگەڵ ئەنجام دەدات، ئەمەش مەحکومکردنی کۆمەڵێکە بە حوکمی ئاوها موتلەق بە بێ پاکانەیەک، داوا لە ڕۆماننووس دەکەین ڕێگەمان بدات ئەم هەفوەیە لەبنیاتی جەدەلییانەی

بیروباوەڕەکانی بگرین لە سیاقی ڕۆمانەکەدا کە لە شانزە دیمەن پێک هاتوەو بەسەر سێ بەشدا دابەش کراوە، نۆ دیمەن تەرخان کراوە بۆ ڕێڕەوی ڕووداوەکانی ژیانی پاڵەوانەکە (قارەمان)، شەش دیمەن بۆ ژیانی ژنە پاڵەوانەکە (هەتاو) دیمەنێکیش بۆ حاڵەتی توانەوەی روحی نوێ لەنێوان هەردوو پاڵەوانەکە لەکۆتایی ڕۆمانەکەدا، سەرسام دەبین لەوەی کە ڕۆمان نووس نەفرەت لە ئافرەت دەکات کە گوایە لە پەراسویەکی پیاوەوە خوڵقاوە، هەرئەویش هۆی گوناهەکانی پیاوەو دەڵێ : (ژن بەخشندەیەکی بێ هاوتاو دەگمەنی سروشتە، تاوان و گوناهی مرۆڤیش لە ژندا سەرهەڵدەدات، هەموو هەست پێکردنێکی پیاو بەتەنیایی بۆ بێ ژنی دەگەڕێتەوە..) سەرەڕای ئەوە لەگەڵ نووسەردا یەکناگرێتەوە سەبارەت بەژن، بەڵام لەگەڵ بۆچوونەکانی ڕۆماننووس داین کاتێ ئەوە روون دەکاتەوە کە دەڵێ کۆبوونەوەی نێوان تاریکی و رووناکی و جوانی و ناشرینی لە ڕاستیدا دەگەڕێتەوە هەندێ جار بۆ هەژاری حاڵەت، لەم بارەیەوە ڕۆماننووس دەڵێ: (ئەم خەڵکە چەند

سادەو بێ ورەن؟ ئەم سادەیی و بێ ورەییەش بۆتە هەوێنی هەموو دەردە سەریەکی پشتاو پشتیان و بەرەچەلەکیاندا چۆتە خوارێ، هەرکە دەرزیەکیش لە پەنجەیان بچەقێ، روویدەمی پڕ ناڵە ئۆف و دوعاو لووشە لە ئاسمان دەکەن، چونکە هیچیان لەبار نیە و سرووشت ئەوەندەی تۆقاندوون، تەنانەت دەرەقەتی واقیعی ژیانی خۆیان نایەن و بەرامبەری دەسەپاچەن) نووسەر پێی وایە کە سرووشت مرۆڤی فێری بێ ورەیی کردوە.

ئەم بیرۆکەیە لەوانەیە راست بێ یان ناراست بێ، چونکە ناتوانین ئەم جۆرە هەڵسوکەوتانە تەعمیم بکەین لە ژیانی ئێستاماندا، لەکۆتاییدا هەقی ئەوەمان هەیە لەلایەنگرتن و رەخنە گرتنی هەندێ بیروباوەڕی رۆماننوس و رۆمان کە لەم رۆمانەدا بەشێوەیەکی قەشەنگ دارێژراوەو قسەکەی (ڤۆڵتێر) بەبیری نووسەر دەهێنینەوە کەدەڵێ: (لەوانەیە لەبیروڕا لەگەڵت ناکۆک بم، بەڵام ئامادەم قوربانی بدەم بە ژیانم لەپێناوی مافت لە بەرگری کردن لەرای خۆت) ئەوەی کە ڤۆڵتێر مەبەستی بووە بەدوور نیە لە رەوشت بەرزی رۆماننووس غەفور سالح

عەبدوڵاوە، کەدەنگی گێڕەرەوەی ڕۆمانەکەیەتی (توانەوە)ی کردویەتی بەمینبەرێک بۆ دەرخستنی هەندێ بیروڕای دەنگی بیرۆکەی خۆی وەکو ڕۆماننووسێک.

❊❊❊❊❊

## رۆمانی (توانەوە) پارچە پارچە بوون لە دامێنەوە...

**موسا محەمەد**

پێم وایە رێگا لە بەردەمتدا ئاسان نیە کە لەسەر راستی رۆمانێک یان دەقێکی ئەدەبی یان سیاسی بوەستی، ئەگەر دەقەکەت بە زمانی دایک نەخوێندبێتەوە، بەڵام ئەوە مەسەلەکە ئاسان دەکات (ئەگەر جیاوازی نەبێ) ئەگەر نووسەر خۆی وەرگێڕی ئیشەکانی خۆی بێت و بەقەڵەمێکی نوێ (کە وەرگێڕانە) بەرهەمەکەی خۆیمان بخاتە بەردەست، ئێستا ئێمە دەمانەوێ بچینە نێو جیهانێکی تایبەتەوە، لە ئاستی رۆمانێکەوە کەکراوە بە عەرەبی، کە ئەسڵەن خۆی بەزمانی کوردی نووسراوە، درک بەوە دەکەین کە مەسەلەکە بەبێ تەنگ و چەڵەمە نابێ لەبەر چەند هۆیەک، گرنگتریان کەمی رێژەی ئەو دەقانەی دەکرێنە سەر زمانی دیکە (عەرەبی)، ئەمەش ئاگاداربوونمان کەم دەکاتەوە بەرامبەر ئەدەبیاتی کوردی و ئەو دەست کەوت

و گەشەسەندنەی کەتیا روویداوە، بەڵام هۆکاری دووەم، زۆرجاریش ئەو وەرگێرانانە لەلایەن کەسانێکەوە دەکرێن — بە لێ وردبوونەوە — کە خاوەنی پیشەکە نین و خاوەنی هەستێکی پێویستی ئەو تۆ نین کە کارێکی زۆر سەخت و ناسک پێویستی دەکات وەکو پرۆسەی وەرگێران، زۆرجار وەرگێرانەکان وەکو زمانی وەرگێرەکە وایە وەکو لە خوێندنەوەی چەند دەقێکی وەرگێردراو رەچاوم کردوە کە دەقەکە هی خۆی نیە، بەمەش دەتوانین دەست بخەینە سەر راستی ئەم مەسەلەیە.

لە ژمارە دووی گۆڤاری (پەیڤینی عەرەبی) کە لە مانگی ئابی ١٩٩٨ دەرچوە، چەند چیرۆکێک دەخوێنینەوە، کە ئەو ژمارەیە خۆی تایبەتە بە چیرۆکی وەرگێردراوی کوردی بەچەند قەڵەمێکی جیاجیا، لەلاپەڕەکانی ئەو ژمارەیەی گۆڤارەکەدا لەلاپەڕە (٩٨) ەوە تا لاپەڕە (١٤٥) چاومان بەرۆمانێک دەکەوێت شایەنی بایەخ دانەو بەدواداچوونی نوسەرەکەیەتی کە (غەفور سالح عەبدوڵا) یە بەناوی (توانەوە)، * ئەم ناونیشانەش پاکانەو هۆکاری خۆی هەیە و لەبنەما کلاسیکیەش لای نەداوە بۆ شێوازی ناو نان و

وێنا کردن، وای دەبینم کە ئیش کردن لە سەر لێکۆڵینەوە لەرووی ڕەخنەوە دەشێ بەسوود بێت، ئەگەر هاتوو بابەتیانە بووین لە شێوازی ڕەخنە گرتنەکە، سەرەڕای ئەوەی حەزم بە شێوازی زیندوە لە پرۆسەی ڕەخنە کردن کەپێی دەوترێت (ڕەخنەی ئینتباعی)، بەڵام من لێرەدا ڕێچکەی مامناوەندی دەگرمە بەر بۆ ئیشەکەم ئەویش دوو شێوازی جیاوازە لە ڕەخنەدا، (ڕەخنەی ئینتیباعی) و (ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوە) – النقد التفکیکی – ئەوەی پاڵی پێوەنام بۆ ئەم هەستە (دوای یەکەم خوێندنەوە) کە بینیم لە بونیادەکەیدا بەیەکا چوونێک هەیە – لەسەرجەم ڕۆمانەکەدا – لەوانەیە لەشوێنێک جۆرە بۆچوونێک دەست بدات و لەجێگایەکی دیکە بۆچوونێکی جیاواز دەست بدات.

(غەفور)ی ڕۆماننووس لەم ئیشەیدا شێوازی گێرانەوە دەگرێتە بەر کە شتێکی تازە نیە، پێشەکی وەسفێکی باڵا دەست پێ دەکات بۆ ڕاکێشانی ئیشەکە، گەرچی کەشەکەی بەدوای یەکدیدا لە ئیشەکەدا گۆڕانی بەسەردا دێت، بەڵام خەسڵەتی خۆ سەپێنەر لە کەشە گشتیەکەیدا ئەوەیە کە خوێنەر پەیوەست

دەبێ بە وێنە درووستکراوەکەی پێشەوە.

(غەفور سالح عەبدوڵا)ی ڕۆماننووس ئیشەکەی بە یەک زمان دەست پێکردوەو کۆتایی پێ هێناوە لەڕێگەی ئاخافێنەرێکەوە (متکلم) کە ڕۆڵی ڕۆمانگێڕەوە دەبینێ بۆ هەموو کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکە، بەمەش نموونەی وێنەگرێکمان پیشان دەدات کە کامیراکەی هەڵگرتوەو وێنەی کۆمەڵێک ڕووداومان بۆ دەگرێت، بەڵام لە شوێنێکی بەرزەوە، گەرچی پاڵەوانەکەی (قارەمان) زۆرجار بوونی هەیە لە گەرووی ڕۆمانگێڕەرەوەکەدا، جارێک دەستی پیا دەدا و جارێکیش لێی دووردەکەوێتەوە، لێرەدا توخمەکانی ڕۆمانەکە بەدوروو درێژی لێیان دەکۆڵنەوە یەک لەدوای یەک و هەردوو توخمی شوێن و کات دەکەینە بنەمای ئیشەکەمان. توخمەکانیش تێکەڵ بە گۆڕانکاریە دەروونی و جەستەییەکان دەکەین، کە کارەکتەرەکان تووشی دەبن، گواستنەوەو لەدایک بوونیش بەشی شوێنە، سەرەڕای ئەوەی خوێنەری ڕۆمانەکە دەبینێ کە کارەکتەری سەرەکی (پاڵەوانەکە) خەریکە ببێتە موتڵەق و یەکسەر کەسێکی دیکەی بەدوادا نایەت،

ئەوەی کەلێرەدا مەبەستمانە لێکۆڵینەویە لە رەهەندی دەروونی، پەرەسەندن، سەروسیما، سیێبەر، و دارووخانی هەردوو کارەکتەرەکە (قارەمان) و (هەتاو)، بێ ئەوەی رۆڵی کارەکتەرەکانی دیکە پشتگوێ بخەین لە وێناکردنی رواڵەتەکان و پەرەپێدانی دوو کارەکەتەرەکە، رۆماننووس بەدوای دەربازبوونێکی کاتێدا دەگەڕێت لەرێگەی کارەکتەرێکەوە لە واقیعدا بوونی ئامادەیە بە هەموو رەهەندەکانیەوە، چونکە ئەو خوازیار نیە بەسەر ژانەکاندا بفڕێ و بەخۆی نەوتوە (پاڵەوانەکە – رۆمانگێرەرەوە) کە موعجیزەیەک دەقەومێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەو لەسەر بنەمای لەواقیع مامەڵە دەکات و خەسڵەتی زۆر لە ئێش و ئازارو خەمەکانی هەڵدەگرێت، بگرە ئێش و ئازار و خەمی کەسانی دیکەش، پرۆسەکە (رووداوەکە) لەبازنەیەکی تەسکی زەمەندا دەخولێتەوە کە لەنێوان منداڵی و هەرزەکاریدایە، پاشان لاویی و پیری، چونکە هەموو (کارەکتەرەکانی ئیشەکە) تووشی ئەم چارەنووسە دەبن، کە لەراستیدا ئەمە خۆیشی حەقیقەت و رووداوە، بەڵام پاڵەوانەکە تاکۆتایی دامێنی گیری دەنگی منداڵی

خۆی و خەمە گوڵینەکانی دەبێ.

لەسەرەتادا شکست دەهێنێ کاتێ تووشی نەخۆشی و سەفەر دەبێت، دووبارە تووشی شکست دەبێ کاتێ گوند بەجێ دێڵێ و ڕووبەڕووی (مامی) دەبێتەوە، بەهێڵێکی یەکتر بڕ چەمکەکانی، بگرە مامی نکۆڵی لێ دەکات و رقی لێ دەبێتەوە، پاڵەوانی دوەمیش (هەتاو)ە لەبەرچاوی رۆمانگێرەرەوەیە، هەرچەندی بەجێی بهێڵی یان بەرەو کامێراکانی بێت بەرەو چاوەکانی، لەگەڵیدا هەناسە دەدات و چاوەکانی پێی دەنوقێنێ، ئەویش خۆشەویستیە، لەزەمەنێکدا کە برسیەتی لەسەرووی مرۆڤەوەیە، ئەمەش پاڵی نابە ڕووداوەکەوە بەرەو پۆپە، کاتێ (هەتاو) تووشی داڕووخان بوو، برسیەتی پاڵی بەهەموانەوە نا بەرەو هەڵدێری مەی خواردنەوە و بەرەڵایی و داوێن پیسی و دڵڕەقی کۆمەڵی لەبەریەکی خۆر ڕۆژهەڵات.

لەوانەیە (غەفور سالح عەبدوڵا) لەرۆمانەکەیدا پەنایەک دەدۆزێتەوە بۆ رەخنەی ئەو داب و نەریتە بکات کە پاڵ بە خەڵکیەوە بنێت کە سۆزی خیان بشارنەوە و پاڵیش بەکەسانی دیکەوە بنێ باوەڕ بەناهەقی بهێنن، بگرە ئەمەش بەگوێرەی (رای نووسەر) پاڵ بەمرۆڤەوە دەنێ بەرەو لێواری شارستانی لەرێگەی هەندێ گوتارەوە هەندێکیان دەهێنینەوە کاتێ بەدووروودرێژی باسی بابەتەکە دەکەین، سەرەڕای ترسی چوونە ژوورەوە، چوونە ژوورەوەی کوڕی هەر شارێک بۆ ناو شاری پایتەخت، نووسەر باسی ئەو ترسەمان بۆ ناکات بگرە رووداوەکە دەکاتە شتێکی سرووشتی، وەکو بڵێی کوڕی پایتەختەو لەوێ لەدایک بووە، لەوانەیە ئەمەیش بگەرێتەوە بۆ دیدی نووسەر تا رێڕەوی عاتیفەکی پێشینەی گێرانەوەکی بگێرێتەوەو رووبەرێکی نووسینی گەورەتر لە رۆمانەکەدا داگیر بکات و دوورکەوتنەوە لە حاڵەتە دووبارەبوونەوەکانی کارەکتەرە نامۆکان، بەڵام ئەو ئەوەندە وێنەی دەگرێ بۆ روونکردنەوەی جیاوازی دەروونی لەنێوان دووپێکهاتەی جیاوازدا، وەکو لەمەوبەر باسمان کرد خۆی

ئەم ئیشەی خۆی وەرگێراوە، ئەمەیش بەدواداچوونی شێوازو زمانەکەیمان زۆر بۆ ئاسان دەکات، بەوردی و بەچاوێکی پشکێنەرەوە بۆ سەرجەم رۆمانەکە، بەمەش ماندووبوون و خەمی ئیشەکەی خۆی خستۆتە ئەستۆ. ئەو تەوەرانەی لێرەدا کە بەشێوەی یەک لەدوای یەک باسی دەیکەین ئەمانەن:

**١. کات :**

- **دەلالەتە هەستیارەکانی**
- **دەلالەتە دەروونیەکانی، زەمەنی یەکەم.**
- **گۆڕینی رواڵەتی شوێنەکان، زەمەنی دووەم.**

**٢. شوێن، لەدایک بوون، شوێنەکەی، لێکەوتنەوەکان، رواڵەتە مادیەکان.**

- **گواستنەوەی گۆڕینی شوێنەکان، گۆڕانی فیسیۆلۆژی کەسەکان.**

**٣. کەسایەتی،**

- **سێبەرەکانی**
- **وێنەکێشانی سنوورە دەروونیەکان**
- **رووالەتە مادیەکان.**

جێگای سەرنجە نووسەر لێرەدا دوورکەوتۆتەوە لەکات و شوێنە خەیاڵکراوەکان، بۆیە ئێمە لەگەڵ توخمە واقیعەکان کە سێبەری دروست نەکراوو روونیان هەیە مامەڵە دەکەین.

لەمەوبەر وتمان رۆماننووس (غەفور ساڵح عەبدوڵا) زۆر لەخەیاڵ کراو (المتخیل) دوور کەوتۆتەوە لە رووی کاتەوە، هەروەها شوێنیش، چونکە ئێمە لە ماهیەتی کەسایەتیەکە (پاڵەوانەکە،یان کۆمەڵێ پاڵەوان) دەکۆڵینەوە،دەبێ خوێندنەوەیەک بۆ کەشی گشتی ئیشەکە بکەین، ناکرێ هیچ کارەکتەرێک نەش و نما بکاو پێ بگا دوور لە کەشی دەوروبەرەکەی خۆی، کەدەبێتە بۆتقەیەک بۆ توانەوەی هەست و نەستەکانی، پاشانیش دەبێتە ئاوێنەیەکی روون بۆ ئاستی دەروونی ئەو هەست و نەستانە. پێشەکی کەشەکە تاریک دەردەکەوێت وەکو لەم پەرەگرافەدا دیارە (لە چمکی باکووری شارەکەوە، گەواڵە هەوری رەش رەش و خەست، هەر گەواڵەیەک و لەوێنەی دەعبایەکی خورافی بەرجەستە بووە، ژنێکی خورافی دەعبایەکی خورافی لە ئامێز ناوەو رایدەمۆسێ، کابرایەک لەگەڵ ئاژەڵێکی خورافی مێینە

لەیەک ئالاون). سەرەتایەکی ئاوها پێشبینی چەند هەستێکی شاراوە دەکات، نیگەرانیەکی موزمین لەنێو کەشەکەدا رەنگ دەداتەوە، ئەویش چەند وێنەیەکی فرە رەگەزی کۆمەڵە هەورێکە کە بەو شێوەیە بەرجەستە نابن، جگە لە خەیاڵێکی پر لە ترسی لە نادیاریی و (مجهول)، بۆیە ناچار پەنای بردۆتە بەر وشەی (خورافی) و لەچەند شوێنێک دووبارەی دەکاتەوە، ئەمیش راماندەکێشێ بۆ دەرەنجامێکی سەرەتایی لەوانەیە ئینتیباعی بێت، گەرچیش ناتوانێ وازی لێ بهێنێ کە دەڵێ: تۆ لەوشکایش تووشی ئەم گەواڵە هەورانە دەبیت بەشێوەیەکی دیکە، ئەوەی لە زەینی رۆمانگێرەرەوە رەنگی داوەتەوە لەئاسمان، لە زەوی واقیعیش رووبەرروومان دەبنەوە (کارەکتەرەکان و پاشکۆکانیان). بەتەئکید یەکسەر ئەمیش روو دەدات دوای وێنەکێشانی هێڵە پانەکانی کەشی یەکەم کە دەڵێ: (تەنها لەبەر ئەوەی لەگەڵ دەورووبەری تێک ترنجابوون، و چەند ساڵێکە لەگەڵیدا راهاتبووی)، ئەم گواستنەوەیە لە دۆخی کەشەکە بۆ حاڵەتی دەروونی نێگەران، پەیوەست بوونیش لە نێوان ئەم دوو حاڵەتە لە بۆشاییەوە

نەهاتوە، بگرە ئەنجام و حەتمیەتی هەردوو لایەنە ناکۆکەکەی ژیانە، ئەویش بەهەشت و ئاگرە، ژیان و مەرگ، ئەگەر وای دابنێین کە موخەیەلە فریای رۆمانگێرەرەوە کەوتوە کەوێنەیەکی ترسناک وێنا بکات لە خەیاڵکراودا (المتخیل)، کەواتە خۆی لە تارماییەکە دوور خستۆتەوە کە پێچەوانەیەتی بەڵام واقیعیشە: **(مەسەلەکە هەر کڵۆڵی و دەربەدەریی و بیرەوەری گوزەرانێکی سەخت و تووش و بێ هوودەییە).**

(نازانێ بۆکوێ مل دەنێی، روو لە چ قیبلەگاو ئاپۆڕەوانیەک بکەی) (دۆزەخ؟ یان بەهەشت؟ هەرکامێکیان بێ لەمەڕ تۆ ئەوەنە بەبایەخ و بە هەمیەت نیە). لێرەدا بەهەشت، ئایا بەهەشتی خودییە، یان بەهەشتی گشتیە، کە پەیوەندە بە کۆمەڵەی خەیاڵکراوەکانەوە، لە هەردوو حاڵەتەکەدا ئەو لێیان دوورە، هیچ هیوایەکی بە کۆتاییەکی بەختەوەر نیە و واقیع بواری دەدات پێی گەش بین بێت، ئەوەی لێرەدا جێی ئاماژەیە کە (خود)ی قسەکەر بریتیە لەپاڵەوانەکە، رۆمانگێرەرەوە نیە، بگرە رۆمانگێرەرەوە لێرەدا پاڵەوانەکەیە هەروەکو نوێنەری خودە

بەم شێوەی خوارەوە:

**رۆمانگێڕەرەوە (الراوی) / خود / پاڵەوان!.**

بەمەش (غەفور سالح عەبدوڵا) خۆی لە گیروگرفتی ئاڵۆزی گێرانەوە رزگار دەکات. ئەی (ئەلیاس نەخڵە) مان بیرناکەوێتەوە کە کارەکتەرێکی رۆماننووس (عەبدولرەحمان مونیف) ە بەناوی (درەختەکان و تیرۆرکردنی مەرزوق) کە لێکچوونێکی زۆری هەیە لەنێوان دوو کارەکەتەرەکەدا، سەرەرای دوور بوونی لە دیدی هەردوو کارەکتەرەکەوە، ئەم نزیک بوونەوەیەش خەسڵەتی هاوچەرخە کە مرۆڤ بە (ئیگۆ) – الانا – قسە دەکات، ئەمیش دەردو کەسەری سەردەمەو نیگەرانیەکەیەتی، کەنزیک دەبێتە دوورو دەست نادات بۆ ئەم ئەرکە (ئیگۆ) – انا – نەبێت.

کەسایەتی پاڵەوانە سێبەرەکەی خۆی پێماندا دەدات، کاتێ دەربارەی کەسانی دیکە قسە دەکات، لەوانەیە مەبەستی (خود + کەسی دیکە) بێت یان (خود + خود) کە رێگا بەخۆی دەدات کەسانی دیکە تۆمەتبار بکات: (کەچی لەم دنیایەی تۆ بەهەزاران لەسەر شانی کڵۆڵی و دەربەدەریی تۆ خۆش دەگوررزەرێن و

مێشێک میوانداریان ناکات).

ئایا ئەمە نارەزایی نیە؟ ئەمە رێرەوی خودە کاتێ نارەزایی دەردەبڕی و نکۆڵی لەکەسانی دیکە دەکات، نەک لە رێگایەکەوە هیچی لەبەردەمدا نیە جگە لە رێڕەوەکە بەردەوام بێت سەرەرای زانینی بەهەڵەکەی خۆی، یان بڵێین هەر هیچ نەبێ هەست بکات شیاو نیە، سوور بوونەکەیش ئەنجامی دپاڵێکتی ئەوانی دیکەیە، ئەو چەکەی کە (خود) بەرگری پێ دەکات بۆ مانەوەی خۆی . ((عەشامات عەشامات لە روخساری چرچ و لۆچتدا ئەوە دەخوێننەوە، کە گشت شەوێ جەرەیەکی مەی نۆشی گیان دەکەی، تۆ ئەمەی خۆت هەرکە دەکەی، با لۆمەت بکەن و تا نووتت لێ بدەن، گەر وەهاش نەکەی، هەر پێت دەڵێن تازە فت و تەواو، هەرەسی هێناو هاژەی کرد بۆ چەم)) . ((زۆربەی چمکی مێژوویش داغمەی شەرمەزاریە بەتەوێڵی ئادەمیزادەوە))..

پاشان لایەنێکی دیکە لەلایەنی پاڵەوانەکە رەچاو دەکەین، دژی نەزانراوەکان تێ دەکۆشێ، ئەوان خورافین، بەڵام لە واقیعدا لەسەرووی خورافیەوە هەیە، چی بکات؟! هەندێ جار

پێویستی بە قسە هەیە و هەندێ جاریش بە کوشتار، بەڵام چەندین جار لە دەرەوەی جەنگەکە دەمێنێتەوە کاتێ برینەکان قوڵ دەبن ((بەدەروون کرمێ و رەشەوە بەرەو پردەکان، دوو باڵت لە خۆت پەیدا دەکرد)) . ((لەشتەکان وەرز بووی، بۆ شتی تازە دەگەڕای)) . (قارەمان) ناوێکەو (غەفور سالح عەبدوڵا) هەڵیبژاردوە، واتا (پاڵەوان)، نازانین ئایا میتۆلۆژیای تیایەو رۆمانگێرەرەوە ویستویەتی پاڵەوان بێ لەسەردەمێکدا کەبۆمانەوەی پاڵەوانەکان دەست نەدات، پاڵەوانەکە لێرەدا هەرچەندە بەورەیە بەڵام لەهەندێ جێگا نامێنێ تا واقیعیەت دووپات بکاتەوە لەو شوێنەی پاڵەوانەکان لەسەر ئاستی سەرکەوتوی خۆیان لەگەڵ خودی خۆیاندا نامێننەوە: (زۆر جار یەک دوو رۆژ لە ژوورێکی ریتناوی سارد، یان گەرم و سیخناخ یخت دەدەن..) . بەڵام چوارچێوەی واقیعیەت تاڵە، بەتاسەیی وەکو کەسانی دیکە بەتاسەوەن، کێ دڵی خۆی و جەستەی بەم جیهانە دەداتەوە، ((نەورەسێکی بەدبەخت و سیاچارەی، ساڵە های ساڵە بەتەنیایی و سەرەرۆیی، ئازانێ و زوزانێ دەکەی. ئێ

خۆ هەر هیچ نەبێ نەورەسێکی نیرینە، هاوسەرێکی نەورەسێکی مێینەی بۆ خۆی هەڵبژاردوە..))، ئەمەیش پێویستی سێکسیە بۆ ئەوی دیکە، پێداویستی روحی کە مەوداکەی شاراوە نیە لە جەستەدا، بە (هەڵبژاردن) دەریدەبڕێت، وازی لەوە هێناوە کە نیشانەی فەلسەفەکردن یان لۆژیکاندن بێ و سەربەستی بەخۆی داوە گوزارش لە کەرامەت و دەردە کەسەرەکانی بکات و لەوەشی کە بێ ترس دەیانڵێت، لەوانەیە شتێکمان وێنا کردبێت لە کەشی گشتی پاڵەوانەکە، بەبێ ئەمەیش ناتوانین لەسەر حەقیقەتەکەی بوەستین، لەنێوان کەسایەتی (قارەمان) و کەشی گشتیدا بەستنەوەیەکی موزمین هەیە، کە تا دوا وشەکانی رۆمانەکە کۆتایی نایەت، بەمەیش دەگەینە دەرەنجامێک، ئەویش ئەوەیە خەسڵەتی هەڵچوون سەرجەم رۆمانی (توانەوە) ی گرتۆتەوە، بەمەش خوێنەر پڕ دەبێ لەهەست و نەستی (پاڵەوانەکە + رۆمانگێرەرەوە+ خود)، بەو پێیەی هەمووی یەکن..

## کات

لەنێوان گرینگترین ئەوەی کە ڕۆمانەکە دەیخاتە ڕوو بەدرێژایی ڕێڕەوە مێژووییەکەی، لە قۆناغێکی پەرەسەندنەوە دەگوێزرێتەوە بۆ قۆناغێکی دیکە، شێوەی جۆراوجۆر وەردەگرێت لەپرۆسەی بینا کردن و وێناکردنی توخمەکانی دیکەی پێکهاتەکەی، سەرەڕای تەرتیب کردنی کلاسیانە بۆ چیرۆک یان ڕۆمان. (واتای تەرتیب کردن لێرەشدا سەرەتاو ناوەڕاست و چڵە پۆپەو کۆتایی دەگەیەنێ)، دەڵێن بەدرێژایی هێلی نووسینی چیرۆک یان ڕۆمان، کات یەکێکە لە گرینگترین توخمەکانی بینا کردن بەڵکو پێمان وایە هیچ توخمێک نەیتوانیوە جێگای خۆی بگرێ وەکو کات داگیری کردوە لە پێکهێنانی شێوازی دەق، کات حاڵەتێکە دەگمەنە لە توخمێکی دیکەدا هەبێ، ئەویش نەشونماکردنە، ئەم نەشونماکردنەش پۆزەتیڤ بێ یان بەرەو نێگەتیڤ ملی دەنێ، لەم دوو حاڵەتەشدا بەپیت و دەوڵەمەند دەمێنێتەوە، بگرە دینمۆی سۆزداریە بەدرێژایی ڕێڕەوی ئیشەکە لەرێگەی کرژ بوونەوەی

یان لەناو چوونی یان پێگەیشتنی و بڵاو بوونەوەی کات، (گەر راستتر بوترێت) چەند رەهەندێکی هەیە، ئەرکی ئەویش ئەوەیە ئەو جیاوازیە دەربخات لەنێوان دوو خود کە پەیوەندن بەکەسێکەوە، کە دەبینین (قارەمان) لەچەند شوێنێک باسی خۆی دەکات لەیەکتر ناچن، ئەم کارتێکردنە زەمەنیە رووتە توانیویەتی لەگەڵ هەردوو خودەکە زیاد بکات بەو گوێرەیە کاریان لێ بکات، هەروەها ئەرکی گۆڕانی رواڵەتی گشتی شوێن و سۆزە، لێرەدا سەرنجی پرۆسەی ئەو گۆڕانە دەدەین کە زەمەن دەوری تیا دەبینێ لەنێوان هەردوو پاڵەوانی رۆمانەکە (قارەمان) و (هەتاو) داو، چۆن زۆر جار شوێنی بیرەوەریەکان (زەمەن) دەکاتە حاڵەتێکی مادی، کە لەدوو قۆناغی جیاجیادا رەچاوی دەکەین . لێرەدا زەمەنێکی دیکە هەیە ئەویش زەمەنی خەیاڵکراوە (المتخیل)، ناتوانین لەرۆمانی (توانەوە) هەستی پێ بکەین، ئەم زەمەنە خەیاڵکراوەش لەخۆرایی لانەبراوە، بگرە بەقەناعەتەوە لابراوە بۆ فەنتازی کردنی زەمانیەت. (غەریبیت ئەنجامی مێژوویەکی سەخت و دڵ تەزێن و پڕ موچرکاویە)، ئەم زەمەش گشتیە،

رووخساری زەمەنێکمان بۆ وێنا دەکات زەمەن بە سەقامگیری بمێنێتەوە، بالەسەر شتێک بوەستین (کەپێی دەڵێم دیکۆمێنت کردنی حاڵەتێک) ئەمەیش لەلای خۆیەوە زەمەنێکی دیاریکراومان بۆ دەکاتە مێژوو: ((قارەمان، واتا پاڵەوان، ئازاو چاو نەترس)).

- **ئەی حەمەسوور؟**

- **واتای، موحەمەدول ئەحمەد، قرمز مەمەد، موهەمەدی سورخ، ناوی پێغەمبەرەو لای ئێمە سوور و بۆرو رەش هەڵگەڕاوە، باپیرەم لەخۆشی ناوی پێغەمبەر ناوی لێناوە.**

((لەسەر ئەوەندە قسە هەزاران تێهەڵدانت دەخوارد، کەرامەتی پشتاو پشتی مرۆڤایەتیتان دەشکان و ریسوایان دەکرد)).

ناتوانین وابزانین کە ئەم پرسیارە بۆ منداڵێکە یان مێرمنداڵێکە، بێگومان بگرە ئەم پرسیارانە رووبەرووی لاوێک دەکرێتەوە، بەمەش لەسەر بیرێکی شەکەت دەوەستین کەلەسەرەوەی قۆناغی لاوێتیە خۆی دەگێرێتەوە لەرێگەی هەلۆیستەکانەوە، بەدەرچوونی لەشارێکەوە بۆ شارێکی بەدبەختتر دەست پێدەکات((کوچەو گوزەرەکانی ئەم شارەی ئێستا کە بەزۆرە ملێ

خۆت تێدا گیر کردوە، زۆربەی بوونەتە زۆنگاو رۆنگابات)).
((ئەو رۆژەی فەرمانی گواستنەوەت لەو شارە گەرداویە پڕ ئاپۆڕاکەوە بۆ ئەم شارە دەرچوو)).

ئەم بڕیارەش سەبارەت بەکەسێک دەرناچێت کە هێشتا هەرزەکار بێت، بەمەش بەبیری قۆناغی لاوێتی قسە دەکات، ئەم دوو قۆناغەش لەسەر یەک بنەما رۆنراون، ئەویش چەوساندنەوەیە کە لە زەمەنی گەڕانەوە (فلاش باک) جێگیر بووە، ئەویش رزگار بوونە لە زەمەنی ئێستا، بەگەڕانەوە بۆ زەمەنی رابردوو کاتێ لە شارەکەدا دەسووڕێیتەوە، بەسەریدا سەپێنراوە کەتیا بمێنیتەوە، باسی زەمەنێکی جیاکاریمان بۆ دەکات لەنێوان بیرکردنەوەیی و جەستەییدا، تا دەگاتە جیاکاریەکی پەرەسەندن: (دستێکی خەواڵوو بەریشە نەرمەکەتدا دەساوی، ئەم ردێنەش نیشانەیەکی تایبەتیە).

ئەم نیشانەیە جیاوازی نێوان خودێکی دەستبەسەرکراو لەلایەن نەدیارەکانەوە لێ پرسینەوەی لێ دەکرێت کە (نووسەر) نایەوێ ناویان بهێنێ و لەنێوان بریاری گواستنەوەکەی دا، بەمەش کار دەکاتە سەر جەستەو رێرەوێکی ئاژاوە گێری دەگرێتە بەر: (لەناوەڕاستی رێگاو بانەکان باوێژکی خۆت دەدەی، چونکە لەبیرت دەچێ لە ژوورەکەت باوێژکی خەواڵووی دەمەو بەیانیان بدەی). زەمەن بەلای ئەوەوە(رۆمانگێرەرەوە + خود) گاڵتەجاریەکی رووتە درێژ دەبێت یان کورت بێت و زیانێکی گەورەی نیە و (جرتێکی بێزاری لێدەدات).

ئەم کردەوەیەش تەنها ئەنجامی چەوساندنەوەیەکی ئەفسانەییە بۆ کۆمەڵێک خودو کاردانەوەی چەوساندنەوەی تاکەکەس نییە، لێرەدا (غەفور سالح عەبدوڵا) سەرنجمان بۆ دوو حاڵەت رادەکێشێ کە هەردوکیان دژن، یەکەمیان نەخۆشی و ماندوویی کە هاوشانی (قارەمان) بوون، دووەمیشیان حاڵەتێکی ئاسایی بەڵکو لەمەیش زیاتر کاتێ:

(ئەوەندە لاسار بووی بە گوێزان کلک و گوێی هەموو توتکە سەگەکانی گوندت دەبڕی) . ئەوەندەی پێ ناچێت زەمەن دەگۆڕێت بۆ راڤە کردن و پێمان دەڵێت: (لەشەوی مەیخانەیەکی چڵکن ئۆقرە دەگری، کاتێ دەزانی بوویتەتە تاکەکەسی شەوگاری شارە لەوتاوەکان).

زەمەن شێوەیەکی زۆر تراژیدیتر وەردەگرێت و ساڵانی منداڵی دەکاتە ساڵانێکی قورس کە پریەتی لە قەلەشان و (کەچی کاتێک بەدەستی بەتاڵ وبێ ئەنجام بۆ ناو شارەکان گەڕایتەوە ریشت ماش و برنج ببوو)

لێرەدا سەفەری (رۆمانگێرەرەوە + قارەمان + پاڵەوانی یەکەم) بۆ چەند ساڵێکی رابردوو دەست پێ دەکات، هەرەسهێنانێکی پێچەوانەی هەرەمە ئەندازەیەکەیە: (پانزە ساڵ برسیەتی و پەرپوتی و دڵەکوتی و ترس و راونان بەدەم ئاسانە..!) . (ئێستا بۆ پانزە ساڵی بە فیرۆ چوو خۆت دەکروزێنیتەوە).

**(تازە مووت لێهاتبوو چیت بەخۆت کرد)**

**(تۆ گیرۆدەی زەمەنێکی ئیفلیجی)**

(بەڵام دوای ساڵانێکی دووروودرێژ بەم دۆخە چاوت بە هەتاو کەوت) . زەمەنێکە بە عەفەویەتی چەوساندنەوە دادەمەزرێت و دادەمەزرێنێ و مرۆڤ بە تێکشکاوی دەمێنێتەوە و ناتوانێ لە بارگرانی رۆژانە لەسەری خۆی رزگار بکات. (غەفور ساڵح) بیری خۆی دوور لە ئێستا دەبات، سەرباری ئەوەی زەمەنی راستەقینە لەلای ئەو (ئێستایە)، ئەم ناکۆکیە هەوەسێکی فیعلی بۆ دەهێنێ، ئەمەش هەڵچوونە لەنێوان هیوا بە شۆرشی مرۆڤ دژ بە زاڵمەکەی و گەڕانەوەی بینایی و بە شکستی و دەستەوەسانی، تەنانەت ئەگەر ئەمە وەکو شتێکی مێژوویی رووبدات، چونکە مێژوو لە مرۆڤ بەدەر نیە، بەڵکو لەوانەیە باوکێکی هەبێ تاکەکە بجولێنێ بەپێی دیدو ئارەزووەکانی، (ئەنجامیش بۆت دەرکەوت ئەم ساڵانە دووروودرێژە، قارەمان بەچ دەردێک چووە، لە روخساریدا مێژوویەکی سەختت خوێندەوە، دەردی سەری کاری خۆی لێ کردوە، وەکو بڵێی لە چرچ و لۆچی و هێڵە گێرو گەواڵەکانی ناوچەوانیدا تۆماری سەردەمێکت دەخوێندەوە) . لەوانەیە (هەتاو) پاڵەوانی دووەمی رۆمانەکە کە باسمان کرد

بەریزی تایبەتی نایەت بەواتای دووەم، چونکە ئەوەی لە رۆمانەکە روودەدات قۆرغ کرا بۆ (قارەمان). لەگەڵ ئەوەشدا زەمەن کشاوەیە لەلای (هەتاو) کە گیرۆدەی پاڵەوانیەک بووە و کردوویەتی بە خۆشەویستی خۆی و هەمان هەستی لەگەڵدا گۆریوەتەوە: (بەرەنگ هەڵبزرکاویەوە تەکانت دایە خۆت، بەزۆرەملێ خۆت ئاخنیە ناو ئاپۆڕاکەوە، بەپەلە پروزێ چاوت بۆ قارەمان دەگێرا ناهومێد بووی..) . پاشان زەمەن شۆڕیان دەکاتەوە، هەرزەکارەکە پیر دەبێ و کچەکەش گەورەدەبێ، بەتەنها خۆشەویستی بەسەرمەوی دەمێنێتەوە، ناوەڕێتەوە وەکو چۆن بینایی دەڕەوێتەوە، ئەوەتا دەسەڵاتی زەمەن لەسەر شتەکان واقیعیە: (دوو سێ جار مەچەکتی دەگوشی بەرقەوە رووتی بەرەو خۆی وەرچەرخاند. ئەو سوور بوو لەسەر ئەوەی کەتۆ هەتاوی، ئەی خۆ درۆشی نەدەکرد؟! ئەگەر ئەو ساڵە دوورو درێژانەو دەردی سەری هەموو شتێکی لەبیر بردبێتەوە کەف و کۆڵی دەروونی و خۆیی و خاڵە رەشە گەورەکەی سەر روومەتی چەتپی لەبیر نەچۆتەوە) زەمەنی (هەتاو)یش لەگەڵ

(قارەمان) پەیوەستەو بەهەمان شێواز جگە لە درێژەی نێوان زەمەنەکەو چڵە پۆپکەی نەبێ (ئەم بەیانیە بەچاوپێکەوتنی قارەمان، سەرتاپا بونتی هێنایە هەژان. مێژوویەکی سەخت و پاکیزەی وەیادت هێنایەوە، وەکو ئاوێنەیەکی تاوانبار کردن، رووبەرووت راوەستابوو دەیان وێنەی نابووتی خۆی تێدا بەدی دەکرێ).

لەپرێکا (غەفور) بەزەمەنێک کۆتایی دەهێنێ، هەڵدەکشێ وەک بڵێی لەتافی لاوێتیدایە، زەمەنێکە نیگەرانی دەوروژێنێ، ئایا دڵنیابوو تا رادەیەک بەراشکاوی باسی زەمەنێکی ترسناکی وەکو ئەمە بکات، کۆتاییەکی ئەکتیڤ. سەیر لەوەدایە پۆپە دەنووشتێتەوە و زەمەن بەبەردەوامی و کراوەیی دەمێنێتەوە، وەک بڵێی هیچ نەبووە، ئازار بووە بەخۆشی، نیگەرانی و مەیخانەکان وونبوون لەچاو تروکانێکدا دەبنە دڵنیایی و ئاسوودەیی و، دیمەنی زەمەن بەپەردەیەکی کراوەی لەسەر پشت کۆتایی پێ دەهێنێ. ئەوە زەمەنێکی دووەمە هیچ پەیوەندیەکی بەرووداوێکی تایبەتی یان زەمانێکەوە نیە، (ئەبێ تۆش سەرگورشتەی ئەو حەڤدە ساڵەی

خۆتم بۆ بگێڕیتەوە).

(هەردوو تارماییەکە بەهیوای کازیوەی دەم بەیانەوە، لەتەک یەکتر چەسپ ببوون و هەنگاویان دەنا...)

لەوانەیە مرۆڤ بایەخ دەر بێت بە لێکۆڵینەوە بەحاڵەتێک لە حاڵەتەکان، یان شارەزا بێت بە زانستێک لە زانستەکان، لە هەموو بارێکدا ئەو ملکەچی و کۆمەڵێک یاسای سروشتی و دانراوە بۆ ممارەسەکردنی وردتر و زانیاریەک لە هاوشانی زانستێکی ڕێک و پێکەوەن، ئەگەر ئەم مەسەلەیە بەسەر سەرجەم زانستی مرۆڤایەتیدا پراکتیک بکرێت، کەواتە لێکۆڵینەوە لە ئەدەبیش لەرووی ڕەخنەوە ملکەچی سنووری مەعریفی و تیۆرەکان و چەمکەکان دەبێت، وەکو هەموو زانستەکانی دیکە. ئەمەش لەلای سەرجەم توێژەوەرو خوێنەران بڵاو و زانراوە، دەمانەوێ لێرەدا پراکتیزە بکەین نەک تەنها تیۆری بۆ بکەین، ئەویش ئەوەیە کە پرۆسەی ڕەخنە کردن پێویست ناکان پاپەندی هەموو زانستەکانی ڕەخنەو زاراوەو ئامرازەکانی بێت، بەڵکو پرۆسەکە زۆرجار ملکەچی ممارەسەیەکی زاتی دەبێ

(بەمەرجێک پرۆسەکە وشیارو بابەتیانە بێت)، پەرە دەسێنێ و گەشە دەکات لەگەڵ سرووشتی هەر دەقێک بکەوێتە ژێر رکێفی لێکۆڵینەوەی رەخنەییەوە، رەخنەگرو لێکۆڵەوەر مافی خۆیەتی حەقی دەرهێنانی بەخۆی بدات بۆ مشتێک نەناسراو بێت، بەمەش پرۆسەی رەخنە تامی دارشتنەوەیەکی نوێی دەبێ بۆ دەقەکە، یان دەستبەکار بوون بۆ دانانی چاوێکی وردبین لەنێوان دێرەکانی دەقەکەدا، بەمەش خوێنەر دوو چێژی دەست دەکەوێت، یەکەمیان دەقە ئەسڵیەکە، دووەمیش لێکۆڵینەوە رەخنەکەیە کە دەبێتە پێگەیەکی بەپیت بۆ دواندنی دوانەیی لەنێوان دەقە بەرهەم هاتوەکەو دەقە رەخنەییەکەدا، بەمەش لێکۆڵینەوەیەکمان دێتە بەردەم کە بەڵێنمان دا لە ئەلقەی پێشوودا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین، ئەویش (شوێن)ە و کەسایەتی رۆمانی (توانەوە) ی چیرۆکنووس غەفور سالح عەبدوڵایە، وەکو تەواوکەرێک بۆ ئەوە لەمەوبەر پێشکەشمان کرد، ئەمەوێ لێرەدا سەرنجی خوێنەر رابکێشم و داوای لێ بووردنی لێ دەکەم ئەگەر هەڵەمان کرد ئەویش ئەوەیە لەشوێن دەکۆڵینەوە

بەشێوەیەک جیاوازە لەوەی کەسانی دیکە ئەنجامیان داوە بۆ لێکۆڵینەوەی دەقێکێکی چیرۆک، واتا ئێمە شوێن دەردەخەین هەر لە کۆتاییەوە تا دەگاتە پێشەکی، لەوانەشە پاکانەم بۆ ئەوە بێت ئاستێکی پێچەوانە پێشکەش بکەم بۆ ئەو دیدە باوە کە دەست نیشانی شوێن دەکات و دەیدۆزێتەوە، بگرە هەوڵێکە بۆ دۆزینەوە، ئەگەر بتوانین بگەینە چێژێکی دیکە و بەرگری کردنی دەسەڵاتی دەقی ئەسڵی لێکۆڵراو. کاتێ لەسەر زاراوەی (شوێن) دەوەستین، دەبێ درک بەوە بکەین کە لەفزی (ش و ێ ن) لە ماهیەتی خۆیدا بوونی مادی واقیع تێ دەپەڕێنێ، زۆر جار ئێمە هەست دەکەین (ش و ێ ن) بوونێکی زاراوەییە هیچ پەیوەندیەکی بە واقیعی مادەوە نیە، بۆیە ئەم زاراوەیە ئاماژە بە دوو شوێن دەدات، یەکەمیان بوونی مادی وەکو (ماڵ، شەقام، شار) ئەوەی دیکە هەست پێ نەکراوە وەکو ئەوەی: (بەچاکی خاک و خۆڵەکەی سەر گۆڕەکەم بەپێ لەقە پەستانەوە)، (ئەو شەوانەی باران دەبارێ). بەم پێیەش لەگەڵ رۆمانی (توانەوە) دا ئەم سەفەرەمان دەبێ بەرەو رەهەندەکانی شوێن (غەفور)

بۆ شوێنە جوان ئاساییەکەی دەمانبات کە زۆر جار ناخی دڵی داگیر دەکات، ئەویش ئەو پانتاییانەی تێکەڵ بە بۆنی گوندەکان، بۆ بەلێرەدا ئەمە دەخوێنینەوە:

(- دوای ئەوەی لەو گوندەی بڕیارمان داوە، لێی بگیرسێینەوە، ئەو شەوانەی باران دەبارێ و، خرمە خرم لەسەربانی خانوەکەمان هەڵدەستێنێ و تینی گەرما لەو رۆژە سەرمایانە لەیەکمان دەئاڵێنێ)

ئەم دەرکەوتنە لە کۆتایی دەقی چیرۆکەکەدا بەرچاومان دەکەوێت، شوێنێکی خەیاڵکراوە (المتخیل) سەرەرای واقیعیەت بوونی، ئەوە خەونێکە رووبەرووی تاک دەبێتەوە، کاتێ هەوڵ بدات زەینی لەحاڵەتی سەقامگیری بێت و دەستبەرداری شەقام بێت: (کێڵگەیەکی یەک دوو گاوەخان بەنیوە تۆ پەیدا دەیکەین، یەک دوو ژوورێکی قوڕو خشت، وەکو کۆشکەکانی شار درووست دەکەین، باخچەیەکی بچوکیش هەموو درەختێکی بەری و بێ بەری تێدا ئەروخێنین).

ئەمەی قسەی (قارەمان)ە لەسەر زمانی رۆمانگێڕەرەوە، واتا دەنگی (غەفور سالح عەبدوڵا)یە، رووناکی سەوز هەڵدەکات بۆ سەرەتا لەوانەیە تازە بێت، کاتێ مومارەسەی گەڕانەوە دەکەین، گەڕانەوە بەرەو رووی بینراوی راشکاو لەودیو شیش بەنەکانی (قارەمان) کە هەمیشە شانی داداوەتەوە سەر مەمکەکانی خۆشەویستە بەجوگرافیا سەربڕاوەکەی، جوگرافیای رۆژ هەڵات، دەبینین، (هەتاو چەند مەترێک لە دووری توورەکە چڵ و چێوە و ئێسقانەکە، بەدوو چاوی ئاژەڵێکی ترسناک هەڵتووتاوە).

هیچمان نییە تەنها ئەوەیە لە شوێنەکە روودەدا، دەبینین بە وێنەیەکی هەردوو سروشتەوە پێکەوە گونجاوەکە لەلای (غەفور سالح عەبدوڵا)، کە کلۆڵی و جوگرافیای (رۆژهەڵاتە)، لێرەدا رایدەگەیەنێ: (بلیۆنەها مرۆڤی دڵتەنگ و کۆس کەوتوو، لە ئاسمانڕا زوورە زووری گریانیان بوو). ئەوەی لەپێشەکی باسمان کرد لەبارەی بوونی شوێنێکی دیکە، جگە لە شوێنی مادی کە کاتێ (هەتاو) قسە دەکات دەردەکەوێت: (ئەم بەیانیە بەچاوپێکەوتنی قارەمان، سەرتاپا بونتی هێنایە هەژان،

مێژوویەکی سەخت و پاکیزی وەیادت هێنایەوە).

بەمەش شوێن دەبێتە جەستەو جەستەش مادامێکی دەبێتە هەوارێک کە شوێنەکان تێدا تەراتێن دەکەن، ڕووداوەکان تێدا یەک لەدوای یەک دێن. (هەتاو) قۆڵی خۆی لێ هەڵدەماڵێ بۆ باوەزوو لەکەسانی دیکە دوور دەکەوێتەوە، ئەوە خوێن بەربوونە، کۆچێکی لینجە: (ئەنجام باروبنەت پێچایەوە بەناچاری شوێن مێردەکەت کەوتی و لەکوێرە گوندێک گیرسایتەوە). بەڵام لەپێشەوەی هەرەمەکەی شوێنەکەیە، (هەتاو) خۆی دەکاتە هاوبەشێکی شوێنی کە کردە درامیاکەی لەلای قورستر دەبێ، دواجاریش نیمچە ماهیەتێکمان بۆ دەخولقێنێ، یان حیبکەیەکی یەدەگ کە پاڵپشتی کردە درامیەکەی سەرجەم ئیشەکە دەکات، (شاناز هەمیشە بنی ماڵەوەی لێت گرتوە، تەنها لە ژێرەوە بەدوو چاوی وەکو دوو چاوی هەڵۆ نیگا پڕ واتاکانی هەڵدەرێژێتە سەرت).

(شاناز) کچە کەم ئەندامەکەی (هەتاو) کەبۆتە بارێکی قورس بەسەر ژیانەوە تەنها بەمەرگ سووک دەبێت، کاتێ بۆ دواوە دەگەڕێیتەوە دەبینی پەیژەکە زیاتر دەکشێ لەنێوان شارو گوندا، یان لەنێوان ئامێزی دوو ئازاردا، (ئەو ساڵەی تۆ لەناوەندی بووی (قارەمان) لە پشووی هاوین گەڕابۆوە بۆ گوندەکەی خۆیان).

(رۆڵەکانم مەترسن، هیچ نیە، خۆتان شپرزە مەکەن، ئەڵێن قوتابیەکانی شۆیجەی کوڕان و خەڵکی گەڕەکەکە لەبەردەم قوتابخانەکە ڕێگایان لە ئۆتۆمبێلەکانی میری گرتوەو، دژی رژێم راپەریون).

(قارەمانیش لەرووداوەکەی ئەو رۆژەی قوتابخانەی شۆریجە کوڕان بەرپلیان کەوتبوو، دوو سێ رۆژ لە پۆلیسخانەکەی پیریادی، لەگەڵ چەند قوتابیەکی تر توندیان کردن دواجاریش بەرەڵا بوون).

شوێنەکان بەدوای یەکدا دێن (بۆ دواوە وەکو لەمەو بەر باسمان کرد ) . دەبینین سەربووردەی شوێن سەربوردەی خودی کەسایەتیەو بەمەش وازمان لە ئانای بێ دەنگ هێنا بۆ (ئانا) ی وێنا کراو بەهەرسێ رەهەندەکانیەوە، (قارەمان) کێیە؟ کاتێ دەبێتە تەوەری گفتوگۆی یەکێک لە رۆژهەڵاتیەکان!؟ خزمەکانی خۆیەتی!؟ (لادێیە، حەزی لێناکەم، دەیەوێ بچێتە قوتابخانە)، ئەمەیش رێرەوی سنورداریە کاتێ دەبێتە پێوەر بۆ لادێ بوونی یان شارەکی بوونی، جوگرافیاکان پێوەر پێک دەهێنن، بەڵێ کلتورەکەمان جیاوازن، بەڵام کێ بەراستگۆیی حوکم دەدات؟ چ سەرچاوەیەک پێگەیشتووترە؟ (هەتاو)یش بەختی باشتر نەبوو: (لەشەوێکی درەنگدا(شاناز)ت گرتە کۆڵەوە و رێگای شارت گرت و کەوتیتە هاوشانی کاروانەکان).

دەبێ (قارەمان) رێگایەکی گرتبێتەبەر بەرەو هەزارلۆغانە هەمە جۆرەکان، ئەگەر (قارەمان) بەپەنجەیەکی تاوانکاری وێنای رێگای گرتبێ، کەواتە (هەتاو) یش پڕە لە غەدرو سەرشۆڕی لەکۆمەڵگەیەکدا کەبەزەیی بەژندا نایەتەوە، هەرچەند بگەڕێینەوە

سەرەتا دەبینین جوگرافیاکە ئاسان و جگە درەختەکان و ماڵەکان و منداڵەکان نازانن کە شارەکان چیان تێدایە، لەوانەیە ئەوانیش خەونیان بە سەفەر کردنەوە بینیبێت، وەکو هەمووان ئەو خەون دەبینن، بەڵام زۆرجار خەڵکی دەگەڕێنەوە دوای ئەوەی دڵنیا دەبن کە ساڵەکان لەدەست چوون، ئەگەر جێگیر بوونایەو بمابانایەوە زۆر زەرەمەند نابوون، وەکو لە غەرەیبیدا زەرەرمەند بوون، لێرەدا (غەفور سالح عەبدوڵا) ی رۆماننووس لە رۆمانی (توانەوە) دا ئەوەمان بۆ باس دەکات کە بۆچی هاتوە بۆ شار، ئەو پانابیەی کەنازانێت چۆن تێدا تواوەتەوە، جگە لەرێگەی مەرگەساتێکی دراماتیکیەوە نەبێت، دەتوانی هێلێکی ئاسۆیی بۆ دروست بکەیت، دەمێک دەچەمێتەوە و دەگەڕێتەوەو جارێکی دیکە بەردەوام دەبێت و لەسەر زەویەکی لینج پاڵکەوتوەو پشتی ئاوارەییەو مانەوەشی هیوایە، ئەمەیە (قارەمان) ی ئاوارە لەنێوانی زیاتر لەجێگایەک و شارێکدا و بۆتلەکەی بەرز کردۆتەوە کە زۆرجار تووشی دەردی سەری کردوە، ژووری خانەکانیش پڕیەتی لە ئەسپێ و مۆرانە کە بوونەتە برادەرێکی ئاشناو بێزی

لێیان نایەتەوە، بەپێچەوانەوە تەماشا دەکەین حەزی بەچارەی خەڵکی نیەو لێیان وەرزە کە چاوی پێیان دەکەوێت، کەچی (هەتاو) ئەو کیژەی کەماوەی نیو سەدەیەک هەوڵی داوە لە ژیانە پڕ لە کلۆڵیەکەی رزگاری بێت و لەزۆر هەڵوێستدا خۆی دەبینێتەوە، ناتوانین هیچ بڵێین جگە بڵێین کە ژنانی رۆژهەڵات تاقی کراوەن، داروخان، داروخانی جەستەیە، گەورەترین گوناهی رۆژهەڵاتەو پتر دارزێنەری ژنانە، (غەفور) لێرەدا دەرسێک دەدات بۆ مامەڵە کردن لەگەڵیدا، ئەو لێی خۆش دەبێ و دەبورێ و لەمەسەلەکان تێ دەگات، بەپێچەوانەی تێگەیشتنی کۆمەڵگەوە، بۆیە ئەو زۆر حەقیەتی کەلەزۆر شوێندا خراپەکاریەکانی رۆژهەڵات بەدبەختی و زوڵمەکانی دەخاتە روو، کە سواری کۆڵی تەنها چەوساوەکان بوون، هەموو تاکێک لە کۆمەڵدا رەهەندی دەروونی خۆی هەیە، لەگەڵ ئەویتر پراکتیزە ناکرێت، ئەمەش بەسەر دەقی (رۆمان، چیرۆک، دەقی کراوە، شانۆدا) دەسەپێت، هەر کەسایەتیەک بۆی هەیە بەکەسایەتیەکی دیکە بچێت، ئەگەر هێڵە گشتیەکانی هەردوو کەسایەتیەکەش

یەکبگرنەوە، (هەتاو)ی سەرسەخت، سەرەرای داروخانی، بەوەفا دەمێنێتەوە بۆ رۆژهەڵاتی موحافیزکار، کاتێ بەرگری لە کچە کەمئەندامەکەی (شاناز) دەکات، ئەمەش ئەلتەرناتیڤە بۆ ئەوەی کە نەیتوانی بیپارێزێت، ئەمە چ کۆمەڵگەیەکە کە بۆ کیژێک لەبۆسەدایە کەلەبەردەمیدا بەبێ جووڵە شۆربۆتەوە!! (قارەمان) پاڵەوانێکە لە زەمەنی دەسەڵاتێکی شکست خواردودا، لەگەڵ خەڵک و شەقام و هەروەها خۆشەویستەکەیدا، کەس بڕوای نەبوو کە بەسەرکەوتوویی دەکشێتەوە بەڵام دەبوایە ئەم سەرکەوتنەی بەوازهێنان و سەرسپیەتی بدایەتەوە، بەڵام ئەوەی خۆشەویستی بکات گوێ نادات و لێبوردن دەکاتە پایەی پێغەمبەرایەتی.

ئەوەتا (غەفور سالح عەبدوڵا) قارەمان بەرێوەیەو بەخۆی دڵخۆشە، کەس ئاوڕی لێ ناداتەوە کاتێ خەون دەبینێ و دەگرێ و بەرەڵای دەکات، کەئەمش لەدایک بوونە. خوێندنەوەی رەخنەیی رۆمانی (توانەوە)ی چیرۆک نووس (غەفور سالح عەبدوڵا) تەواو بوو، هیوامان وایە شتێکمان پێشکەش کردبێت...

- موسا محەمەد: نووسەرو هونەرمەندو شێوەکارێکی عەرەبی بەغدایە.
- ئەم نووسینە لەژمارەکانی: (٣٣٩و٣٤٠و٣٤١)ی رۆژنامەی (الاتحاد) ساڵی ١٩٩٩ دا بڵاو بۆتەوە..

*****

# بەشی یەکەم

-١-

لە چەمکی باکوری شارەکەوە، گەواڵە هەوری رەش رەش و خەست، هەر گەواڵەیەک و لەوێنەی دەعبایەکی خورافی بەرجەستە بوە، هەندێکی لە شێوەی شێرێکی پیر دەمیان بۆ نێچیرێکی لە خۆیان زەبەلاحتر داپچڕاندوە، یان ژنێکی خورافی، دەعبایەکی خورافی لە ئامێز ناوەو رایدەموسێ، سەگێکی خورافی لەگەڵ حوشترێکدا گەمە دەکەن، کابرایەک لەگەڵ ئاژەڵێکی خورافی مێینە لەیەک ئاڵاون، کۆترێکی خورافی بە

ڕووداوەکانی دەوربەری خۆی پێدەکەنی، پاشان هەموو ئەم وێنانە بەتەوژمی بایەکە تەخشان و پەخشان دەبنەوەو چەند وێنەیەکی دیکە درووست دەکەن، سنگ لەیەکدی توند دەکەن و بەیەکادێن، هەڵپەیانە، وەک و بڵێی سەفەرێکی پڕ مەترسی و دووریان لە بەرە، لە چمکی لای باشووریشەوە گەواڵە سپییە تەنکەکان کەوتوونەتە بەر لمۆزی شنە بایەکی سست و تەمەڵ، بەچوار دەورەدا، لەسەر خۆ دڕیان پێ دەدات.

گڕۆڵە تیشکە زەبەلاحەکەی ڕۆژگار، ڕمێک لەدەم کەلەکانەوە لەنێوان گەواڵە هەورە ڕەشەکاندا وەک و دزێکی تێوروژاو سەر دەردێنێ. دەیەوێ بەدزیشەوە بێ دەسەڵاتی خۆی بەسەر گۆی زەویدا بسەپێنێ، بەڵام گەواڵە هەورەکان دەبنە چارۆگەی ماڵە هەژارێک و ڕێگا لە تێروانینی گزنگەکان دەگرن..

کۆچەو گوزەرەکانی ئەم شارە کە ئێستا بەزۆرە ملێ خۆت تێدا گیرکردوە، زۆربەی بوونەتە زۆنگاو زۆنکابات، لە زۆر شوێندا پێویستت بە گەمیەک دەبێت، تا بۆ ئەو بەریان پێی بپەڕیتەوە.. ئەو ڕۆژەی فەرمانی گواستنەوەت لەو شارەی خوارووی عێراق

و پڕ ئاپۆڕاکەوە بۆ ئەم شارە دەرچوو، زۆر دڵتەنگ بووی، تەنها لە بەر ئەوەی لەگەڵ دەربەدەری تێک ترنجا بوون، چەند ساڵێک بوو لەگەڵیدا راهاتبوی، لەوێرا دەیان بیرەوەری تاڵ و تفت و سوێرو شرینیت پاشەکەوت کردبوو، وەک و سامانێکی شیرین دڵت نەدەهات بەجێیان بێڵی. ئەوەندە وزەت نەمابوو، سەردەمێکی تریش ببیتە جانتاو هەگبەی بیرەوەری، ئەوەتا لێرەش هیچت نەگۆڕی، مەسەلە هەر کلۆڵی و دەربەدەری و بیرەوەری گوزەرانێکی سەخت و تووش و بێهودەییە.

ئیتر هەر کە گەیشتیە ئەودیوی زۆنگاوەکانیش نازانی بۆکوێ برۆی و مل دەنێی، ڕوو لە چ ئاستێک و ئاپۆڕاوانیەک بکەی، دۆزەخ؟ یان بەهەشت؟ هەر کامێکیان بێ لەمەڕ تۆ ئەوەندە بەبایەخ و بەهەمیەت نییە، ئەوەی دۆزەخە تامیت چەشتوە وەکو دەنکە نۆک تێدا پڕوکاوی، بەهەشتیش پەی پێ نابەیت کە رەنگ و بۆی چۆنەو، لەچ ئان و سات و زەویەک بناغەی لێ دراوە.

کەچی لەم دنیایە تۆدا بەهەزاران لەسەر شانی کلۆڵی و دەربەدەری تۆدا خۆش دەگوزەرێن و مێشێک نابێتە میوانیان.

پێت دەڵێن شاعیرەو بەشاعیریش ناچیٚ، عەشامات عەشامات لە روخساری چرچ و لۆچت دا ئەوە دەخوێننەوە کە گشت شەویٚ جەرەیەکی مەی نۆشی گیان دەکەی، تۆ ئەمەی خۆت هەر دەکەی، با لۆمەت بکەن و تانووتت لیٚ بدەن. گەر وەهاش نەکەی، هەر پێت دەڵێن تازە فت و تەواو، هەرەسی هێناو هاژەی کرد بۆ چەم، رابردوو هیچ ناگەیەنیٚ. رابڕدوو بۆتە هەزاران دوعاو قەزمە نوشتەی سەرشانی پیاو و ژنە شێتەکان، دەیانەویٚ سەر لەنویٚ لە دایک ببێتەوەو خۆشیان لە بەرزەکی بانان هەڵنیشن. ئەمەش ئێستا بۆت مەحاڵەو سەنگی مەحەکیش نییە، زۆرت رۆیشتوەو کەمت ماوە. ئەگەر وەهاش بیٚ ئەوا مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە. تۆش لەوە رقت دەبێتەوە. زۆربەی چمکی مێژوویش داغمەی شەرمەزاریە بۆ تەوێڵی ئادەمیزادەوە. نیرۆن، بەناوی بەرگری لە رەش و رووتەکانی شاری رۆماو داوێن پیسی دایکیەوە، ئەو شارە نازدارەی کردە قەرەبرووت «سپارتاکوسی»یش بوە گڵکۆیەکی سەرنگوون کراو. سمێڵ چوارگۆشەییەکە – هیتلەر – بە قسەکانی – نیچە هەڵخەڵەتاو،

سێ چارەکی گۆی زەوی کاوڵ کرد.

خۆت دەزانی چیت و بەخراپە لێت تێدەگەن. تەنانەت ئەو پیرێژنەش کە لەو گەلەخانەدا دراوسێی ژوورەکەتە، گفت و لفت و قسەو باسەکانی بۆنی شەواڵ پلیتی و بێ دەرپێی لێ دێت، کەچی بەهەوەسبازیشەوە، پێت دەڵێن «مەی نۆشین» زینایە، و ..!

ژوورەکەت، ژوورێکی ئەفسانەییە، لە قوڕو خشتی سەرجەم خورافاتەکانی ڕۆژهەڵات درووست کراوە. شانۆی شایلۆغانی مشک و مۆرانەی هەمە چیزەیە.

ئەو سەردەمەی کە ئەو شارە گەرداویەی خوارووی عێراقت بۆخۆت هەڵبژارد بوو، وەکو دوورخراوەیەک، شەش حەوت ساڵی تەمەنت تێدا زیندە بەچاڵ کرد، هەزاران یادگاری شیرین و تاڵی کردە خەڵاتی سەرمایەی گوزەرانی بەزگماک کوێرەوەریت.

ئەو سەروەختە چاکت دەکرد، بەتەواوەتی لە خەڵکی دادەبڕای، لە ژوورەکەشت وەرزبوویتایە بۆی دەردەچووی، بەرەو دەرەوە تێت دەتەقاند خۆت دەدایە دەم وزەی ماسولکە هەمیشە ماندوەکانی پێیەکانتەوە. بەدەروون کرمێی ڕەشەوە بەرەو

پردەکان، دوو باڵت لە خۆت پەیدا دەکرد، وەکو کەسێک لە چارەنوسێکی ترسناک خۆی راپسکێنێ و کەللەیی بێ، هەرکە خەڵکیش بەتەنیشتەوە تێپەڕدەبوون، پەنجەکانت دەبوونە پەمووی گوێیەکانت و دەتئاخنین، تا بە چەڵتە چەڵتەکانیان گوێت نەزرنگێتەوەو دڵت داخورپێ و ببێتە هۆی رەق و تووڕەییت، تازە وەکو جاران بە چەڵتە چەڵتەکانیان هەڵناخلێتێی و ئاڵودەی سەرسوڕمانت ناکەن. تۆ لەم دۆخە رەهابووی، چەرمەسەری دڵتەزێنتر بوونە جێی تاس بردنەوەو حەپەسانت. ئەمێستاش خۆت بویتەتە مایەی حەپەسان و سەرسوڕمانی خەڵکی، لەناو توونی دنیایەکی سەرسوڕمان و شاگەشکە بوودا پەڕوباڵت دەرکردوەو قاڵ بووی، چ شتێ ناکەنە سەر باری ئەو هەموو چەڵتە کەلەکە کردوەی، هەر لە سەرەتای مرۆڤی نیاندەرتاڵەوە لێی دەدەن.

بەو رەفتارو عادەتە راهاتبوی، هەموو رۆژێکی ئەو سەروەختە دەچوویتە سەر یەکێک لە پردەکان و لەناخەوە بە مزەمز، گۆرانیەکی دڵتەزێنی هەمیشەیی مرۆڤ دەچڕی، لە

شتەکان وەرزببووی، بۆ شتی تازە دەگەڕای. سەراپا زیدەو وڵاتانت تەی کردبوو، چ بەراست یاخود بەخەیاڵ و داڵغە، چەند ساڵێک باژێڕ بە باژێڕو گوند بە گوند بەپیادەو سوارە، هەمووت تاکانبوونەوە، تەیت کردبوون، ئەمانە بەلاتەوە کارێکی ئاسایی بوون، چ ئۆخژن و فەرامۆشیەکیان وە هەناوت نەخستبوو، هەردەم باڵندەیەکی نەسرەوت و تۆتکە نەگرتبوو بووی، بێ ووچان و نوچدان، ئاسمانی ئەو زەوی و خاک و خۆڵانەت دەبڕی و بەجوتە چاوێکی سوور هەڵگەراو کەم نووستووەوە، لێیان وورد دەبوویتەوە کە چەند زەویەکی داستاناوی دەهاتنە بەرچاو، کۆمەڵێ ترس و دڵەڕاوکێیان دەکردە دیاری دەستت.

ئێستاش پەناهەندەیت و پەناهەندەش نیت. لە زێدەی خۆتدا ئۆقرە نەگرتووی، تا وای لێدێت لەناوەی خۆشت تۆتکە ناگری. ئۆقرەو ئارامیت پەرەسێلکەیەکی کۆچەری خانە خراپە، بەباڵە فرەو بێ قەراری هەڵمەت بۆ هەموو جێگا و ئاوەدانیەک دەبەی. ناخت داڵدەیەکەو ناتگرێتە خۆی. وەک و شاعیرێکی سەر لێشێواو دەڕوانیتە شتەکان، غەریبت ئەنجامی مێژوویەکی سەخت و

دڵتەزێن و پڕ موچڕکاویە. لەوەتەی چاوت هەڵهێناوە، مێژووت ئاوارەیی و سەرگەردانی و کۆس کەوتوویيە، لە شەرمەزاریدا دەست بەڕووی خۆتەوە دەگری. ئەگەر خۆت ئاوها نەبووبی لەچاو دەروونی کەیلی کەسانی دیکە ئەوانەی دەتناسن و ناتناسن ئەوەت دەخوێندەوە.

بەباش زانرا، یاخود بەباشت زانی ماوەی شەش حەوت ساڵ، بەو جۆرە لەو شارە گەرداویە وەک و فەرمانبەرێکی بچووک و بێ هەمیەت تووڕ هەڵبدرێیت و ببیتە مامە خەمە. رۆژان و شەوانت بە دەزووی بێ کەسی و بێ هاودەمی بدەیتە دەم یەکەوە .

بەدڵ گوشراوی خۆت دەگەیاندە سەر یەکێک لە پردەکان، بەسەر چەپەرە ئاسنینەکانیەوە خۆت شۆڕ دەکردەوە لەناو قەدەوەو، لەگەڵ ئەو سروشتە هەناسەیەکی لەوتاوتان دەدا، ئاوەکەی رووباری دیجلەش، لەسەرخۆو سەبرۆکە بەژێر پردەکانەوە هاژەی دەهات. هەروەکو ناڵەی ملیۆنەها مرۆڤی لەگەڵ خۆیدا راپێچ دابوو، بۆیە هەر کە بەرستوونە کۆنکرێتیەکان

دەکەوێ، دەنگیان دەدایەوەو هەزاران قیژەو ناڵە و ئاخ و ئۆفی ئەشکەنجەو ژان دەهاتە گوێت. بەهاوین هەندێ ئاوەکەی روونە، بەڵام هەر کە زستان بەردەرگای گرت، ئیدی دیجلەش لیڵ دەبێ و بەکزی و ماتی بەرەو ئەوپەڕی دنیا، ئاوەکان سەری خۆیان هەڵدەگرن، کە بەزستان ئاوەکەی لیڵ دەبوو و رووی دەمت تێدەکردو، ئەم دێرە شعرەت پێوە هەڵبەستبوو:-

دیجلە تۆش وەکو من لیڵی

تۆش لەوتاوی خاک و خۆڵی

تۆ سەری رق و تورەییت هەڵدەگری،

خۆ رق و توڕەییم رووبار نییە، سەری خۆی هەڵگرێ.

کە بەو شێوەیە ئاوەکەیت بەرچاو دەکەوت، کسپەیەک، ناڵەیەک، قاژەیەک لە هەناوتەوە دەیشریخاند، لە دیەکانت شریخەکە دەبوە چەند دڵۆپە فرمێسکێک. دەتزانی سەرچاوەی ئەم ئاوە لەکوێوە هەڵدەقوڵێ و ملیۆنەها دەردو کەسەرو کڵۆڵی خەڵکەکەی لەگەڵ خۆیدا لولداوەو، بۆ زەریاو ئۆقیانووسەکانی دنیاو بەرەو خواری دەکاتەوە. دەشێ ئاوی رووباری گوندەکەی ئێوەش

تێکەڵ بووبێ، بۆ ئەوە دەچووی فڕکای فڕکای و هەناسەو خەم و دەست لەملانێی، هەزاران لە ماسیە وردەکانی ژێر ئاشەکەی پایین گوندەکەتان تێکەڵ بە شەپۆڵەکانی بوبێ، بەسەرکزیەوە ماڵ ئاواییت لێ دەکەن و بەتەنیشتەوە لێژ دەبنەوە. بە مزەمز لەناخەوە گۆرانیە دڵتەزێنەکەی مرۆڤت دەچڕی، چاوت دەبڕیە نەورەسەکان کە بەباڵە فڕەو «قیغە قیغە»، خۆیان دەدایە دەم شەپۆڵە پڕ سۆزەکانی ئاوەکەوە. بەدەنوکە سوورە خنجەکانیان دەکەوتنە راوکردنی ماسیە وردەکانی سەر رووی تەنکایی ئاوەکە، یان گەمەیان لەگەڵ دەکردن، دیار بوو ماسیە وردەکانیش وەکو گەمەیان لەگەڵ دا بکەن، لە ژێرەوە قەپاڵی وردیان لە پێیە رەق و تەقەکانی نەورەسەکان دەگرت، پرتاو هەندێکیان دادەپەرین و دەکەوتنە باڵە فڕە بەسەر ئاوەکەوە، ختوکەیەکت پێدا دەهات، کە منداڵ بووی لەگۆمە ئاوەکەی پایین رەزەکانی گوندەکەتان مەلەت دەکرد، ماسیە وردەکان دەتوت دڵیان گاڵتەو گەپی دەویست، قەپاڵی نەرمیان لە چەند جێگایەکی جەستەوەتەوە دەگرت، تۆش ختوکەت دەهاتێ، لە

پرێکا خۆت لە ئاوەکە بەترسەوە دەردەپەڕاند، دەچووی لەسەر تاشە بەردێک بە دڵە کوتێ هەڵدەکورمای، چاوت دەبڕیە ئاوەکە، سکە زیونیەکەی ماسیەکان لەگەڵ خۆرەکە دەبریسکایەوە، ئینجا ئاهێکت پێدا دەهاتەوە.

لە رووبارەکە نەورەسێک لە نەورەسێکی دیکە نەدەکەوت، دەتوت سیستەمێکە بۆخۆیان سازیان داوە سیستەمێکە غەریزەی پێویستی و ترسی لەناوچوون درووستی کردوە. نەک عەقڵ و نەخشەی ئادەمیزاد، بەدەگمەن نەورەسێک لەسەر سک تێرکردن، پەلاماری نەورەسێکی دیکە دەدا، نەک وەکو مرۆڤی ئەم سەردەمە سۆزانیە، لەبری جنێوێک مرۆڤێک لە خوێن دەگەوزێ، چەندان شەڕو ئاژاوەی ناوخۆیی بەرپا دەبن، چەندان ئاگری جەنگی نێوان دەوڵەتان خۆش دەکات، بەم حاڵەشەوە بەتەمای پاراستنی بوونی مرۆڤایەتی خۆیانن و بانگەوازی پەیتا پەیتای ئاشتی خوازی هەڵدەدەن.

بیرت لەوە دەکردەوە نەورەس باڵندەیەکی هەمیشە ماندوە، بۆ سک تێرکردن لەچوار وەرزی ساڵدا گەرمیان و کوێستان

دەکات، بەواتایەکی دیکە رۆژهەلات و رۆژ ئاوای ئەم گەردوونە دەکات، بەدوای پارووی گوزەرانێکی بێهوودەوە، چەند صەد فەرسەخ ئاسمانەکان تەی دەکات.

نەورەسێکی بەدبەخت و سیاچارەی، ساڵەهای ساڵە بەتەنیایی و سەرەرۆیی، ئارانێ و زۆزانێ دەکەی. ئێ خۆ هەر هیچ نەبێ نەورەسێکی نێرینە، هاوسەرێکی نەورەسی مێینەی بۆخۆی هەڵبژاردوە، هەرکە شەوی تاریک دادێ بەتەنیشت یەکەوە هەڵدەکورمێن. دەمدەنێن بەلای هەناسەی یەکترەوە و ماندوویان دەحەسێتەوە و خەم و پەژارەی رۆژی دوایی لەبیر دەبەنەوە.

لەم بارەیەوە بەراستی نەورەس پەلەوەرێکی بەختەوەرە. کەسێک رێگای سنور بڕینی لێ ناگرێ، بێ پاسەپۆرت هەموو سنوورەکان قەف قەف دەقرتێنێ. تۆش ئەگەر لەشارێکەوە بۆ کاولە شارێکی دیکە، هەگبەی سەفەرت خستە سەر شانت، چەندان جار رێگات لێ دەگرن، وەکو کەلوپەلی بێ گومرگ بەو شێوەیە گومرگت دەکەن، پرسی ناسنامەو جزدانت لێ دەکەن،

زۆر جار یەک دوو رۆژ لە ژووریکی ریتناوی سارد، یان گەرم و سیخناخ یخت دەدەن، هەتا بۆیان ساغ دەبیتەوە یاساغ نیت و، گومرگ کراوی و ناونیشانت روون دەکەنەوە و مارکەکەت دەسەلمینن، لیت دەپرسن:-

**- ناوت چیە؟**

**- وەکو کەسیک بوونی قەدەغەو بڤەبێ، بەشەرمەوە وەلام دەدەیتەوە:-**

**- قارەمان.. قارەمان حەمە سوور..**

**جاریکی دیکە بە تەوسەوە لیت دەپرسن:-**

**- ئەم ناوە ناوی ئەجندەیە.**

**- نەخیر گەورەم، ناوی ئادەمیزاد و ئینسە.**

**- ئەی واتای چیە؟**

**- قارەمان، واتا پالەوان، ئازاو چاونەترس.**

**- ئەی حەمەسوور..؟**

**- واتای. محەدول ئەحمەر، قرمز محەمەد،** محەمەدی سورخ، ناوی پیغەمبەرە لای ئیمە سوورو بۆرو رەش هەلگەراوە،

باپیرم لە خۆشی ناوی پێغەمبەری ئەو ناوەی لێ ناوە.
لەسەر ئەوەندە قسە هەزاران تێهەڵدانت دەخوارد، کەرامەتی پشتاو پشتی مرۆڤایەتیتان دەشکاندو ریسوایان دەکرد، لەبری ئەوەی گوایە گاڵتە بە ئاین و پیاوچاکان دەکەی.

ریگایەکی دیکە دەگرێتە بەر، رێگاکانیش وەک یەک وەهان و بۆ هیچ کوێ نارۆن. گەیشتیتە ئاستی قەڵا دیرینەکەی شارەکە، ئەویش هەندێ دەستی پێدا هێنراوە. وەکو بڵێی بەو رەفتارە دەیانەوێ مێژوو تازە بکەنەوە، پیرەژنێکی کۆنە قەڵتاخەو جلوبەرگی بوکێنی لەبەر دەکەن و بۆ نێرۆنەکانی ئەم سەردەمە بەبووکی دەبەن، باوەڕو متمانەیان بە مێژووی ئێستای خۆیان نەماوە، هیچیان لەبار نییە، دەیانەوێ بەو کێوە خۆڵ و بەردەوە لاف و گەزاف لێبدەن، ئەگەریش رۆژی دەیانجار، ئابڕوی مێژووی رابردوو و داهاتوویش دەتکێنن و لە دووتوێی سمتی ژنێکی حەیشەری گرمۆڵەی دەکەن، چەند ماڵێکیش بەسەر قەڵاکەوە، لە بێ بایەخی خەریکە بۆ ناو شەقامەکان لەگەڵ نیشتەجێکانیان هاژە دەکەن، هەموو بەیانیەک شەبەق کیژێکی

سەروعوزر نەشۆری لێوبەبار، لەبن لمۆزی قەڵاکە رادەوەستێ، یان دەرۆزە دەکات یاخود ئەوەتا...!

بەرامبەر قەڵاکەش برە چێشتخانەیەکە، ئاپۆڕایەک برسیانە، بەرەو ئاخورِ لۆژدەبنەوە، ئەمانە لەوە بەولاوە چیدی دەزانن و ئەنجام دەدەن؟ ئەو رۆژانەی کە بەدەگمەن گیرفانت هەندێ گەرم دەبێتەوەو دراو تێدا خنەخن دەکەن، بەزمان لێستنەوە خۆت دەکەیتە چێشتخانەیەکی بەرامبەر قەڵاکەوە، سەرجەمی ژیانت هەمووی سک گوشین و برسیەتیە، چۆنها سالێ کەڕەتێک چێشت و خۆراکیەکی چەور دەخۆی، ئیتر بۆ ماوەی مانگێک بۆن و بەرامەی ئەو خواردنە چەورە لە کونە کەپوەکانت هەڵم دەکات، بۆنی لێدێت و لەزەتێکی بەتامی ژیان دەبەخشێتە ماسولکەکانی جەستەت و هەندێ گورجیان دەکاتەوە.

بەبێ ئاگایی چێشتخانەکە دەتماشێنێتەوە. دەروونت بۆتە هەگبەیەکی سیخناخی کۆڵەمەرگی، وەرزیت، رق و کینەیەک مێشکت ختووکە دەدات، بەرامبەر بەیاسا ناوێلەکانی ئەم گوزەرانەت. کێ نالێ ئەمەی تۆ نموونەی ژیانی سەرجەم مرۆڤ نیە؟

رق و کینەکەشت پاڕانەوەی منداڵە پەرپوتەکانی بەردەرگای چێشتخانەکە دەیکەنە دیاری دەروونی ساردو سڕی ئەو رۆژانەت: «مامەکە برسیمە. هەندێ پارەم بدەرێ، دووپەنجایی، پەنجاییەک. پارەی نانێک» هەرکە کورسیەک لە ژوورەوەی چێشتخانەکە جەستە بارگرانەکەت دەقۆزێتەوە، بەجیڕە جیڕ نارەزایی توڕەیی خۆی لەو بارگرانیە دەکاتە گژتەوە. بارگرانی خۆت و ئازارەکانتی پێ راگیر ناکرێ، پێشخزمەتی چێشتخانەکە وەکو بتی گەچین، بەژوور سەرتەوە دادەکوترێ هەردوو دەستی لەسەر چالآیی ناوکی تێک گیرکردوە، خێسەیەکی نامەردانە لە روخساری وەنەوزدەدا. بەجوڵانەوەیەکی نالەبارەوە سەرت بۆ دادەنوێنێ:

- تەشریبی مریشک، یاخنی. مریشکی برژاو، لوولەکەبابی، برنج و مەرەگە، کفتەی موسڵ، بریانی بەغدایی و هەولێرو سلێمانی.

ئاگات لێبڕاوە، خاوەن جولانەوە نالەبارەکە، ئینجا بەچەوە هەمان ئەو ناوانەت بۆ دووبارە دەکاتەوە. چاوەکانت خۆیان گەیاندۆتە

دەرەوەی جامخانەی چێشتخانەکە و بەمنداڵە پەرپوتەکان دا هەڵدەزنێن. هەندێ لە منداڵەکانیش لەدەرگاکە نزیک دەبنەوە، بۆنی چێشتە هەمەڕەنگەکان دەکەن و گوێیان لەو ناوانەیە کە پێش خزمەتەکە دووبارەیان دەکاتەوە.

بێ پرزەیی و دەسەپاچەیی، هەناسەیەکی قوڵیان پێ هەڵدەکێشن، بەکونە کەپوەکانیان چەند مژێک وەکو بۆنی تلیاک هەڵمژن لە چڕە دووکەڵەکە دەدەن، دەیانەوێ بۆنە خۆشەکان ماسولکە برسیەکانی جەستەیان تورت کاتەوە و قانگدات.

لە شارە گەرداویەکە ماوەیەکی کورتە بۆ ئەم شارە گوێزراویتەوە، هەموو رۆژێ ئەو منداڵە پەرپوتانە دەبینی، بە کورتەک و شەڕواڵی داچەکاو دژوێنەوە، لەبەردەم چێشتخانەکە دوکانەکان خڕدەبنەوە، هەندێکیان کڵاوی کون کون و شڕو شیتاڵیان لەسەرە خنجەکانیان ناوە، قژە دژوێنەکانی سەریان لێوە سەرتاتکێ دەکات، بە کروزانەوە دەست لە رێبوارەکان پان دەکەنەوە، فرمێسکی منداڵێک لەوانەیە هەموو یاساکانی ئەم گەردوونە هەڵوەشێنێتەوە ئەی بۆچی ئەم هەموو کڕوزانەوەی

ئەم منداڵە بێ دەرەتانانە، ئەوەندەی موویەک ئەمانە نابزوێنێ و مێشێک ناکاتە میوانیان؟ «مامەکە. برسیمە. پەنجاییەک، پارەی نانێکم بدەرێ» چاو دەبڕیتە عەشاماتە دلرفێنەکەی ژوورەوەی چێشتخانەکە، ملّچ و هوڕی نان خواردن کەشکەلانی تەنیوە، لەگەڵ چەرە دوکەڵەکەدا لە پەنجەرەکان و دەرگاکەوە، فرتە دەکات، بەرەو ترۆپکی قەڵاکە هەڵدەکشێ، برە منداڵێک پێستەی روخساریان لەژێر تۆزو گەردو ئارەقەوە، بەگەشی و ناسکیەوە سەرەتاتکێ دەکا، خێرا خێرا هەروەکو بیانەوێ عەیب و شورەییەک بشارنەوە، دەستی گەرما و ماندوویی پێدا دەهێنن. هەندێکیانیش هەرکە لەدەست پان کردنەوە لە رێبوارەکان ماندوودەبن، پەنجە دەکەنە کونە لوتەکانیانەوە، لەگەڵ چڵمی وشکەوە بووی کونە کەپوەکانیان خۆیان دەخڵافێنن، لە بێزاری وەڕزیدا بەجنێو دەکەونە گیانی یەکتر و تێک بەردەبن، وەکو جۆرە نارەزایەک بێ لە ژینە ناهەموارەکەیان و لە و رەفتارەدا بەرجەستە دەبێ.

سەرو گوێلاکی یەکتر دەولاونەوە تاوەکو ڕێبوارەکان بە یەک دوو جنێوی ناشرین لەیەکیان دەکەنەوە:-

- **هەی بیژینە.**
- **کوڕی گەماڵە سەگ.**

ئەو جنێوە ناشرینانە وەکو چووزوی هەنگێکی دڕندە بەکەرامەتیان دا دەچزێ، چەشنە غەریزەیەک رایان دەچڵەکێنێ، هەست دەکەن هەموو یەک چین، ئیدی بۆچی غەدر لەیەکدی بکەن..؟ لەگەڵ یەکدی جوت دەبنەوە، بەبێ پەرواییەوە دەست دەکەنە ملی یەکدی، لە ڕێبوارەکان دەپاڕێنەوە و هەموو بەهایەکی مرۆڤایەتی دەچێتە قوڕی رەشەوە «مامە ئەز. من.م.م پەنجایەکم بدەرێ. دەی قەیدی نینە، پارەی پاروەیەک، ئەز برسیمە «دەتەوێ پرتاو هەڵسی و بچیتە دەرەوە و بەداوەتێک منداڵەکان تێروپڕ بکەیت، بەڵام بیرکردنەوەیەک مێشکت دەگوشێ، ئەگەر ئاوهات کرد، ئەی سبەینێ و دووسبەی، ساڵێکی ترو دووساڵی تر کێ تێریان دەکات؟ وەڵامەکەی دوو خوتبەدانی پیاوێکی تێرو تەسەل لنگەو قوچی دەکاتەوە، خۆشت برسیەتیەکی زگماک

پێنەیەکی هەمیشەییە وا بەناو شانتەوە، بەدەزویەکی ئەفسانەیی دووراوەتەوە، گوند بەگوند، شار بەشار هاوڕێ منداڵی سەرهەڵگرتن و سەفەرەکانتە.

تەماشایەکی دیکەی مڵچ و هوڕ لێدەرەکان دەکەی، رقەکەت دەبێتە نارنجۆکێک و دەتەوێ بتەقێتەوە، نارنجۆکێکی درۆزنانەیە، چی دەگەیەنێ؟.

تۆ ئەو ساڵەی کە چوویتە ناو شۆڕش ویستت ئەم ئامانجە لەدایک ببێ. کەچی بەدەستی بەتاڵ و لاویەکی بەفیڕۆچوو، و خێزانێکی نووغروە گەڕایتەوە. بە مل هوڕیەوە مڵچ و هوڕلێدەرەکان، سەریان دانەواندبووە سەر دەفرو ئامانی پڕ لە خواردنی چەورو بەلەزەتەوە.

خاوەنی چێشتخانەکەش لە دەرگاکەدا، بەزەردەخەنەوە دەڕوانێتە تێک بەربوونی منداڵەکان، بە چلێسیەکی بێ شومارەوە پارە لە مشتەریەکان وەردەگرێ و بەئاواتی ئەوەی دەمەو ئێوارە ژنێکی چەقاوەسوو و نیمچە حەیشەری بەخێرهاتنەوەی بکات. زۆر جار رێدەکەوت لە گوند یاخود لە کوچەیەکی شاردا، سەگێک

شەمۆتەی داداوتە سەر خواردن و کڕانەوەی پارچە ئێسقانێکی چەور، یان بەرماوەی خواردنێک لە سوچێک، لە گوزەرێک، دەمە ڕەشەکەی تیژە نیوە، سەگێکی تری بێ دەسەڵات و پرزەبڕاویش لە دوورەوە لەسەر هەردوو پاشووی چنچکی داوەتەوە، دیدە خەمناکە لەبرسان بێ تروسکایەکانی، بڕیوەتە ئەو هاوەڵەی دەمی ژەنیوەتە خواردنەکە، یان پاشاخوڕی خەڵکەکە، خێرا خێرا بەزمانە تەنک و درێژەکەی شلاوگەی خۆی لە تامەزرۆییدا دەلێسێتەوە، سەگەکەی دیکە هەر کە تێردەبوو، بەچاوێکی پڕ بەزەییەوە تەماشایەکی هاوەڵەکەی دەکرد و جێگاکەی بۆ چۆڵ دەکرد، وەکو بڵێی بانگی دەکات هەتا ئەویش کڵپەی برسیەتی خۆی دابمرکێنێتەوە، لەبەر خۆتەوە دەڵێی:

((تەنانەت ئاژەڵیش واتا برسیەتی و پیرۆزی سک تێربوون دەزانێ، ئەی ئەم ملّچ و هوڕلێدەرانە بۆ نا..؟ ))

هەر جارێک کە لەرێگای سەفەرەوە، بۆ ئەم شارە دەگەڕایتەوە دەتبینی دایکە هەشبەسەرەکانی زۆربەی ئەم منداڵانەو چەند ژنێکی دیکەش لەبەر تۆف و سەرمای بەیانیانی زستانان، یان گەرماو

هەڵاوی تیشکی دەمە زەردکراوی خۆری چێشتەنگاوی هاوینان، بەهەزاران کڵۆڵی و رەشپۆشی و هەڵکورماویەوە، لەسەر رێگاو بان و جادەکان رادەوەستن، چونکە ئەو منداڵانە لەگەڵ خاو خێزانەکانیان نیشتەجێی گوندێکی سەرەرێی ئەو شارە بوون، چەند فەرسەخێک دوورە، دەست لە ئۆتۆمبێلەکان هەڵدەتەکێنن، بەڵکە ئەمە خێرخوایە یەک لەگەڵ خۆیان و منداڵە وردەکانیان هەڵدەگرێ، دەتبینی چۆن سواری ئۆتۆمبیلە پیکابەکان دەبوون، لەبەر سەرمای تیژرەوی پیکابەکان خۆیان لە نێوایاندا گرمۆڵە دەکردەوە، هەموو لێقەوماوی مرۆڤی ئەم سەردەمەیان لەخۆیان لول دابوو، هەر کە دەگەنە شارەکەش لەیەک بڕ دەبن، منداڵە وردەکان دەکەوتنە شەقام و گوزەرەکان و بەردەم چێشتخانەکان، ژنەکانیش کێ دەزانێ چیان دەکرد و چی دەکەن، کارەکەری، گسکدان، سواڵ و سێقەو دەرۆزە، یان داوێن پیسی..؟

*****

## -٢-

ئەم دەمەوبەیانیە: کەبە هەچ دڵتەنگیەک بوو خۆت لە زۆنگاوەکانی شار دەرباز کرد، نازانی بەرەو کوێ دەنێیتە دەمی، تاوێک لە شوێنەکەی خۆت رەق دەوەستی، پەنجەی دۆشاو مژەت بۆ بیرکردەنەوە دەخەیتە سەر نێوان چاوی راست و گوێی راستتەوە. جاران ئاوها نەبووی، یەکسەر بیرکردنەوە ختووکەی ئارەزوەکانتی دەدا، دەشێ ئەمەش کارتێکردنی مەی هەڵقوڕاندن بێ، یان ئەوەتا شانەکانی مێشکت لێ کەوتوون، هەر شانەیەک بەکەیف و ماشای خۆی لە کەلەسەرت پاڵی داوەتەوەو هەقی

بەسەر هیچەوە نەماوە. دەستێکی خەواڵوو بەردێنە نەرمەکەت دا دەساوی، ئەم ردێنەش نیشانەیەکی تایەبەتیە، ئەگەر ریشت ئاوها درێژ نەبێ کەس بیر لەوە ناکاتەوە کەساسی، خەمباری سەرلێشێواوی. نا. نا. سەرلێشێواو نیت، ئا، دڵتەنگیت، هەمیشەش دڵتەنگ نیت، زۆر دڵت بە ریشەکەت خۆشە، لەلای خۆت زۆر واتا دەبەخشێ، لەناوەڕاستی رێگاو بانەکان باوێژکی خۆت دەدەی، چونکە لە بیرت دەچێ لە ژوورەکەت باوێژکی خەواڵووی بەیانیان بدەی و، ماسولکەکانت گورج بکەیتەوە، هەموو بەیانیەکیش وەکو ئەم بەیانیە، ئاوها دەکەی، دوو سێ جار چاوت دەنوقێنی، هەڵیان دەهێنی و ریپۆقەکانیان بەپەنجە توتە پاک دەکەیتەوە، ناوەڕاستی شارەکە ئامێزت بۆ دەکاتەوە، ئامێزێکی لەوتاو و وڕوگێژ، ئامێزێکی بەڕەڵڵا، دەیان خەم و ئاواتی نەزۆکت بەشەقامەکەی تەنیشت قەڵاکەوە بە هەڵمەقۆ غڵ دەبنەوە، سەگێک پاشووی لە پەرژینی ئاسنینی لادیواری دائیرەیەک گیرببوو، دیار بوو خۆی کردبوە ژوورەوەی دائیرەکە بۆ نانەوەی گۆبەندێک، یان بۆ مڵومۆش کردن، لەناو قەدەوە

سەرەو خوار تەکەی دەهات، وەکو بڵێی داوای فریاکەوتنی دەکرد، چاوەکانی وەکو جوتێ مووشێنی نێو زچکاو بەرێبوارەکاندا هەڵدەزنا، قورەیەکی بۆ دەکردو دەنووزایەوە، چۆڕاوگەی لیکی شلاوگەی بەسەر دیوارەکەوە نەخشەی وڵاتێکی لێقەوماوانی کێشابوو.

دوو پیرەمێرد خەریک بوون لاقە گیربووەکەیان لە شیشە ئاسنەکان دەردەهێناو رزگاریان دەکرد، پێیان پێکەنیت، ئاژەڵ لە مرۆڤی ئەم سەردەمە بەنرخترە، بۆ نا، ئەگەر مرۆڤێ لێی بقەومێ بەو جۆرە ئاوڕی لێ دەدەنەوە؟ ئەگەر کەوتە دەستی جەلادێک دەسەڵاتیان دەبێ لە ژێر چنگی رزگاری کەن؟ ئەگەر برسیەتی زمانی پەڵت کرد دەتوانن لایەکی لێ بکەنەوە؟ سەردەمێکە و کەس ناپەرژێتە سەر کەسێکی دیکە، دیارە خورافاتەکان دێنە دی و کەرەکەی دەجالیش قەستەقوڵ و میزەکەی دەکاتە قەسپ و خورماو ئاوی هەڵقوراندن و، عەشامات عەشامات دوای دەکەون، هەوڵ و تەقەلاو تێکۆشانی زاناو فەیلەسووف و پێغەمبەران و بزووتنەوە ئایینە پەیدەر پەیەکانی مرۆڤ هەموو بە فیڕۆچوو.

ئاژەڵ بەنرخترە لە مرۆڤی ئەم سەردەمە، بۆ نا، ئەوەتا – برژێت پاردۆ – لەوڵاتەکەی خۆی هەزاران لەبرسان سکیان دەگوشن و چەندان ئادەمیزادی وڵاتانی دیکە دەناڵێنن بەدەست زەبرو زەنگی وڵاتەکەیەوە. کەچی ئەو بەدەم بنێشت جوین و وێسکی هەڵقوڕاندن و بەنگ کێشانەوە، نامە دەنووسێ و دەنگی ناڕەزایی بەرز دەکاتەوە، دژ بەوانەی ئاژەڵ دەچەوسێننەوە،ساڵێ هەزاران فرەنک تەخشان و پەخشان دەکاتەوە بەسەر ئەو دام و دەزگایانەی کە پارێزگاری لە ئاژەڵ دەکەن، بەڵام کام کوڕی مەردو شێرو فەیلەسووف هەیە، بەبێ ئیزنی وڵاتەکەی دەنگی ناڕەزایی بەرز کاتەوە دژ بەو رژێمانەی مرۆڤ وەکو ئاژەڵی بێ کەلک سنگ دەکەن و پێستەی دەگروون.؟ تەنانەت سەرۆکەکانی ئەمریکاش هەریەکەو سەگێک راگیردەکات و لە کۆبوونەوەکانی کۆنگرێسدا بەشداریان پێ دەکەن، دەشێ لە بڕیارەکانیانیشدا.!

ئەگەر مەسەلەکە «سەگ» بێ، لە هەموو زیندەوەرێکی دیکە بەوەفاترە «نان بدە سەگ مەیدە بە سپڵە» جارێکیان لە فیلمێکی

سینەمادا بینیت، سەگێک خۆی کردە قوربانی خاوەنەکەی. ئەو کاتەی خاوەنەکەی خەریک بوو پێ بنێتە سەر مینێکی ژێر زەویەوە، سەگەکە یەکسەر خۆی تاوداو خاوەنەکەی دوورخستەوە، بەڵام خۆی زیواڵ زیواڵ بوو.

بەرەو خوارتر بوویتەوە، لەبەر دەرگایەک ژنێکی خرپن چاوێکی حیزانەی لێت داگرت، یان تۆ ئاوها لێی گەیشتی، ناڵەیەک لە مێشکت وەکو هەوری بەهار گرماندی، دڵت لە رزی و لەخۆی چوو، بەڵام دیار بوو نەتویست ئەم بەیانیەت لێ تێک چێت، گوێت نەدایێ، سەرگورشتەکەت لە بیری خۆت دەبردەوە، زەردەخەنەی ژنەکە شەهوەتی تامەزرۆیەکی لە خۆی لول دابوو، «دڵی ژن مێش و مەگەزە بەسەر هەموو پاک و پیسیەکەوە دەنیشێتەوە» پەندی سەگەکەت وەبیر هاتەوە» سەگ بەوەفاترین دایکە بۆ پیاو» ئەو ژنەت دەهاتەوە یاد کە سێ چوار منداڵە سەرقونکەکەی بەجێ هێشت و کەوتە تەک هەتیوێکی لوسکە. ئەوانەی شێت دەبن لە عەقڵ و بەفامی دا شێت دەبن، بڕوات بەوە نیە، مەسەلەکە پەیوەندی بە ماسولکەکانی جەستەتەوە

هەیە، یاخود بەرەچەڵەک بۆت ماوەتەوە. ئا پەیوەندی بەهیچەوە نیە، چارەنووسە، جرتێک دەکێشی، کەمت دیوەو هێشتاکە زۆرت ماوە و تەمەنیشت تۆمارێکی بێ حەیسیەتە. باشە هێشتا ئەوەندە عەقڵت ماوە پێی گوزەران بکەیت و نەبیتە مەخسەرەی منداڵ و تواڵ و گاڵتەجارِی گەورەکان، ژوورەکەت، ژوورێکی ئەفسانەییە، لە قورِو خشتی سەرجەمی خورافاتەکانی رۆژهەڵات دروست کراوە، بۆتە جێی شایلۆغانی مشک و مۆرانەی هەمەچیزە، هەموو رۆژێ دژت رێپێوانی نارەزایی دەربرین سازدەدەن، لە گۆرەپانی ژوورەکەدا بەیەکا دێن، لافیتەی نەبینراوی هەمەجۆرە بەرووتا بەرز دەکەنەوە، «بروخێ مرۆڤ»، بژی چینی زەحمەتکێشی مشک و مۆرانەو ئەوانی تریش «بروخێ ئیمپریالیزم»، بە زیکەو جوکە جووک سەمفۆنیایەکی نەشازی نارەزایی دەجۆشێنن، مشکە نێرەیەکی گەورە پەلاماری مشکە مێینەیەک دەدات، دەیباتە پەنایەکەوە تەنانەت ئەم زیندەوەرە وردانەش هەموو شتێ بە ئاشکرا ئەنجام دەدەن، تەنها پەرین نەبێ، سیسرکێ خۆی لە کۆڵی سیسرکێکی دیکە توندکردوە،

دیارە سیسرکێکی نێرینەیە. مێینەکەش بەسەر زەویەکەوە خۆی بەکێش کرد، بەلەزەتەوە بەسەر دیوارەکەوە هەڵدەزنێ. چەند کتێبێک کون و قوژبنەکانی ژوورەکەیان پڕکردۆتەوە، بوونەتە خەڵوەتخانەی لەیەک پەڕینی مشک و سیسرکەکان، هەسیان لێ دەگرێ، هەست دەکەی هەناسکە هەناسکی مۆرانە مێیەنەکان گوێت دەسمن، نێرینەکانیش تەنگەنەفەس بوون، ئامێرەکەت هەڵدەزەپێ. کابرا ڕەبەنەکەی خانوی جولەکەکانت وەبیردێنێتەوە، ئەو سەردەمەی منداڵ بووی، کابرا بەتەمەنەکە تەمەنی دەوروبەری چل ساڵ دەبوو، ژنانی گەڕەکەکەتان دەیانوت: رەبەنە، هەموو رۆژێ لە ژوورەکەی دەس میزی خۆی ئەدا، تۆش زۆربەی رۆژەکان دەتبینی کۆمەڵێ رۆژنامەی لەبن هەنگڵی خۆی ناوەو خۆی دەکرد بەژوورا، ژنانی گەڕەکەکەتان دەیانوت: ئەو کاغەزانەی بۆ ئەوەیە لەسەریان دەسپەڕ ئەکات، هەندێکیش دەیانوت:

- **سیخوڕی ئەجنەبیە.**
- **لە پارتێکی قەدەغەو یا ساغ ئیش دەکات.**

- **کابرایەکی ئاڵۆزە.**

دواجاریش بۆ ماوەی چەند مانگێک بزر بوو، هاتەوە، بگرە خۆی نەهاتەوە، بەڵکو تەرمەکەیان بۆ گەڕەک هێنایەوە، دەرکەوت شاعیر بوو لە بەندیخانە گیانی دەرچووبوو، لەگەڕەک کەس خۆی نەکردە خاوەنی، ئەوەبوو شارەوانی بە ئەرکی کفن و دفن کردنی هەڵسا..

ئینجا بەرەو بازاری سەوزە فرۆشەکان گلۆربوویتەوە، دەتویست بابەتێکی تازە بدۆزیتەوە، بۆ ئەو شیعرەی کەماوەیەکە دەتەوێ بینوسی، زۆر جار چەند دێرێکت دەنووسی، کەچی هەر کە دەهاتیە دەرەوە و ئەو عەشاماتانەت بەرچاو دەکەوت، هەمووت لەبەر چاو دەکەوت، یەکسەر دەچوویتەوە بە تەڵە شقارتەیەک گڕت لە دێرە شیعرەکان بەردەدا، لەگەڵ دێرە شیعرەکان گڕت دەگرت و تا ماوەیەک لە ژوورەکەت دەبوویتە چەڕەدووکەڵ و پەنگت دەخواردەوە، چونکە بەو هەموو مەرگەساتانە ناوێرن و لەوزەیان نیە بۆیان تۆماربکرێ، یان لە رویان نایەت دەست نیشانیان بکەن، ئەو هەموو شیعرانەی

کە چەند ساڵێکە دەتنووسین، ئەگەر گرت تێیان بەرنەدابایەو گردت کردبانەوە، چەند دیوانە شیعرێکی لێ دەردەچوو ئێستاکە ناوداریێکی درۆزنانە بووی..

بازاڕی سەوزە فرۆشەکان ڕۆژی حەشرە، بۆنی ئارەقەی جەستەی زەحمەت کێشان کە بەسەرو چاویاندا چۆڕاوگەی بەستوەو بەجل و بەرگەکانیانەوە وشک دەبێتەوە، بۆتە پەڵە پەڵەی خوێاوی سپی سەر بەرگەکانیان، لە ئاسمانی ئەو شوێنە دەبێتە هەڵم و تێکەڵ بەبۆنی میوەی گەنیو دەبن و ئەو ناوە قانگ دەدەن، توێکڵە میوەی هەمەڕەنگ و جۆر روخساری زەویە قۆقزەکانی لەوتاندوە، هەندێ کەس پێی لێیان هەڵدەخزێ و لەسەر گازی پشت زرمە دەکەن «تراپ»، ئەوانی دیکە بە دۆخەکەی دەدەنە تریقەی پێکەنین، گەر هاتوو پیاو بوو، بەڵام ئەگەر مێینەش بوو، هەر کە دوو لنگی چوو بەحەوادا بەچاوی تامەزرۆیی و ئاڵۆشەوە، نیگاکانیان هەڵدەڕژنە سەری و دەست بە ناو لنگی خۆیان دادەهێنن، تابلۆیەکی ناسووریالی و ڤانکوخانەیە. «نەخێر حەیفت نەکرد!؟ ڕەوشتی ئەم گەناوانە بەتابلۆ گڕاویەکانی – ڤان کوخ – دەچوێنێ؟

ئەمانە هەروەها دەزانن وورگ پڕکردنیش خۆشەویستیە، یان قۆڵبڕین و هەزار سوێند خواردن بە پولێک. ئێ، خۆ من ناڵێم بڕوام بە سوێند خواردن هەیە، بەڵام ئەمانە خۆیان بڕوایان پێ هەیە، تەنانەت لەم ڕۆژهەڵاتە دەعجانیەدا، لە دادگاکانیشدا بە سوێند خواردنێک، هەزاران دزی و فزی و پیاو کوشتن دیزە بەدەرخۆنە دەکرێ و، یاسا ملی بۆ کەچ دەکات، ڤان کوخ بۆ ئەوەی خۆشەویستەکەی باوەڕی پێ بکات گوێیەکی خۆی لە کۆترەوە داتاشی، و کردیە دیاری بۆی، بەڵام خۆشەویستی لەمەڕ ئەمانەدا وەکو پەڕۆیەکی بێ نوێژ مامەڵەی لەگەڵ دەکەن.

لەو ناوەدا چەند ژنێک دەستیان بە دۆخینەکانیانەوە گرتوە، یان ئەوەتا بە بێ شەرمانە ناوگەڵی خۆیان دەخورێنن و خارشتی دادەمرکێننەوە و مامەڵەی شت کڕین دەکەن، دوو سەوزە فرۆش لەسەر کڕیارێ یەکدیان تێر جنێو دەکرد. دەیگێرنەوە، ئالەم شوێنەدا – شاموزەفەر- چەند جارێک ئۆردووی دوژمنانی شکاندوە و شارەکەی پاراستوە، خۆ دەگێرنەوە پاشای کوێرەش چەندان جار نەیارەکانی تۆبە خوار کردوە، ژنێکی بیست و پێنج ساڵ دەبوو،

یان لەو دەورووبەرە بوو، تا ئەژنۆی رووت بوو، سێ کوڕی کابۆی جنس لەبەر خێرا خێرا چاویان لێ هەڵدەتەکان، ژنەکە بەرەو ئاستێکی نادیار لێژ بووەوە، سێ کابۆی جنس لەبەرەکە دوای کەوتن، دیسان پەندی سەگەکەت وەبیر هاتەوە، «سەگ بەوەفاترین دایکە بۆ پیاو» ئەی پیرێژنە دراوسێکەتان بۆناڵێی؟ ئەویش دایکی چوار کەڵەمێرد بوو، هەتیوێ لوسکەی بە خۆی فێرکردبوو، بە هیچ کلۆجێ گوێی بەقسەی خەڵکی نەدەدا، هەر کە بهاتبایە قسەکردن و باسی شەرەف و داوێن پاکی و پیسی دەیان ژنی گەڕەکەکەتانی بەسۆزانی و شەواڵ پلیت دەردەکرد، وەکو نەبای دیبێ و نەباران، دەمی خۆی دەلستەوەو خۆی بە شاژن لەقەڵەم دەدا:-

- دەبا بڕوا ئەو مامزە، (مەبروک) ی دایکیشی داوێن پیس بوو، هەی لەولاتر بڕوات، دەستیان خۆش بێ بەشیشی تەنوور ریخۆڵەیان خستە بەرپێی، پیاوێکی هەبوو بەبرام بێ بە حەزرەتی یوسف دەچوو، خۆ دەڵێن کچەکەشی چۆتە سەرخۆی، کیژەکانم دەم مەخەنە دەمی، ئەو شەواڵی بە هەردوو لینگەوە فڕێداوەتە سەرشان.

- حەو، حەو، باسی کێ دەکەن، ئەو باوە حیزە، نا. نا، بەخوا باوکی کەڵەمێرد بوو، بەگاڵتە، بەڵام دایک حیزە، ئەی هەر دایکی ئەو نەبوو، سمە جامبازیان لەسەر گرت و پاشانیش رەحەسمێڵی برای، چەمۆڵەی مندالّی لە ورگیەوە دەرهێنا، دەک تفوو ژن بەنەعلەت بن، بەڕاستی ژن پەراسویەکی چەوتی پیاوە.

❊❊❊❊❊❊

-٣-

ساڵەهای ساڵە دەربەدەری و لەگەڵ دەربەدەریدا تێک ترنجاون، بەواتایەکی شیاوتر تۆو دەربەدەری جمکی دایکێکی چەقاوەسۆ و سەرەڕۆن، لەدەربەدەری ئەو شارە گەرداویەی کەوەک و دوورخراوەیەک لێی توورٍ هەڵدرابووی، شەش حەوت ساڵی تەمەنت تێدا زیندە بەچاڵ کرد،

وەکو فەرمانبەرێکی بچووک، دەیان ژن و کچ دەبوونە باڵاگەردانت، لەبەر تیرۆژی چەندان رۆژ وەکو ئاشقەو ماشقە

لەگەڵتا تێک دەهاڵان، دەریایەکی بەلەسەی پڕ فرمێسک و شەهوەتتان هەڵدەبەست. هەموو دەردەسەری و برسیەتی و ئازار تێدا وەنەوزەیان دەدا. لەم رووەوە لە ژنێکی حەیشەری بە ئالۆشتری. دایکی – دلێر – یش لەگەڵ وێرانەیی خانوە سوتاوەکەتان، ئێسک و پرووسکی بوە پەینی زەویەکی بێ ئاوەدانی، خۆزگەت بە نەورەسەکان دەخواست، بە نەورەسە نێرینەکان، کە هەریەکەو نەورەسێکی مێینەیان بۆخۆیان هەڵبژاردبوو، دەم دەنێن وەلای هەناسەی یەکترەوە، ئێ باخۆزگەت بە نەورەسێکی مێینەش بێ. ! چی تیا بەسەرە؟ نەخێر چۆن دەبێ؟ تۆ کوڕی ناوچەیەکی خورافی و پڕ دوعاو جادو و قەزمە نوشتەی «رۆژهەڵات»، تەنانەت دەمی گورگیش بە قەزمە نووشتەی مەلایان دەبەستن. منداڵ بووی، هەرکە ئاژەڵێکتان نادیار دەبوو، لە مێگەل نەدەهاتەوە خێرا داپیرەت خۆی دەگەیاندە مەلا شینەو دەمی گورگی لێ دەبەست. کەچی پاش یەک دوو رۆژ کەلاکی خوراوی ئاژەڵەکەیان دەدۆزیەوە. عەقڵیان ئەوەندە پیا دەشکێ. کۆمەڵگای تۆ کۆمەڵگای نێرینەیە،

مێینە عەورەتە، تا ئێستاش نەڕە شێرەکان لەسەر شێرێکی مێینە یەکدی تیتۆڵ تیتۆڵ دەکەن، کۆمەڵێ گەماڵە سەگ لەسەر دێڵێک یەکدی پرزۆل پرزۆل دەکەن، چۆن دەبێ؟ خۆزگەو ئارەزووشت دەبێ وەکو نێرینەیەک بێ، تۆ کەڵی و کەلێش هەرە لەسەرەوە دەبێ.

هەموو شتێ لەبەرچاوت بۆتە زۆنگاو، رۆژانە زۆنگاوەکانیش پاش ئاخوڕو ریتنی ئەمانەن، دیسانەوە بەرێگاکەی خۆتدا گەڕایتەوە، چونکە شتێکی زیاتر نیە لەوانەی هەمو رۆژێ بەرچاوت دەکەون، دیسان لە تەنووری شارێک توندت دەکەن. ناتوانی خۆت لێیان دەرباز بکەیت، بەزۆرە ملێ دەبێ ئەرکەکەت جێبەجێ بکەی، لە چوار دیواری ژووری دائیرەیەک حەشارت دەدەن، هەموو رۆژێ، بەیانیت باش، چۆنن، خۆ ساغ و سەلامەتن، پاش بێزاریەکی بێ ئامان، سەری هەموو دنیات لێ دێتەوە یەک، دەیان رووداوی رۆژانەی بێتام و دڵتەزێنت، بەگوێدادەدەن، ئەوەندەی دیکە دەبنە هەوێنی بێدەنگییە کوشندەکەت، بەدوو زەردەخەنەی درۆزنانەوە دوعاخوازی لە چەند کەسێک دەکەی،

بەسەرماو گەرما بەسستی و تەمبەڵیەوە، خۆت تورِ دەدەیتە ئامێزی ڕێگاو شەقامە چاو قایمەکانەوە، کە لە ژێر پێی ڕێبوارە گەلحۆکاندا درێژ دەبنەوە، پاڵیان پێوە دەنێن بەرەو ڕێگاو جێگای هەمەچیزە، بۆ مەیخانەیەک، تیاترۆخانەیە، ماڵەکانیان، بۆ خانویەکی گومانلێکراو، دەزگایەکی رامیاری و جێگای دیش، یان دەچن پێویستی ژنەکانیان لە بازارِ جێبەجێ دەکەن. بەهەمان ڕێگاو بان ڕاستەرێ گەڕایتەوە، ژنەکەی بەردەرگاکە ئەمجارەیان کراسێکی توولی رەش وەکو باڵی مێشی پۆشیبوو، هەردو دەستی خستبوە سەر کەمەرە باریکەکەی، بەچاوێکی پڕ کەیل و سۆزناک و خەمبارەوە چاوی تێک بڕی و نەیدەتروکان، دەمێکە بۆ ژن دەمری، ئەوەبوو بەچەند ساڵێک دایکی دلێر بەجێی هێشتبوو، لە تامەزرۆیی ژنە بێ دەرەتانەکاندا خۆت پیس دەکەی، گەیشتیە ئاستی ژنە رەش پۆشەکە،ئەویش پاشەو پاش کشایەوە، دەرگاکەی خستە سەرپشت، بەتەواوەتی بەهێلێکی ڕاستەوراست کەوتیتە بەرامبەر دەرگاکە، ئەمجارەیان ژنەکە لە بەرزایەکی ناوەڕاست حەوشەکە چوار مشقی ڕۆنیشتبوو.

ئەمە ئەو ژنەیە چەند رۆژێکە بۆی دەگەڕێی، دیار بوو ئەویش تۆی ناسیەوە، بۆیە ئەو رەفتارەی بەرامبەرت نواند، یان ئەوەتا تۆ لێت تێکچوە و، هەر بەو دەچێت؟ یان ئەوەتا ژنێکی سۆزانیە؟ ویستت ئەو بیرکردنەوەیە لە مێشکت دوورخەیتەوە، بەڵام بەپێی ناونیشانی – جەمالی – برادەرت ئەمە ئەو خانوەیە، کە ئەوی تێدا کرێچیە، پاش ساڵانێکی دوورو درێژ لەیەک دابڕان تازە چ حەز و ئارەزوویەک تۆی وێڵی دوای ئەو کردوە؟ دیارە وەک ئەو سەدان ئارەزوانەی کە لەشارە گەرداویەکە بەدوایانەوە بووی و لەگەڵ دەیان ژنی هەمەجۆر تێکەڵ دەبووی و، لە شەهوەتدا دەتوایتەوە، ژن هەستی نەتەوایەتی نیە، هەستی نەتەوایەتی ئەو ئارەزوەکانی ژنە، لە هەر کوێیەکی ئەم جیهانە بێت، بۆیە گوێ نادات مێرد بەکێ دەکات، با چەند ملیۆن فەرسەخیش لە هەوارگەیەوە دوور بێت، هەوراگەی ئەو غەریزەیەکی سەرەڕۆیە. بەدزە دزە خۆت کردە ژوورەوە، لە ژووری ژنەکە تابلۆیەکی نیمچە سوریالی هەڵواسرابوو، ژنێک و پیاوێک بەرووتی وەکو لاولاو بەدەوری یەکتردا لولیان خواردبوو، هەردووکیشیان

بەرەو ئاسمانێکی ڕەشوچڵکن بەزار داپچراویەوە سەریان بڵند کردبوو، زرە گوێزێک بە هەڵپروکاویەوە لەتەکیانەوە بەلقوپۆپە وشکوبرینگەکانی لە ئاسمان دەپاریێتەوە، برە قەڵە ڕەشێک بە ژوور سەریانەوە چاویان بڕیوەتە پیاو و ژنەکە رووتەکە. واتایەکی قوڵیش دەبەخشێتە ژیان و کەل و پەلەکانی نێو ژوورەکە.

مرۆڤی ئەم ڕۆژهەڵاتە دەعجانیە ئەوەندە ترسی لێ کۆبۆتەوە، بۆتە هیمۆگلۆبینی خوێنەکەی، بەبێ ترس هەست بەبۆشایی دەکات، ئەگەر ڕۆژێ بێ ترس بێ، وەها دەزانێ شتێکی پیرۆز و ئازیزی بزرکردوە، لەبەر ئەوە بەهیچ کلۆجێ ناتوانێ لەگەڵ خۆیدا ڕاستگۆبێ، چونکە بارودۆخی کۆمەڵایەتی ڕێی لێدەگرن، یاخود ئەتک و ریسوا دەبێ، ئەگینا چەند دێو و درنج و خێو لە ناوەوەیدا هەن، ئاواتە خوازە ڕۆژێک لە ڕۆژان بەرەڵڵایان بکات، یان نهێنیە پڕ شوورەییەکانی ئاشکرابکات، بەپێی عادەت و بارو نەریتی کۆمەڵایەتی شووریین، لەبەر ئەوە هەرکەسێک لەم ڕۆژهەڵاتە خورافیە بڵێ لەگەڵ خودی خۆم ڕاست دەکەم، ئەوجا

پڕ بەتەوقی سەری درۆ دەکات، تۆش چەندەها نهێنی و شووریی و پڕ موچڕکاویت، لەکاسە سەری خۆت شاردۆتەوە، دەتەوێ بیاندرکێنی کەچی ناوێری بۆ ژنێکی سۆزانیش بیاندرکێنی، ئەی ئیتر ئەو کەسانەی داوای ئەرکی پێغەمبەرایەتی دەکەن، چی دەکەن؟ دەبێ ئەو ڕەستگۆییان هەبێ و لەمەڕ کێ ئەو نهێنیە پڕ شورەییانەیان درکاندوە، دەشێ بۆ سروشت، یاخود بۆ قەل و دارو بەرد و درەخت.

ئەو دۆخەی لەماڵی ژنە ڕەش پۆشەکە بەرچاوت کەوت هەمووی خەون و خەیاڵاوێکی بەجێ و نابەجێی لەبیرت بردەوە، خۆت دەرباز کرد، ترسای ئەم ڕەفتارەش وەک و هەرەس هێنانەکە خەڵکی بۆی بچن. ژنە ڕەشپۆشەکە بەهەناسە ساردیەوە دوات کەوت، چاوی تێت بڕی، دەپارایەوە هەموو جارێ سەردانی ئاوهای بکەی.

- **«یاوەرو یاری ئەنیسم ئاهو ئەشکی حەسرەتە»**
**ئەویش لەتۆ بێکەسترە.**
- **«با لەیەک بئاڵێین و تاوەکو لەیەکدیدا دەتوێینەوە»**

هەموو شتێ لەتوانەوە دەست پێ دەكات و لەتوانەوە دوایی دەبڕێتەوە، توانەوەش زۆر جار گوناهەكان دەشووریتەوە. ژنە رەش پۆشەكە بەدەم قسە كردن و لالانەوە خۆی رێک دەخست، دەستی ئالوشاوی بەخۆیدا دەهێناو، لەوانەیە دەستی تەنیایی و ساردو سڕی ژیانەكەی بێ، خۆت لە چنگی نیگا كەیل و پڕ خەمەكانی دەربازكرد.

دیسان خۆت لەبەردەم ئەو دائیرەیە ببینەوە، كە سەگەكە لە پەرژینە ئاسنینەكەی دیوارەكە گیربوو، سەگەكە بەرەڵلاكرابوو، ئەو دوو پیرەمێرەدەی كە خەریكی بەرەڵلاكردنی بوون، لەبن دیوارەكە هەڵكورمابوون، بەچاوی پڕ تامەزرۆیی پیریەوە، چاویان دەبڕیە كچە خرپنەكانی كۆلیژ كە لەو ناوەدا بە دەروونی پڕ هەرزەكاریەوە هامووشۆیان دەكرد، قاژەیەک لە هەناوتەوە ئەم سەرو ئەو سەری دەكرد، بۆنی هەناسە ساردیەكی لێوە دەفرتایە دەرەوە، بیرەوەری تەمەنێكی پڕ خەمی سەوزت لەدڵدا بڵقی دا، زەردەیەكی تەماویت هاتێ، زەردەخەنەكە بە زۆرەملێ خۆی لەسەر روخسارت بەند كرد، زەردەخەنەیەک لەنێوان

خۆشنوودی و کۆسکەوتووی خۆی ڕاگیرکردبوو، هەروەکو گوڵاڵەیەکی زەردباو لەنێوان دۆزەخ و بەهەشت ڕوابێ، هەرجارەو بەرەو ئاستێک دەنوشتێتەوە، ئەنجامیش بەگڕی دۆزەخەکە پەژمووردە دەبێ و ناگاتە شنەی بەهەشتەکە. ئەو ساڵەی لە کۆلیج وەرگیرای، ئەوەندە خۆت لە کەس نەدەگەیاند، چەند جارێک بەگوێی خۆت دەتژنەوت دەیانوت:

- **کەسێکی ئاڵۆزە.**
- **لادێیە.**
- **کەرو گایە.**

بەوەیان نەدەزانی، دەروونت هێشتا پڕە لە دێو و درنج و ئەفسانەی مرۆڤێکی چیایی و بەوە گۆشکراوی، سەرەڕای ئەوەش چەندەها چەرمەسەری کۆمەڵەکەت وەکو مێردەزمە، جووتە گونە زەبەلاحەکانیان لەپشتی ملت گیرکردوە، بەلەناوچوون هەڕەشەت لێدەکەن، ئەو کیژەی یەکەمجار بەزەردەخەنەوە پێشوازی لێ کردی – نەوال – بوو، کیژێکی خرپن و سوور و سپی و بزێو بوو، ترووسکەی دیە ڕەشەکانی دەردی سەری

کەسێکی وەکو تۆیان لە بیر دەبردەوە. پێی وتی:

- زۆر دڵم بەمرۆڤی ناوشاخی دەکرێتەوە، هەرکە زانیم تۆش کەسێکی ناوشاخیت، بۆیە هیچ بەشوورەیی و بەشەرمم نەزانی بێ ئەوەی تۆ خۆت پێم بناسێنی، ئەوەتا هاتووم خۆمت پێ دەناسێنم، ناوم – نەوال ئەحمەدە – خەڵکی کەربەلام، پۆلی دوەمی بەشی رامیاریم .. ئەی تۆ..؟

**تۆش بەزەردەخەنەیەکەوە وڵامت دایەوە:**

- **بەشی یاسا.**

**بەدەم تریقانەوەیەکی ئاڵۆشاویەتی وتی:-**

- **کەواتە، هەردووکمان تەواوکەری یەکترین.**

- **لەوانەیە.**

**بەپێکەنین و خۆبادانێکەوە وتی:**

- **بەرێز لەوانەیە، چی بۆ ئەوەندە رەشبینی؟**

جارێکیان قوتابیان لەسەرەتای پشووی نیوەی ساڵ، بڕیاریاندا گەشتێکی دەریاچەی (سەرسار) بکەن، تۆ ویستت لەو گەشتە خۆت کەنار بگری و نەچی بەڵام – نەوال – لێت بووە

مێملّ و یەخەی بەرنەدایت، گەیشتنە (سەرسار) دوای ئەوەی جێگاتان خۆش کرد، ئەو بەخۆشنوودەیەکی هەرزەکارانەوە پڕی دایە دەستت و، بەرەو کەنار دەریاچەکە پەلکێشی کردی، بەتریقەی پێکەنینەوە لەتەنکاییدا خۆی دایە دەم ئاوەکەوە، فوستانە سوورەکەی لە ئاوەکەدا خووساو بەدەم پێکەنینەوە خێراخێرا بە هەردوو دەست ئاوی هەڵدەگۆزی و دەیپرژاندە تۆوە، بەزەردەخەنەیەکی خەماویەوە خۆت لە پریشکی ئاوەکە دوورخستەوە، هەرکە هەڵسایەوە تەزوویەکی گەرم کۆڵەوژی رووکردە هەناوتەوە و لەت لەت دڵ و دەروونتی بەسیخێکی ئەفسانەیی دەبرژاند، فوستانە سوورەکەی بە جەستەیەوە خۆی گوشی بوو، جەستە خرپنەکەی وەکو پەیکەرێکی گریکی رووت، لەژێر فوستانە سوورەکەوە گاڵتەی بە هەموو بوونت دەکرد، لە تامەزرۆیی سرووشتدا بەرجەستە بوو، بەدەوری خۆیدا دەسوورایەوە، بەچاوێکی کەیلی هەوسێکی پڕ واتاوە، چاوە پڕ تروسکایەکانی لەسەر روخسارت دەنیشتنەوە، وەکو دوو چۆلەکەی لاسار پێستەی روخسارتیان بەردەنووک دەدا،

لەوانەبوو خوێنیان لێ بچۆڕێ، بێ ئەوەی ئاگات لێ بێ و هەست بەچ ئازارێک بکەی، هەردوو مەمکی خەریک بوون، وەکو دوو بەندکراوی چەتوون بەدەستی رووتی دەرگای بەندیخانەکەیان هەپروون بەهەپروون بکەن، بەو جۆرە فوستانە سوورەکەیان شەق دەکردو سەربەست دەبوون، ئینجاش سکە خڕەکەی بەئاستەم لەسەر چاڵایی ناوکی چەشنی کۆترێکی سەربڕاو وەنەوزی دەدا، رانەکانی هی جوانوویەکی یەک ساڵان بوون، کوتاڵە سوورەکەیانەوە بەدەم خۆ بادانەوە خستبوە لەرە. هەرکە لە ئاوەکە وەدەرهات، بەبیانووی ماندووبونێکی زۆر بە هەناسکە هەناسکێکی موزەیەفەوە خۆی بەتۆوە نووساندو، وەک سەرخۆشێکی رۆژ لەتری دەدا، بەشەرمەوە لێی رەویتەوە، بەڵام نیوەی جەستەت لە ئاو هەڵکێشرا. و دەیوت:

- **حەز دەکەم زمانەکەت فێر ببم.**
- **بۆچی؟**
- **لەپاشەرۆژدا پێویستم پێی دەبێ.**

گەرچی ئەوسا لەمەبەستی قسەکەی تێنەگەیشتی، بەڵام کە کۆلیژت تەواو کرد، زانیت مەبەستی چی بوو، دەشێ هەروەکو ئەو دەیوت، ئێستاکە تەواوکەری یەکتر بوونایە.

کیژە خرپنەکان لەژێرەوە زمانیان لەدوو پیرەمێردەکە دەردەکرد، ئەوانیش بەچاوی زیت و پڕ شەرمەزاری پیریەوە تەماشایان دەکردن، مرۆڤ هەتا بچێتە ناو ساڵەوە، ئارەزووەکانی مشتومالّ تر دەکرێن، وەکو پێستەو چەرمی جەستەی ناسک دەبنەوە، حەز بەهەموو شتێکی ناسک و نیان دەکات، وەکو چۆن ددانەکانی پەکیان دەکەوێ، حەز بەخواردنی ناسک دەکات، مەسەلەکە بەپێچەوانەی تەمەنەوە دەکەوێت، تا تەمەنی بەرز بێتەوە حەز و ئارەزووەکانیشی بەرز دەبێتەوە، واتە ئەگەر شانەکانی جەستەی رووەو نوشستی بن، ئارەزووەکانی بەرەو پۆپە مل دەنێن.

کیژە خرپنەکانی کۆلیژیش بەپێکەنینی حەیشەریانەوە تەماشایەکی تۆیان کرد، حەزت بۆ ژنە رەشپۆشەکە جولا، لەم جۆرە سەربردانەش ئازارێک لەناختەوە ختوکەت دەدات، وەکو

ئەو ئازارەی لەمنداڵیەوە پێت بەخشرا، منداڵ بووی هەموو جارێ دایکت سەرزەنشتی دەکردی، دەیوت:

- رۆڵە مەکە خۆت دانەنێی.

ئەوەندە لاسار بووی بە گوێزان هەموو توتکە سەگەکانی ئاواییت کلک و گوێ دەکردن، ئەوەندەش چەتوون و نەگریس بووی، هەموو گەردوون و ئەوەی لە گەردووندا هەیە، بەجنێو دەشۆریەوە «ئێستاکەش هەروەها» تاوەکو دەگەیشتە دایک و باوکیشت، هەر کە تورەش دەبووی پرتاو پەلاماری تەشتە نانەکەی ماڵەوەتانت دەدا، وەک و خرۆڵکەی وەرزش یەک بەدوای یەک بەئاسمان هەڵیانت دەدا، زۆر جار بایەکەش یارمەتیتی دەداو نانەکانی پەرش و بڵاوی خانوەکانی دەوروبەری دەکردنەوەو ئینجا هێور دەبوویتەوە. تاوەکو بەو نەخۆشیە خۆت داناو چەند ساڵێکە پێتەوە نووساوە.

ماندوویت ئەفسانەیەکە بۆ کەس ناگێردرێتەوە، لەشەوی مەیخانەیەکی چڵکن ئۆقرە دەگرێ، کاتێ دەزانێ بوویتەتە تاکەکەسی شەوگاری شارە لەوتاوەکان، جەرەیەک ئارەقەت

ناوەتەوە سەرەوە، هەتا دەگەیتە جێگای سرەوتنی ئاوارەیەکەت چەند جارێک بەدەما دەکەوێ، سەروچاوت دەڕووشێ و خەڵتانی خوێن دەبێ، یان ئەوەتا جەستەت لەقوڕو چڵپاو هەڵدەکێشرێ، تەنها تۆ ئێستا ئاوها رووت و رەجاڵی بێ دەرەتانی مایتەوە. کەچی ئەوانەی لەگەڵ تۆ بوون هەرەسیان هێنا، هەموو ئێستاکە لەبەرزەکی بانانن و بوونەتە شت، قۆنتەراتچی، خاوەن پارەو بازرگانی قۆڵبڕو درۆزن و ئابڕوو فرۆشتن، تەنانەت تووشی رەفتاری شازو بەدخوویش بوون و، نێرینەی لووسکە لە خشتە دەبەن، چونکە دەستیان لە هەموو بەهایەک شتوە، لاپەڕەی رەفتاریان رەش بۆتەوە، هەموو هەست و نەست و پیاوەتیەکیان پێ شێل کردوە، شەیتانیش دەستی لێیان شتوە، ئەوانیش هەر لەوێ کەلەناو شۆڕش بوون، لەکەسانی تری وەکو تۆ بەرێزتر بوون، قەلەموون بەگەروویان دا فرتەی دەهات.

دەیانوت ئێمە مێژوو درووست دەکەین، ئەوەتاش ئێستاکەش بەچاوی خۆت تەماشادەکەی بەچ رێگایەک مێژوو درووست دەکەن..!

بێگومان ئەمشەویش دیسان لە چۆڕی گوژاڵکی پێکێک خۆت دەدۆزیتەوە، مەسەلەی سەگەکەو ژنە رەشپۆشەکەو نەورەسەکان، کابرا رەبەنەکەی خانووی جولەکەکان، منداڵە پەرپوتەکانی بەردەرگای چێشتخانەکان، لەگەڵ بۆنی سەرخۆشی تێکەڵ دەبن و سەراپا گەردوون کاس دەکەن.

پتر خەونەکەی شەوی پێشوو ئەوەندەی دیکە ئاڵۆزی کردبووی، لەوانەیە داوای لێبووردن بکەی، کە بۆت نەکرا خەونەکەمان بۆ بگێریتەوە، دەشێ خەونەکەش لەمەڕ ئێمەدا، ئەوەندە سەیرو سەمەرە نەبێ، بەڵام مێرووڵەیووروکاندۆتە کەوڵتەوە، ئۆقرەی لێت هەڵگرتوە، ئەمشەویش دیسان یەکەم پێکی ئارەقەکەت دەبێتە شاشەیەکی گەورە، دیمەنەکانی خەونەکە تێدا تەراتێن دەکەن، ئەم خەونە یەکەم شەو نیە، دەبێتە مۆتەکەو لەسەر سنگت بارگەی قورسایی خۆی دەخات، بگرە ساڵانێکی دوورو درێژە لە هەفتەی دوو سێ شەو ئەم خەونە دووبارە دەبێتەوە، بەبێ ئەوەی بەموو گۆڕانی تێبەکەوێ، هەردەڵێ فلیمێکەو هەموو جارێ لەشاشەی مێشکت لێ دەدرێ،

**خەونەکەش ئەمەیە:**

لەگوندێکدا، هەردەڵێی رۆژی مەحشەرە، نا..نا تێکرژانە رەشبگیرە، هەموو گوندیان بەرووت و قووتی لە خانوە گلێنەکانیان هاتوونەتە دەرەوە، هەموو گوزەرە تەسکەکانیان جەراندوە، ژاوە ژاوە، چەشنی مێرووولەی بەئاگرو ئاو گوریچەدراو بەیەکادێن، هەندێکیان هامبازی یەکتر دەبن، هەندێ ژنی چەقاوەسوو، دەپەرنە کۆڵی هەندێ پیاوی تەوەزەل و کەتە، تێک بەردەبن، یەکتری تێر جنێو دەکەن، هێشتا بەو وەزعەشەوە، بەختەوەری لە روخساریان دەتکێ، منداڵەکان دوورە پەرێزی عەشاماتەکە یاری دەکەن و، پیان پێ دەکەنن، گاڵتەیان بە عەقڵی گەورەکان دەهات، ئاسمان رەش داگیرساوە، هەموو ترسیان لێ نیشتوە، ئەوەی خەڵکە رووتوقووتەکەیە لەترسان کرۆشکەیان کردوەو خۆیان گرمۆڵە دەکرد، بەسەر ئامێرەکانی خۆیانەوە پەپکەیان خواردۆتەوە، ئەوانی تریش بەناڵەو گریان رووی دەمیان لە ئاسمان دەکەن، هەریەکە بۆتە جۆرە ئاژەڵێک، پەلاماری یەکتر دەدەن، یەکتری خەڵتانی خوێن دەکەن، باوکیشت یەکێک بوو

لەوانە، سوورو گووری ژنێکی رووتو قووتی دەدا، لەپرێکا ژنەکە بوە مێردەزمەیەک و پەریە کۆڵی باوکت، جووتە گوونە زەلامەکانی لە گەردەنی توند کردو گیانی دەرچوو، مێردە زمەکە بووە ژنە رووت و قووتەکەی جاران و، خۆی تووردایە ئامێزی کابرایەکی پیرەوە، تێکرژانە، بەو دۆخەش هێشتا بەختەوەرن، لە پرێکیشا کیژێکی هەرزەکار قیژاندی و وتی:

تەماشاکەن، تەماشاکەن، هەموو خەڵکەکە واقیان ورما، تەماشای یەک ئاقاریان دەکرد، دیتیان دەڵ و گەماڵێک نووساون، هەردوو سەگەکە زمانیان چەندان گوریس درێژببوو، گوریچەی گوندەکەیان دەدا، منداڵە وردەکەش بەبەردو دار بەرببونە دەڵ و گەماڵەکە، بەڵام ئەوان، لە شوێنەکەی خۆیان جمەیان نەدەکرد، لە خۆشاوی خۆیان نقوم بوون، سرتەیان لێوەنەدەهات، تەنها بە هەناسکە هەناسکەوە چاویان لە خەڵکەکە زیت دەکردەوە، عەشاماتەکەش هەرکەسەو هەردوو دەستی خۆی خستبوە ناو لینگی خۆیەوە. کیژە هەرزەکارەکەش بەچاو نوقاندنەوە خۆی هەڵدەگلۆفی، عەشاماتەکە یەک لەدوای یەک لە شوێنەکەی خۆیان جەستەیان خاو دەبووەوە،

ژاوە ژاوەکە کپ بوو، هەرکەسەو بەرەو ماڵەکەی خۆی بەملکەچیەوە لۆژ دەبۆوە، ئاوایی بێ دەنگ دەبوو، دەڵ و گەماڵەکەش لە هەناسکە هەناسکی خۆشاوی خۆیاندا، بەختەوەر بوون، لە ناکاوێک کرانەوە، لەیەک بوونەوە، ئینجاش بەقەپاڵ و حەپین بەربوونە یەکتر، دوو بڕە سەگی تر لە چاو نوقاندنێکدا، وەکو هەڵم هەڵقوڵان، بەربوونە یەکتر، ئاسەواری یەکتریان، بریەوە، منداڵە وردەکەش لەدەڵ و گەماڵەکە هالان و تێیان کەوتن تا لە چاو وون بوون.

*****

-٤-

گریانەکەت بۆ پازدە ساڵی بەفیڕۆچووی تەمەنتە، ئەو دەمەی چوویتە ناو – شۆڕش – تازە مووت لێهاتبوو، کەچی کاتێک بەدەستی بەتاڵ و بێ ئەنجام بۆ ناو شارەکان گەڕایتەوە، ریشت ماش و برنج ببوو، زۆربەیان وەکو تۆیان بەسەر هات، تازە موویان لێهاتبوو چوونە ناو شۆڕش. کەچی بەکۆڵێ حەسرەت و مایەپووچ و ریشی ماش و برنجەوە گەڕانەوە، گەلێکیان تەمەنی لاوێتیان لەکیس چووبوو، چاوەڕێی ئەوە نەبوون تازە ژنی شۆخ و شەنگ ئاوڕیان لێ بداتەوە، بۆیە زۆربەیان لەرێ دەرچوون

یان بوونە موریدی مەیخانەو تیاترۆخانەکان.

پازدە ساڵ برسیەتی و پەرپووتی و دڵەکەوتی و ترس و راونان بەدەم ئاسانە، ئەو سەردەمە دەتویست دەماری پیاوەتی خۆت لە رەگ و ریشەوە دەربێنی، تا بیر لە مێینەو ژن و ژن هێنان نەکەیتەوە، مارەی خۆت لەو ئامانجە ببڕی، نەک ئەو غایلەیە رێگات پێ وێڵ بکات بەدیار ژن و منداڵەوە داکەسێی و، ببیتە گاڵۆکی دەستی وەڕزی و دڵتەنگی و، لێت ببیتە کۆسپ و تەگەرەو ورەت بڕوخێنێ دواجاریش هەزارو یەک پاکانە بۆ ئەو ورەبەردانە بدۆزیتەوە .

ئەو شەوەی رێگایان پێ نیشاندا، رێنماییان کردی، خەریک بوو لە سنووری شارەکان سڵت سارد بکەنەوە، لە لەوەڕت بخەن، بەڵام بەرێکەوت یاخود ئازایەتی خۆت بوو، دەرباز بووی، شەوێکی کڕێوەو بەفرو سەرماو سۆڵە بوو، مرۆڤیش مەگەر پەیامێکی پیرۆزی ئاوهای لەبەردەمدا نەبێ، بەوشەوە سەختانە خۆی لە ئامێزی گەرم و گوڕی و تەمەڵی و ئاسوودەیی دەربێنێ، بەو شەوە تووشە پێنج شەش سەعات بێ وچان

ڕێگەی هات و نەهاتت دایە بەر، بەدەم لەرز و دانە چووقەو ترس و دڵە راوکێ و برسیەتی، هەر کە برسیش دەبووی بەرە خەڕنوکی وشکەوە بوو و میوەی کێویلەت دەخوارد، یان پووش و پەڵاشت دەماشاندەوە، زۆرت برسی بوو ئەو شەوە، گەیشتیە سەر بێستانێکی بەرەڵاکراو، بەتەپەتەپی تاریکیەوە دەستت کوتا بۆبرکی درەختە خشۆکەکانی زەوی، شتێکی ساردو نەرم هاتە دەستەوە، وتت مەکە ئەمە ئارووییەکە، یاخود ترۆزیە، بەدەم ڕێگاوە بەلەزەتەوە قەپاڵت لێ دەگرت، تا گەیشتیە گوندێک هەرقەپاڵت لێ دەگرت، هەرکە لە گوندەکە لەیەکێک لەماڵەکان خستتە بەر رووناکی چرایەک، سەیرت کرد ئەوەی تۆ بەدەم ڕێگاوە بەلەزەتەوە دەتماشاندەوە، کولەیەکی گەنیوو بوو، چونکە برسی بوویی و ئاگات لێ نەبوو، هەتا درەنگێکی ئەو شەوە ئێڵنجت دەدایەوەو دەڕشایتەوە. پەیامێکی پیرۆزت لەبەردەم دایە «دەی خۆت راگرە، هەرکە بەمەخسەت دەگەی لەبیرت دەچێتەوە». ئەو دەمەش کە منداڵ بووی گەر پێت هەڵنەگوتبایە، یان لە هەڵدێرێک یاخود چیایەک گلۆربوویتایەو جێگایەکت ئازاری

پێ بگەیشتبایەو بریندار بوایەو، پێیان دەگوتی دەی قەیناکە کە گەورەبووی لەبیرت دەچێتەوە، کەچی گەورەش بووی برین و ئازارەکانیش لەگەڵ تەمەنت گەورەتر بون.

ئەو شەوە کە تێنوو دەبووی ئاوی زۆنگاو و بارانت دەخواردەوە، چونکە ئاواتێکی گەورەت لە دەروونـدا دابوو «دەی خۆت راگرە، هەرکە بە مەخسەت دەگەی لەبیرت دەچێتەوە»، تاکە گەیشتیە ناو ئەوان، بەڵام ئەوەی رەچاوت نەدەکرد قەوما، لێت کەوتنە گومانەوە، بەسڵکردنەوە بەلات دا دەهاتن، وەکو کەرەسەیەکی بێکەڵک و چڵکن دەستیان بۆت دەهێنا، یاخود وەکو بزنێکی گەڕو گوڵ لەدەورەوە تێت رادەمان، لەوێڕا نەیانهێشت پشوویەکی ئەوتۆ بدەیی و بحەسێیتەوە، یەکسەر لە قوژبنی ئەشکەوتێک قۆڵبەستیان کردی، تاکو رۆژ بووەوە، بۆ بەیانیش لێت کەوتنە پرسین و لێکۆڵینەوە.

- **لەکوێوە هاتووی؟.**
- **بۆچی هاتووی؟**
- **کێ تۆی ناردۆتە ناومان بۆ سیخوڕی کردن؟**

- **تۆ پیاو خراپی.**
- **هیچ بەڵگەیەکت هەیە کە تۆ نیازت لەگەڵمان پاکەو دەتەوێ لەگەڵمان بی؟**
- **ئەگەر راستی نەڵێی شفلەتلیشت دەکەین.**

لێکۆڵینەوەکانی ئەوان ورەتیان نەڕوخاند، چونکە لە مێژبوو هەر بە بیرکردنەوە، سەربازێکی نەناسراوی بیروباوەڕی ئەوان بووی. سوور بووی لەسەر ئەوەی شتێک بە شتێک دەکەن، هەزاران زامە کۆن و نوێیەکانت سارێژ دەکەن، سووریش بووی لەوەی ببیتە یەکێک لەئەوان، چونکە لە زۆربەیان لەو بارودۆخە چاکتر گەیشتبووی، هەر هیچ نەبێ لەگەڵ خۆتدا راستگۆ بووی، هیچ هێزێک گاڵی نەداوی، تەنها هێزی مێشک و وشیاری نەبێ، دەردی سەری نەبێ، کۆت و زنجیری نارەزایی ساڵەهای ساڵ نەبێ. ئەوان مافی خۆیان بوو بەو شێوەیە ئازارت بدەن، لێت بەگومان بن، یان هەر لە تۆ بەگومان بوون؟. چونکە رادەی بیرکردنەوەت لە زۆریان بەرزتر بوو، دەترسان تەختی نیمچە پاشای ئەوان داگیر بکەی.

کەچی تۆ هێشتا دڵت بەو ئازاردانەی ئەوان خۆش بوو، وەکو کەسێک بیەوێ لە گوناە پاک بێتەوە، چونکە لەمەڕ تۆ ئەوەی دەگەیاند، لە ئەرکەکەی خۆیان وریان و بەراستی هەڵسو کەوت دەکەن، بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزەی کە تۆش بەسەدان کولەمەرگی ڕێگات گرتبوە بەر، ئەوان لە تاقی کردنەوەکانی لەمەو بەر دەترسان، نەک جارێکی تر تیا بچن و ئاواتەکەیان بکەوێتە ناو پێخەفی نەخۆشی و بۆ چەند ساڵێکی تر ڕاست نەبێتەوە، با ئەشکەنجەت بدەن بەشی تۆ هەر ئەشکەنجەیە، هەر بۆیان ساغ دەبێتەوەو تۆش بۆ ئەم ئامانجە پیرۆزە خوێنی خۆت کردۆتە کاسەوە، مافی خۆیان بوو ئاوها ڕەفتارت لەتەک بکەن، ئەگەر وەها نەبێ هەموو هەوڵ و تەقەلایەکیان ئاوەو ئاودەڕوات، چونکە زۆر پیاو خراپ بەناوی ئەوانەوە خۆی کردبوە یەکێک لەئەوان و چەندان جار زەفەری پێیان بردوە، ئەنجامیش ئاشکرابوون و سڵیان ساردکردوونەتەوە، بۆ مانگێک لێکۆڵینەوە لێت وەرز بوون، هیچیان بۆ ساغ نەبۆوە، بەرەڵایان کردی، ڕەهابووی، بۆخۆت لەناوچەکەی ئەوان گوزەران بکەی،

بەوەش دڵخۆش بووی، هەر هیچ نەبی یەکێکی لەوان، وەهای بۆ دەچووی، چۆن خۆت بگوزەرێنی؟ بیرت کردەوە وەکو کەسانێکی تر قاچاخچێیەتی بکەی. چونکە زۆر کەس بۆ ناو ئەوان هاتبوون و لەگەڵ بارودۆخەکە دەریان نەبردوو بونە قاچاخچی، بەڵام هەستت کرد بەم کردەوەیە پشت لە هەموو مەبدەئێکی خۆت دەکەیی و دەیخەیتە ژێر پێیەوە. دواجاریش هاتیە سەر ئەوەی لەکوێرە دێیەک ببیتە پاڵەو جوتیار، چونکە بڕیاری گەڕانەوەت لە مەڕ خۆت سرابووەوە، سەرێکەو هێناوتەو نایبەیتەوە..

تازە مووت لێ هاتبوو، ئێستا بۆ بە فیرۆچوونی پازدە ساڵی تەمەنت دەکڕوزێیتەوە. سەرەتای ئەم پازدە ساڵەش، دەگەڕێیتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٥ هەر بە قوتابیەتی لەشار بیوویتە یەکێک لە ئەوان، بەڵام سەرەڕای ئەوەش لێت بەگومان بوون، ئاخریەکەی لە گوندێک بویتە سەپانی کوێخا»زۆراب«. یەکەم ڕۆژی دروێنەکردن، دەرەوەنی و مەڵۆ نێرەکان گاڵتەیان پێت دەرکرد، پێت پێدەکەنین، کە لەو کارەدا بەتەواوەتی بێ بەهرەیی و پێیان دەوتی:

**- «تۆیەکی کوڕە شاری چیت دابوو لەم دەردەسەریە؟، بۆخۆت نانی فیساوت بخواردبایەو ئاوی تەزیت هەڵقوڕاندبا، چۆن بەرگەی ئەم زەردە گرەو مەشریقانە دەگری؟ بچۆ بۆخۆت لە شار کۆڵکیشی بکە لەم حاڵەت چاکترە..».**

هەرکە ئەمەیان بەگوێت دادا، چاوەکانت لە فرمێسک پڕ دەبوون و لە پیاوەتی و مرۆڤایەتی خۆت دەکەوتیتە گومانەوە.

تازە مووت لێهاتبوو چیت بەخۆت کرد، هێشتا مووت لێنەهاتبوو بیرت لە دەردەرسەری و ئەشکەنجەکێشانی ئەو جوتیارانە دەکردەوە. چاوی خۆت بەسەر کتێب خوێندنەوە کوێرکرد، بۆئەوەی بگەیتە بنج و بنەوانی ئازارەکانیان، شەوو ڕۆژ خەونت بەو جیهانە سەوزە دەدیت، کەبۆیان دەرەخسێ، دەتوت سەدەیەکەو لە ئازارەکانیاندا قاڵ بووی، بۆیە بڕیارت دابچیتە ناو ئەوان، کەچی ئەوانیش دیاربوون لێت بەگومان بوون، لێت وەرز بوون:-

**- لەکوێوە هاتووی؟**

**- کێ تۆی ناردۆتە ناومان بۆ گزیری کردن؟**

- **ئەگەر راتی نەڵێی شفلەتلیشت دەکەین.**

بڕیارت دا ببیتە سەپان، کەچی جوتیارەکانیش گاڵتەیان پێت دەکرد، بڕیارێکی سوورەوە بوو وەکو ئاسنی کورەی ئاسنگەر، لەناختەوە تینی دەسەند، دەبێ کارێکی ئەوتۆ بکەی ئەمانە پێی سەرسورمان بن، ئەوەبوو یەک دوو رۆژ لەبەر ئەو مەشریقانە، بەچاکی چاوت دەبڕیە دەست و داس وە شاندنی دروێنەکان، ئارەقە جەستەتی دەتلیسانەوە، یەک دوو کیلۆ خوێن و گۆشت و بەزت بەردەدا، دوو کیلۆ قورساییت کەمی دەکرد، هەر رۆژەی کیلۆیەک خوێن و گۆشت و بەزی جەستەت دەبووە، ئارەقە دەچۆڕایە سەر زەویەکەو دەبوە خۆراکی مۆرانەو کرمی برسی زەویەکان، دوای ئەو دوو رۆژە ئارەقە دەردان و تینوویەتی و هەڵقڕچانی بەرزەردە گەرما، توانیت هەرهیچ نەبێ نیو ئەوەندەی پیاوە خرتە درەوەنیەکان دروێنە بکەی، بەرەبەرە دەرەوەنی و مەڵۆنێرە ئاڵۆشاویەکان، بەسەرسوڕمانەوە تەماشاتیان دەکرد، چۆن زووبەزووی وەک و ئەوان سواڵەی گەنمە قەویلەو رەش گوڵ، بەدەستی چەپەت دەگرت و بەدەستی

ڕاستەت خێراداسەکە دادەوەشێنی و دەیدوریتەوە، تاوای لێهات بەمانگێک لەوان چاپووک و گورج و گۆڵتر بووی و، لە هاوشانی خۆیان دروێنەیان پێت دەکرد، یەکێک لە پیاوە خرتەکانیش بانگی هەڵدەداو پێی دەوتی:-

- ها. دەی مامۆستا. تەوالێت لار، بترەژم، دەست و بردی بکە، خۆر ئەوەنەی نەماوە لە دەمکەڵ خۆی بکاتە ئەو دیوەوە. پتر شان و قۆڵت دەوەشاند خوێن و گۆشت و بەزی جەستەت بەئارەقە دەتوایەوە، دەچۆڕایە سەر زەوی پەرێزەکە. دەبوە خۆراکی کرم و مۆرانەی برسی زەویەکە، تازە مووت لێ هاتبوو، یاخود ریشت تۆپ بوو، قۆز بووی، کیژە مەڵۆنێرەکان سەودا سەرت دەبوون، چونکە ماوەیەک کوڕی شار بووی، پیستەت ئەوەندە خۆرو زەردەگرە هەڵینەپروکاندوە، ئەوانیش لەوانەیە بەناچاری و زۆرە مەڵێ یاخود بەگوێرەی داب و نەریتی گوندایەتی مێردیان بە کوڕە لادێیەکان دەکرد، ئەگینا تۆ بوویتە مایەی هەناسە ساردی زۆربەی نەوجەوانی گوند، کیژان بەچاوی بە ئاشقاڵیەوە لەژێرەوە چاویان تێت دەبڕی، چاکتر

وەهایە بڵێی بەچاوی تامەزرۆیەوە لەسەر سواڵەکانت دەبوە دەمەقاڵیان، هەر کیژەو دەیویست سواڵەکانت مەڵۆکات.

بۆماوەی سێ مانگ لەو گوندە مایتەوە، بویتە جێگای رەزامەندی و شانازی خەڵکی گوندەکە، هەر کە ئێوارانیش دەستتان لە دروێنە بەردەداو دەگەڕانەوە، دوای بانگی نوێژان وردەو هەراشی گوندت لەخۆ گر دەکردەوە. باس و خواسی ژیانی شارت بۆیان دەگێرایەوە، هەندێ جاریش دەمت لەکاروباری رامیاری وەردەدا، بەتاسەوە گوێ رایەڵت دەبوون، وتەکان لەبەر گوێیان تازە بابەت بوون، سەیر بوون، بەدڵا دەچوون، پێیان خۆش بوو، ختوکەیان پێ دەکەوت، شیعری نالی و حاجی قادر و گۆرانت بۆیان دەخوێندەوە.

**- بەخوا مامۆستا قسەکانت چەورن، بەلەزەتن، تاکو ئێستاکە کەسێکی تر قسەی ئاوهای بۆ نەکردووین. یەکێکی تر هەناسەیەکی هەڵدەکێشاو دەیوت:-**

**- مامۆستا، دەم خۆش، پیاوی زانا ئاوها نەبێ بۆچی باشە ..!**

بەڵام خۆ لە قەرەدان لە ئیش و کاری سیاسەت قەباحەتە،

پەنجەت دەخستە سەر ئێش و ژانەکانیان، بەهەموو شێوەیەک هانت دەدان، بە دۆخی ژیانیان رازی نەبن و لایەنگری ئەوان بن.

❊❊❊❊❊

-٥-

تازە مووت لێهاتبوو، چویتە ناو شۆڕش، هەر کە گەڕایتەوە ریشت ماش و برنج ببوو، دیاری دەستت ژیانێکی پڕ کوێرەوەری و کۆلەمەرگی بوو، هەر لە وێش بوویتە خاوەن ژن و ماڵ، بەزاوا رێوی هاپۆ – محە – ئافتاوی کچە تاقانەی لێت مارەکرد، ئەو دەمەی بۆ ناو شار گەڕایتەوە تەنیا بووی، نە – دلێر – و نەدایکی دلێر – ئافتاوت – لەتەکا نەبوون، ئەوانیش هەردووکیان بەرۆژێک لەگەڵ کوختە خێر خواکەتان بوونە خۆڵەمێش.

ئەم «بەیانیە» چێشتەنگاوێکی درەنگ چوویتە ژوورەکەی ژنە رەشپۆشەکە، بەچاوی پڕ تامەزرۆیی جارانەوە لەگەڵتدا کەوتە لاقرتێ کردن، لەسەر دیواری ژوورەکەی وێنەیەک لە چوارچێوەیەکی ژەنگاویدا، بەتووڕەییەوە تەماشای دەکردی، هەر دەتووت چاوت لێ زەرد دەکاتەوە، بۆ ئەوەی نەک تۆش وەکو ئەوانەی دێنە ژوورەکەی بەبەرچاوی ئەوەوە لەگەڵ ژنەکەی کاری خراپە بکەی، لاوێکی هەندێ قۆزو چاوشین بوو، بەکڵاو جەمانیەکەی لارەوە، دەیویست لە چوارچێوەکەوە دەرپەڕێ. کت و پڕناسینەوە، سەرداری فەتاح هەمەوەن، لەگەڵ ماڵی – هەتاو – پێکەوە لەو حەوشەی دراوسێی ماڵە مامەکەت نیشتەجێ بوون، بەڵام روخساری تووڕەیی و لاساری و چەتوونیەکەی ئەو سەردەمەی هەر پێوە مابوو، هەرکە لە ژنە رەشپۆشەکەت پرسی ئەوە کێیە؟ ئەو بە سەرسوڕماویی و گومانەوە وەڵامێکی دایەوە:-

- **مێردەکەمە، چەند ساڵێکە بەجێی هێشتووم.**

دواجاریش بۆت دەرکەوت لە خوێنی جوانی خۆیدا گەوزاوە،

ئەویش وەکو تۆ رەنج بە خەسارەو ئاوەو ئاو رۆیشتوە، تۆ گیرۆدەی رۆژگاریکی ئیفلیجی، ئەو رۆژەی دەنگ و باسی زەماوەندی – هەتاو – ت پیگەیشت، دەمەو ئیوارەیەک بوو کرێوەی بەفر کولیتی هەژارانی دەتلیسانەوە، تازەکی لە یەکێکە لە نەخۆشخانەکانی شارە گەرداویەکە نەخۆشیەکەت هەوی کربۆوە، بەدەم ئازارەوە دەتنالاند، پزیشکەکەت بەژوور سەرتەوە، ببوە جەلادیک، ژنە برینپیچەکان بە مەمکی دەرپۆقیوو لینگی رووت و دەم بە کاویژی بنیشتەوە، بەرقەوە دەهاتنە سەرت و دەرزیەکی مۆرفینیان وەکو زەردەواڵە بەلارانتدا دەچزان، خۆ ژنە برینپیچە رەش مرقنەکەیان هەرکە پەیدا دەبوو، نەخۆشەکان لە ترسان خۆیان لەژیر چەرچەفە سپیەکاندا دەشاردەوە، ئەویش بە ئارەزووی خۆی دەستی دەخستە ناو پیشووی دەرپیی نەخۆشەکانەوەو کوونە لووتەکانی فش دەبوونەوەو چاوەکانی بۆ چەند ساتیک لەیەک دەنا . ئەو رۆژەی خۆشەویستی تۆو هەتاو لە بیخەوە هەلکیشرا، ئەو سۆزو ئەڤینە پاکەی کە هەرگیز بڕوات نەدەهات، چ باو بۆرانیکی ئەفسانەیی دنیایەکی

ئەندێشاویش، لە وزەیدا هەبێ گەڵایەک لە درەختی هەڵروشێنێ، چەشنی چیا سەخت و سەرکەشەکانی دەوروبەری گوندەکەتان، لەگەڵ وەیشوومەی سروشتدا رکەی دەکردو سەری دانەنواند و بەسەر کێشی دڵنیا بووی، بەڵام دوای ساڵانێکی دوورو درێژ بەم دۆخە چاوت بە – هەتاو – کەوت .

منداڵ بووی یەکەمجار چوویتە ناو ئەوان، پشووی نیوەی ساڵ بوو، بۆ گوندەکەتان گەڕابوویتەوە، پۆلی شەشەمی سەرەتایی بووی، بەنەخۆشی چوویتە ناویان نەک بۆ ئەوەی لەناویان بمێنیتەوە، بگرە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیەکەت بوو، باوکت دەیووت رێگای شار دوورەو بەترس بوو، ئەوانیش لە گوندەکەی ئێوەوە چەند قۆناغێک دوور بوون، دەیانووت پزیشکێکی چاک خۆی گەیاندۆتە ناو ئەوان، شەوێکیان دایکت بەباوکتی ووت:-

**-　　هەر لە سبەی زووتر نیە – قارەمان – بخەرە سەر گوێدرێژێک و ئەویش تاقی بکەرەوە، بەڵکە ئەمە خوای کرد شفای لەدەستی ئەو بێت.**

هەر ئەو شەوە باوکت رۆیشت و گوێدرێژەکەی لە «فەیزوڵا» بە ئەمانەت هێنا، بۆ ئەوەی سبەینێ پێی بچن بۆ ئەوەی . زۆرت پێ خۆش بوو، دایکت گوێدرێژەکەی – فەیزوڵا – ی دەست نیشان کرد، هەستت کرد ئەوە گوێدرێژ نییە، بەڵکو ئەسپێکی ئەفسانەییە، ئیتر هەموو مندالانی ئاوایی شانازیت پێوە دەکەن، کە بەسواری گوێدرێژەکەی – فەیزوڵا –، قارەمان لەگەڵ باوکی رۆیشتوون بۆ ئەو ژوورە، چونکە سەربردەی ئەو گوێدرێژەی فەیزوڵاش هەمیشە وەکو پەندێکی پێشینان خەڵکی بۆ مەبەستێک دەیانووتەوە، هەرچەندە گوێدرێژێکی ئاسایی بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی فەیزوڵا خاوەنی بوو، بۆیە بەو جۆرە خەڵکی گوندەکەتان بۆ قوشمە بازی و قسەی نەستەق ناویان دەهێنا، وەکو گوێدرێژەکانی دیکە، جوتێ گوێی قوت و درێژی پێوە بوو، ناوشان پان و هەردەم چوار پەلی خڕناڵ بوون، جووتە چاوێکی زۆر بزی هەبوو، ئەوەندەش جەستە جیڕو تۆکمە بوو، بەدەگمەن شتێکی لێ دەقەوما، ئەوەبوو جارێکیان لە شاخە بەرزەکەی ژوور ئاواییەوە، خۆی و فەیزوڵا دەگلێن،

کەچی تەنها فەیزوڵا لە هەندێ لاوە جەستەی رووشا بوو و جەستەی ئازاری پێگەیشتبوو، بەڵام ئەو لەنێو ئەو هەڵدێرەی کە تێدا هەڵدێرابوو، وەکو نەبای دێ و نەباران ئەوەشی لێ بەسەر نەهاتبوو، رەپ لەسەر چوار پێیان راوەستابوو، بۆخۆی بێ باکانە دەلەوەڕاو چاوی بڕیبوە ئەو خەڵکەی، کە بەدەنگی کارەساتەکەوە هاتبوون، سەربردەی ئەو گوێدرێژە زۆر دوورو درێژ بوون، بگرە هاوچەرخی زۆر کارەساتی ئەم سەدەی بیستەمە سەر بە گۆبەنە بووە، پتریش پەیوەندی بە سەربردەی فەیزوڵاوە هەبوە، وەختی خۆی لە دوورە گوندێکی ئەو ژوورانە، هەر بە هەرزەکاری هاتبووە ئەو گوندەی ئێوە «کانی گۆمە» و ببوە رەنجبەری – مامە ناڵە –، ماڵی مام ناڵەش گوێدرێژێکی «ماکەر»یان دەبێ، دووساڵی پشووتر جاشە مێینەیەک دەهێنێ، ئەو ساڵەی فەیزوڵاش گەیشتبوە گوندەکەتان، جاشە نێرەیەکی دەبێ و مام ناڵەش دەیکاتە خەڵاتی، مام نالە کچێکی دەبێ و ناوی «سەباو» دەبێ، کچێکی خرپن و چاو خورمایی و لەش و لار توندو تۆڵ و قسە خۆش و بزێو بوو، ئەوەی فەیزوڵاش

بوو لاوێکی کەڵەگەت و سوورو سپی و نیشانەیەکی رەشی گەورە لەسەر روومەتی چەپی هەبوو، بەڵام زۆر شەرمنۆک بوو، یاخود لەبەر ئەوەی هەندێک کەمژەش بوو کەم جار لەگەڵ «سەباو» قسانی دەکرد، ئەو قسانەش دەیکردن لەکاتی ئیشوکار راپەراندن بوو، یاخود داوای هەوجار و توێشەبەرە ئامادەکردنی لیَ دەکرد، لەوە بەولاوە تێپەڕی نەدەکرد، ئەگەر بهاتبایە قسەکردنیش هەندیَ زمانی پەڵت دەبوو، و رەنگی سوور هەڵدەگەڕا، چەند ساڵێک بەو جۆرە فەیزوڵا بەسەر دەبات و هەتا دەهات، پتر هەویای – سەباو – لە دڵ و دەروونی پەنگی دەخواردەوە. بەین نا بەینێکیش مامە نالە بە زمانی لووسەوە بۆ هەڵخەڵەتاندنی فەیزوڵا پێی دەوت:-

- **کوڕم ئەزانم، هەویای سەباوی، بەڵام پشووت هەبیَ، لەتۆ پیاوتری بەمێرد نادەم، سەباو بژی هی تۆیەو بمری هی گڵە..**

نەی دەزانی ئەم قسانەی مامە نالە، گاڵتە جاڕیەو بەیانی دەکەوێتە دەمی وردەو هەراشی گوندەکەتان و، منداڵ و کورگەل بەتەوسەوە پێیان دەوت:-

- **چیت دەوێ فەیزوڵا. سەباو بمرێ هی گڵەو بژی هی تۆیە..؟!**

ئەوەندەی دیکە بەم قسانە لە خۆشیان شاگەشکە دەبوو، و مەسەلەکەی بەراست دەزانی، بۆیە رەنجی ئەو بۆ مامە نالە رەنجی نانە زگێ بوو، یەک دوانێکی گوندەکە ئەگەر لەبێ ئیش و کاری سەریان ژانی کردبایە لەبن لادیواری کەلاوەیەک دادەنیشتن و بەگفت و گۆ لاقی خەڵکیان دەبردە دەمەوە :-

- **ئەڵێن فەیزوڵا شەو باخەڵی گوێدرێژە ماکەرەکەی مامە نالە ئەکات..!**
- **لەمنەتی مامە نالە باشترە.**
- **ها . ها . ئی هی، ئی هی . هە . هە. هە . هە**
- **ئەویش تەنها زمانی نیە قسە بکات، ئەگینا..**
- **بەخوا ئەگەر بەوەش بزانێ تەنەکە بەکلکیەوە ئەبەستێ.**
- **تەە . تەە . تەە.**
- **سەباو بۆ گەمژەیەکی وەکو ئەو چۆن دابین دەکرێ؟**
- **بۆخۆت لێمان ناکەیتە نێرە تەژەو، بڵێی من سوارەی ئەو**

**ماینە کوێتیەم.؟**

**-        گونیەک خەت سوور گەنمە قەویلەت بۆ ئەدەم بەلاشاندا، وەکو بڵێ جاخە توتنێک هەڵئەگرم.**

**-        دەک رووت ببێتە بنی مەنجەڵ بۆخۆت و درۆ و فیشاڵت،**

-        ئەوەبوو – سەباو – مێرد دەکات، ئیتر فەیزوڵاش پاش چەند مانگێک لەو سەربردەیە دەست لە کاری رەنجبەریەکەی هەڵدەگرێ، لەگەڵ گوێ درێژەکەی دەبێتە چەرچی و دێوەرەو بەگوندان دا سەرگەردان دەبێ، ئەو ساڵانەی ببویتە یەکێک لەئەوان پاش ئەوەی فەیزوڵا لەیەکێک لە رێگاو بانەکان ببوە گوللەی وێڵەوە، گوێدرێژەکەی بە جەستەی دارِزاوو پەککەوتەییەوە لەگوندەکەتان بەرِەڵڵا بوو، هەر رۆژەی زیانی، لە رەزو باغێک دەدا..

ئەو شەوە دوای قسەکەی دایکت، باوکیشت چوو گوێدرێژەکەی لە فەیزوڵا بە ئەمانەت خواست، تاوەکو بچن بۆ لای ئەوان، هەروەکو دایکت دەیوت: بەڵکە ئەمە خوای کرد شفای لەدەستی

دکتۆرەکەی ئەوان بێت..؟

بۆ بەیانی زوو هەر کە لە خەو رابوون، باوکت بەدەم هەنسکی گریانەوە بەسەر گوێدرێژەکەوە شەتەکی دای، لێوەکانی تەتەڵەیان دەکرد، فرمێسک زەنگۆڵ زەنگۆڵ بەسەر ریشە ماش و برنجەکەیدا، چۆڕاوگەی دەبەست، بەو بەیانی شیرەی شەبەقە رێگای هات و نەهاتە، ئیتر لەماڵەوە وەدەر کەوتبای، جارێکی دیکە بەتەمای گەڕانەوە نەدەبووی، کەس و کاری بەهەناسە ساردی و دیدەی پڕ گریانەوە ماڵئاوییت لێ دەکەن، گریانەکەی باوکت بۆ ئەوە بوو، دەترسا لەوێش چارەسەر نەکرێی، ئینجاش ناچار دەبێ بەرەو شار بەهەزاران ترس و دەڵەکوتێی مەرگەوە، دیسانەوە لەسەر گوێدرێژێک شەتەکت بدات.

*****

-٦-

ئەو بەیانییە سەرجەم دەردەسەری ئادەمیزادتان لەکۆڵ نابوو، دنیا هێشتا تاریک و روون نەبوو، ئەو کەژانە وەکو هەموو کلۆڵی و هەناسە ساردی خەڵکەکەیان لێ وروکابێ، سەر بەتەم و مژبوون، بەو شیرەی شەبەقە سەمفۆنیایەکی ساردو سڕیان دەژەنی، گوندەکانی بناری چیاکان هەریەکەو تارمایی کۆمەڵە ئاژەڵێکی نووستوو بوون، بەرە بەرە سپی دەچوونەوە، تاریکی و تەم و مژیان لەخۆیان دەتەکاندو باوێژکایان دەدا، هەروەکو مرۆڤە نیشتەجێکانیان خۆیان گورج و گۆڵ دەکردەوە، باوکت

هێشتا فرمێسەکەکانی سەر ریشەکەی کزر نەبووبوونەوە، بەنیگایەکی کەیل و کلۆڵەوە تەماشایەکی ئەو دۆخەی تۆی دەکرد، دیسانەوە چاوە بەخەمە هەمیشەییەکانی، فرمێسکیان پێدا دەهاتە خوارێ، کەلەملەکان هەناسەیان کورت دەکرد، پتر تەنگەنەفەس دەبوو، هەموو بەخۆزیای ئەوەی لەوێرا چارەسەرێک بکرێی.

جێ و رێی ئەوان چەند قۆناغێک لە گوندەکەی ئێوەوە دوور بوو، بەهەزاران تۆڵە رێی پێچاو پێچ و دەربەن و هەڵدێر و سەربەرەوخوارو سەربەرەو ژوورە، «تاڵی و شیرینی دنیای رێبوارە» بوو، برە گوندێک هەریەکەو دە دوانزە ماڵێک دەبوون و نابوون، یان لە بنار چیایەک خۆیان مات داوە، یان ئەوەتا بەلاپاڵێکەوە بەسەر کزیەوە، چاویان بڕیوەتە دۆڵ و نشێو و سەرترۆپک و رەوەزەکان – ئێستاش هەر لەو دۆخەی جارانی خۆیان –، بە پیرتەوە دەهاتن، دووراو دوور سڵاویان لێتان دەکرد، یان بەسەر گردێکەوە تا لەچاو وون دەبوون چاودێریان دەکردن، ژیانێکی سادەو بێوەی بوو، ئەگەر چی گۆبەن و گێچەڵێکی زۆریان نابۆوە، کەچی ئێستا ژیانت لەچوار چێوەی

ژووره سەنوقیه هاوچەرخەکان دا، پەلەقاژە دەکات، بۆنی تەماتەو میوەی گەنیو، زەلکاوەکان، چەندان ژنی تامەزرۆو حەیشەری دەتکەنە پەڕۆی بێ نوێژی هەوەسێک، چەندین پیاوی رەبەن لە ژووره چڵکنەکاندا، دەس مێزی خۆیان دەدەن، ئەم هەمووە دەبنە کۆمەڵێ دڵ هەڵشێوان و رژانەوەو خەونی ئاجر و باجری شەوگارەکان.

دەیان جار لە رێگا دەکەوتنە بنار چیایەکی هەزار بەهەزار، چەند جارێکیش گوێدرێژەکەی فەیزوڵا، لە هەڵدێران پاشوەکانی دەخزان و شیرەی ترِی بەردەدا، بەچاو قایمیەوە دەتدایە قاقای پێکەنین، ئەویش بە رێکەوت و چاو قایمی خۆی دەگرتەوە، ئینجاش باوکت رووی دەمی لە ئاسمان دەکرد و شایەتمانێکی دەهێنا، تۆش هەر کە چاوت دەبڕیە ئاسمان، رەوە واشەیەک بەسەر سەرتانەوە سوورِو گوڕی ئەو ناوەیان دەدا، وەکو بڵێی چاوەڕوانی هەڵدێرانتان دەکەن، بۆ ئەوەی کەلاکتان بکرێننەوە. ئەم خەڵکە چەند سادەو بێ ورەن ؟ ئەم سادەیی و بێ ورەییەش بۆتە هەوێنی هەموو دەردی سەریەکی پشتا وپشتیان و

بەرەچەلەکیان دا چۆتە خوارێ، هەرکە دەرزیەکیش لە پەنجەیان بچەقێ، رووی دەمی پڕ ناڵەو ئۆف و دووعاو لووشە لە ئاسمان دەکەن، چونکە هیچیان لەبار نیەو، سروشت ئەوەندەی تۆقاندوون، تەنانەت دەرەقەتی واقیعی ژیانی خۆیان نایەن، بەرامبەری دەسەپاچەن، لەم حاڵەتانەشدا لەسێبەری خۆیان دەسڵێنەوە «دەست بەکڵاوی خۆتەوە بگرە خواگەورەیە» ئەگینا پیاوی بەوورەو کەڵەمێرد چ پێداویستی بە دوعاو لووشە هەیە، بگرە بیرو هۆشمەندی تایبەتی خۆی کردۆتە جۆرە ئاینێک.

دەمەدەمی نیوەڕۆیە گەیشتنە جێ و رێ و بارگەی ئەوان، بەڕووگرژیەوە بەخێرهاتنیان کردن، جێگای پزیشکەکەیان نیشان دان، ئەوەتا دیسانەوە مرۆڤایەتی دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی منداڵی مێژوو، بەرۆژ، بە مانگ، بەساڵ، هەزاران مرۆڤ دەبنە نیشتەجێی ئەشکەوتەکان، لە ترسی هاوخوێنەکانیان هەڵدێن، تاوەکو لە بڕیاری کوشتنیان خۆیان دەرباز کەن، دەبنە هاودەمی دڕندەو وەحشیان.

ڕێگای نەخۆشخانە ئەشکەوتیەکەیان بەباوکت نیشان دا، بەپەلە لە ڕەشمەی گوێدرێژەکەی فەیزوڵای گرت و کەوتە پێش:-

- **هەچە، هەچە، سندانت لێ کەوێ.**

دیار بوو گوێدرێژەکە تێخووڕینە تووڕەییەکەی باوکتی لە دڵی چەقی بوو، هەستی بە بریندار‌بوونی کەرامەتی دەرکرد، چوار پێی لە زەوی وەکو مێخ لەزەوی داکوتا، بەدەم ڕاکێشانی ڕەشمەکەوە ملی دەبوە هەویر و درێژ دەبۆوە، باوکت بە زەردەخەنەیەکی شەرمەوە وتی:-

- **هەچە کوڕی باش بە، لەبەر خاتری قارەمانە فەنی پێیەک هەڵگرە.**

دیار بوو بەو قسەیە دڵی نەرم بوو، چاوەکانی بوونە چاوی پەلەوەرێکی ترسنۆک، سەری بۆ زەویەکەی شۆڕکردەوەو بۆنی بە ڕێگاکەوە دەنا، وەکو بۆنی مێیەنەیەکی هاوڕەگەزی خۆی بکات، بە هەڵمە قۆ بە تووله ڕێگاکەدا هەڵزنا، تووله ڕێگاکە مارێکی سەرو کلک بڕاو بوو پێچاوپێچ بەقەد لاپاڵەکەوە ڕەق

هەڵاتبوو.

جێگای پزیشکەکە لە دوو ژوورو بەردالآنێکی لە ئەشکەوت دروستکراو پێکهاتبوو، لە کەسانی نەخۆش و بریندار سیخناخ بوون، دڕک و داڵ و دەوەنەکانی دەوروبەری ئەشکەوتەکە، بەشەوان دەبوونە تارمایی و خێوو دێو و درنج و نەخۆش و برینداەکانیان زەراژەترک دەکرد، نەخۆشێک ئەگەر لەلایەکەوە بانگی پزیشکەکەی کردبایە «دکتۆر» ئەو پیرەمێردە قۆڕبوەی کە هەر دەتوت توورەکەیەکی لە دووتۆی رانەکانی شاردۆتەوەو بۆ چارەسەری هاتبوو، وەڵامی دەدایەوە:-

**- تەڕەماش، کەی دکتۆر بوو؟ نەشتەرچیەکی خوێڕی بوو، لای ئێوە بۆتە دخخخخختۆڕڕ. ئەگەر دخخختۆر بوایە، ژنەکەی خۆی نەئەکوشت و، لێرە جێگای بۆتەوە بەسەر ئێوەدا گەنجەفە لێئەدات.**

بەزمی ئەو خەڵکە لارە خوارە بەو پیرە مێردە دەرچووبوو، هەموو جارێ ئەو تەلەفۆنە پەکەوتووەی کەلە ئەشکەوتەکە چەشنی عەنتیکەیەک دانرابوو، هەڵی دەگرت و هەرجارەی لەگەڵ گەورە پیاوێکی دەوڵەت قسەی دەکرد و ڕازو گلەیی

خۆی دەردەبڕی و داوای لێیان دەکرد، هەموو ئەوانەی لە ئەشکەوتەکەدا هەن لە سێدارەیان بدەن.

ئێستاش چاوە پڕ تروسکاییە ئازایەتیەکانی «ئەحمەد» ت لەیادە، ئەویش هاتبوە ناو ئەوان تا ببێتە یەکێک لە ئەوان، کەچی لەویش بەگومان بوون، هەرچەندە بەناو کردبویانە یەکێک لە خۆیان، بەڵام لەو نەخۆشخانە ئەشکەوتیە کردبویانە پێش خزمەتی ئەو نەخۆش و بریندارانەی کەدەڕیانە ژێر خۆیان، چڵک و کێم و چڵم و ریتنیانی خاوێن دەکردەوە.

ئەحمەد، زەلامێکی دامەزراوی گەرمیانی بوو، هەندێ رەشتاڵە بوو، کەڵەمێردی لە چاوەکانیدا دەدرەوشایەوە، لە هیچ سڵکردنەوەی نەبوو، دڵسۆزی لەناو ئەوان گیرساندبوویەوە، کەچی ئەوانیش کردبوویانە پێش خزمەتی نەخۆش و بریندارە ریتناویەکان، لەسالآنی داهاتوو بەهەزار نیخەنیخیش بووە یەکێک لە ئەوان باوەڕپێکراویان، لە ئازایەتیدا ناوی کەوتە سەرزارو، تەنانەت هەروەکو دەیانوت دڕندەو وەحشیاتی کێوانیش بەژنەوتنی ناوی ئەو دەسڵەمێننەوە، ئەوەبوو رۆژێکیان لەناو

شار بەکارەساتی دڵتەزێنی ئۆتۆمبێل دەفەوتێ.

هەواڵەکەشیان هەر بەو شێوەیە بڵاوکردەوە، چەندانیش هاوبابی ئەو هەر بەو کارەساتە دڵتەزێنانە لەو رۆژانەدا لەناو دەچوون!!

بەیانی ئەورۆژەی کە بەرەو رێ و جێی ئەوان بە رێکەوتبوون، بەسەر گوێدرێژەکەی فەیزوڵاوە خەوە نوتکێت بوو، باوکیشت لەبەر خەوە نوتکێ لەبەردەم رێگاوە ساتمەی دەکرد و بەترسەوە وەئاگا دەهاتەوە، پەلاماری تۆی دەدا، ئەم لاو ئەولاتی رادەمۆسی، وەکو بڵێ خەونێکی ناخۆشی پێتەوە دیبێ، ئینجاش دەستی درێژ دەکردو پێی دەوتی:-

- ئەوەتا گوندەکەی مامە سابە، ئەوەتا تەماشاکە، لێمانەوە دیارە، ئێستاش بەرچاییەکی بەلەزەت و بەتامیان ئامادەکردوە، لەوێ قاوەڵتی ئەکەین، ئینجاش ناوی خوای لێ دێنین، بەڵکە کورم ئەمە خوای کرد لەلای ئەوان چارەسەرێکت هەبێ، شفات بەدەستی دکتۆرەکەی ئەوان بێ..؟!

هەموو مێژووی دنیات لێ تێکچوو، سەرانسەری مێژوو لەبەرچاوت دەبوە، ترس و لەرز و دەردەداریی، لەپڕێکا هەمووت لەبیر دەچۆوە، دەکەوتیتە خەیاڵەوە، بەخەیاڵ دنیایەکی پڕ کەلەمێردی و جوامێرت درووست دەکرد، ئاش لەخەیاڵێ و ئاشەوان لەخەیاڵێ، چاک دەبوویتەوە، دەبویتە یەکێک لەئەوان، بەشانازیەوە دەکەوتیە تەکیان، وەکو ئەوان لەرێزدا بەلێوارو لاپاڵی چیاکانەوە رێگات دەگرتەبەر، هەرچ کاتێکیش بۆ گوندەکەتان دەهاتیتەوەو نیشانەیەکی کەڵەمێردی و جوامێرت لەشان کردوە، دایکت دێتە پیریتەوە بەو بۆنەیەوە هەلهەلە لێ دەدات، کە بوویتە یەکێک لەئەوان، باوکیشت بەشانازیەوە باوەشت پێدا دەکات.

خزم و خوێش و خەڵکی گوندەکەتان بەچاوی پڕ ترس و رێزلێنانێکی درۆزنانەوە پێشوازیت دەکەن، ئەم لاو ئەولات بەرامۆسین دەلێسنەوە.

هەرکە لەو خەیاڵە وەئاگا هاتیتەوە، باوکت پێی وتی:-

**- رۆڵەکەم خێراکە باداتبەزێنم، ئەوەتا گەیشتینە ئاوایی و**

**ئەوەش ماڵی مامە سابەیە.**

زیباترین ساتی مرۆڤ ئەوەیە لەو دەمەو بەیانیەدا، کیژۆڵەیەکی ڕووگەش و نەشمیل بەزەردەخەنەیەکی بێ تاوانەوە بەخێرهاتنت بکات، بەتایبەت ئەگەر کیژۆڵەیەکی ناوشاخی بێ.

زۆربەی دەردەسەریەکانت لەگەڵ ژندا، دەگەڕێتەوە بۆ سەروەختی زارۆکیت، هەست و نەستی مرۆڤیش لەتەمەنی زارۆکیدا وەکو کاغەزێکی سپی و بێگەردە، هەرچەندی خەت خەتێن و لێ رووشانی لەسەر بکرێ، تا تەمەن دەبڕێتەوە جێگای خەت خەتێن و لێ رووشانانە دیارن، بەسۆن، دەبنە هەوێن و ماکی هەموو رەفتارێکی ئایندەت، یاخود چەشنی کۆنە برینی تیراوە، وەختاو وەخت هەودەکاتەوە، دێتە سۆ، ئۆقرەت لێ هەڵدەگرێ، ئەو رەفتارانەش چ دەستێکی تۆیان تێدا نەبوو، لەوانەیە بەرێکەوت لەدایک دەبوون، یان ئەوەتا دەستی کەسانیدی تێدا هەبوو، زۆرجار ژنی زۆرلێکراوو کلۆڵ و بێ بەش کراو، دەبوونە کلیلی ئەو رەفتارانە، لە قوژبنی ماسولکەکانی مێشکتدا خۆیان شاردۆتەوە، لەکاتی پێویستی بێ ئاگاییدا خۆیان دەخەنە

بەرچاوو ئالۆش دەخەنە جەستەتەوە.

ئەو دەمەی وەکو دەڵێن هێشتا بۆنی شیری خاو لەزارت دەهات، - ئامە - ی خرت و گەورە کچ چەشنی زۆربەی ژنانی کۆمەڵێکی زۆرلێکراوو دواکەوتوو، کچێنی خۆی بەتۆ تاقی دەکردەوە، دیار بوو پەنجەی ئەفسووناوی پر لەزەتی نێرینەی پێ نەکەوتبوو، بێ بەش بوون و کلۆڵی ئەوەندە ئازارو ئەشکەنجەی تفاندبوە گەروویەوە، هەرکە دەگەیشتە کرۆکی خۆشاوی پەیوەندی قەدەغە کراوو نائاسایی، نێوان مێردمنداڵێکی وەکو تۆو گەورەکچێکی تامەزرۆ، بە چپەیەکی پڕ هەوەسەوە خێرا خێرا دەیوت:-

**- حەزت لێ دەکەم، بۆت دەمرم، بابەڕاستی ببینە ژن و مێرد..!**

دواجاریش دەیدایە پڕمەی گریان، تۆش لەترسان دەستت بە زۆڕە زۆڕی گریان دەکرد، هەستت دەکرد ژن و مێردایەتی تاوانێکی گەورەیە، خوداوەند لەو دنیا تووڕت دەداتە نێو دۆزەخ و، قوڕقوشمی تواوە دەڕێژێتە نێو ئامێرەکەتەوە، - ئامە - ش

خۆشاوی گەرم و گوڕی نێرینەیەکی مێردمنداڵ، ئەوەی لەبیر بردبۆوە کە ئامێرەکەت هێشتا ئاژەڵێکی تەمەڵ و نووستوە، تەنها ئەرکی میزکردن رادەپەڕێنێ، ئێستاش خۆشاوی ئەو تەمەنی نۆساڵیەت، وەکو دەڵێن تام و ئازارەکەی لەبۆشایەکانی نێو دانەکانت خۆی مەڵاس داوە.

زیباترین ساتی مرۆڤ ئەوەیە لەو دەمەو بەیانیە ناو شاخاویانە، کیژۆڵەیەکی رووگەش و نەشمیل بە روخساری بێ ڕتوشەوە، بەجوانیەکی بەخشندەیی و سرووشتیەوە پێت بڵێ « ماندوونەبی» ووشەی ماندوو نەبوونیش مانایەکی گەورە دەبەخشێ، بەڵکو بۆ ئادەمزادی چیای وشەیەکی سیحراویە، چونکە هەر کیلۆمەترێک رێگا بڕین، ئەوەندەی پەنجا کیلۆمەتر جادەی قیرتاو و دەشتاییەکی کاکی بە کاکی ماندووی دەکات، بەدەگمەن تووشی دەبێ بەتووشی زەویەکی پێدەشتەوە، بۆیە دانیشتووی ئەم ناوچانە هەر لەسەرەتای پەیابوونیانەوە، لەبری هەرچی دەربڕینی بەخێرهاتن هەیە، وشەی «ماندوو نەبی» یان دۆزیوەتەوە، بەر لەوەی هیچ شتێکی تر بدۆزنەوە، ئیتر

ڕێبوارەکەش بەو وشەیە وەکو دەستێکی ئەفسوناوی پێدا بساوی، یەکسەر ئاسوودە دەبێ و هەست دەکات ئەرکەکەی واتایەکی بوون، دەبەخشێ.

منداڵ بوون ئەگەر بتانووتایە «ماندوو نەبن» زۆر تووڕە دەبوون، چونکە وشەی «نەبن» تان بەنیشانەیەکی ناڕەزایی و خراپ تێگەیشتن، بۆیە زۆر جار دەگەیشتینە کرێکار و جوتیارو پاڵە، پیتی «نە» ت لادەبرد و دەتوت: ماندوو بن، ئەوانیش بەتووڕەییەوە دەیانوت: دەک ڕۆڵە عەمرِ درێژ نەبی، بڵێ ماندوو نەبن سەلکە سەگ، ئەوجا تێدەگەیشتی شتێکی ناوێڵ دەڵێی.

*****

-٧-

ئەوساتە ناو شاخیانە بەدەگمەن شاعیران دەتوانن وەسفی بکەن، مرۆڤی ناو چیایش تەنها دڵی بەو ساتانە خۆشە، سروشت هەر ئەوەندەی پێ رەوا بینیوە، ئەو دەمە بەیانیەی تازە تاریکی بەرەو کەژەکان هەڵدەکشا، رووناکی وەک و ریبوارێکی شەکەت بەرەو دۆڵ و نشێوەکان لۆژ دەبۆوە، کزەی سەرمایەک وەکو دەستی ژنێکی سەرما بردوو، بەلەزەتەوە خۆی دەکردە ژێر جلوبەرگەکانتەوە، وەک بڵێ ختوکەی دەدای، زەردەخەنەت

دەهاتێ، باوکت بەباوەش لە گوێدرێژەکەی فەیزوڵا دای بەزاندی ئینجاش لەژێر شانت نەوی و مامە سابە لەگەڵ باوکت دەستە مۆچیان کرد:-

- یاخوا بەسەر دیەکانم بین، ئەی فڵانە بەخوای دەمێکە ئەڵهاتان دەکەم و چی بکەم دەستم ناگات. چونە حەوشەوە، مامە سابە بە «فەرموو، فەرموو» بەرەو ژوورە تایبەتیەکە پێشتان کەوت، ژوورێکی تایبەتی بوو بۆ میوان و ڕێبوارەکان، ژوورێکی بەدڵ و داو درووستکراو لەقوڕوخشتی قوڕە سوورە. بەوەستایەتی دارەڕا کرابوو، بەپێی پێویست یەک دوو تاق و کڵاو ڕۆژنەی بچووک بچووک لەسەر دیوارەکانی بەدەست رەنگینی ئادەمیزادی چیای چاپکرابوون، خانوویەکی بچووکی نیمچە لاکێشی لەناوەڕاست ژوورەکە تێدا سەکڵی سوورەوە بوو بە پزیزکەکانی لەگەڵ سەرماکەدا دەکەوێتە زۆرانبازیەکی توندوتیژەوە، تاکو تەوژمەکانی سەرماو سۆڵە بۆردەدا، ژوورەکەش بەگەرم و تینێکی خاو و قانگ دەدات، ڕووناکی دەرەوەی ژوورەکە خەریک بوو تەم و مژی کەژەکانی ئاشکرا

دەکرد، تام و چێژێکی شاعیرانەی دەخستە دڵەوە، لەبەر گڕی پڕ سۆزی کوانووەکە دانیشتن، مامە سابە بەباوکتی ووت:-

**- توخوا مامە کوێخا چۆنە ؟ گوڕێکی ماوە ؟**

**- باوکت هەروەکو بارێکی گران لەسەر سنگی خۆی لابدات هەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی:-**

**- تۆخۆش، خوا عەفوی بکات لەگەڵ مردووی حازریدا.**

**- مامە سابەش وەکو کزەیەکی پێکەوتبێ، سووکە راچەنینێک راچەنی و هەناسەیەکی خاوی هەڵکێشا :-**

**- دەستی شکاوم، بەخوا مردنیش کافر بابە، خاک و خۆڵیش زۆرجار نەعلەتی ئینسانە، هەزاران کەڵەمێردو پیاوچاک ئەشارێتەوە.**

هێشتاکە ماکی ئەو خەمباریە بەروخساریەوە پلی دەداو چاوی تێت بڕی و وتی:-

**- شوکر قارەمان بۆتە پیاو. ئەو ساڵەی من میوانتان بووم قنۆرکە بوو و ئێستا بۆخۆی بۆتە قارەمانێک .**

**ئینجا خەمباریەکەی هەندێ ڕەوی بووەوەو بەزەردەخەنەیەکی کاڵەوە وتی:-**

- ئای قارەمانە فەنی ! لەو شەوە . بێ مەڵامەت بی نەتهێشت چاومان بچێتە خەو، هەر ئەتقیژاند و نەنە – مەهڕوب ـــی داپیرەشت، وەکو گورک ڕووی دەمی لەئاسمان ئەکردو ئەیلوراندو دوعاو لوشەی ئەکرد، بەڵکە هەندێ هێور ببیتەوە.

مامە سابە بەپێکەنینەوە دەستێکی دایە سەرڕانی باوکتەوە وتی:-

- دوعاو لووشەی نەنە مەهڕوب گیرابوو، ئەوەبوو تۆ فیرکاندت و، ئینجاش داتە قاقای پێکەنین و کڕ بوویتەوە، تومەز ژانە گوو بوو، ئاوها خەوت لەچاومان هەراسان کرد.

شەرم دایگرتی و چاوت بڕیە زەویەکەو مامە سابە ئینجا بە سەرسوڕماویەوە هەڵی دایێ و وتی:-

- **بەڵام، ئەوەبوو ئاوها قارەمان لە روو لاوازەوە ؟**

باوکت بەچاوێکی پڕ حەسرەتەوە تەماشای دەکردی وتی:-

- لەوەتەی سەری لە هێلکە جوقاوە، هەر جیقەی قنگی

دێت، نەخۆشی پەتۆی نادات، ئەوەتا ئەیبەن بۆ لای ئەوان، ئەڵێن دکتۆرێکی چاکیان هەیە، خۆ دەستیشم ناگات بۆ شاری بەرم، خۆشت ئەزانی رێگای شار چیەو چۆنە.

**-	بەڵکە ئەمە خوای کرد . ئێ توخوا ئەوە باوکت کەی فەرموودەی خوای بەجێ هێنا.؟.**

**باوکت بەکزەییەوە وتی:-**

**-	زستانی پێرار.**

**-	گۆڕەکەی پڕ لە نوور بێت . ئای دەستی شکاوم بۆ مام کوێخا.**

**-	مامە سابە، پێش قاوەڵتی بەیانیان جگەرەیەکی سیغار دەردێنێ، بەدەم پێچەوانەی درێژە بەقسەکەی دەدات:-**

-	ئێمە منداڵ بووین ئەیانوت بەڕاستی لەسەردەمی هەرزەکاری، ڕۆڵە بووە نەگاڵتە، تەنها ئەوبوو بووە شانازی ئەم ناوچەیەی ئێمە . بەر لەوەی خۆی و نەنە مەهروب، بێنە گوندی – کانی گۆمە – یەکێک بووە لە قارەمانی شێخی گەورە، رۆڵەیەکی بەجەرگ بووەو نیشانەی ئەو سەردەمەش بەشانی

راستیەوە بوو، وەکو خۆی ئەیگێڕاوە لەشەرێکی دەربەند، لەگەڵ ئینگلیزەکان دوای ئەوەی شێخ، رۆحم بەفیدای بێ ئەپێکرێ، ئەویش لە شێخەوە نزیک ئەبێ پڕ ئەدات بۆ ئەوەی شێخ رزگار بکات، بەڵام گوللەی زاڵم شانی ئەپێکێ، ئینجاش دەستگیری دەکەن، پاش ئەوەی شێخ نەفی ئەکەن، ئەویش بەرەڵا ئەکرێ، ئینجا بۆ ئەم گەرمیانە سەری خۆی هەڵئەگرێ و لە گوندی کانی گۆمە خۆی و نەنە مەهروب ئەگیرسێنەوە، لەبەر ئەوەی کابرایەکی سەر راست و کەڵەمێرد بوو، خەڵکی گوند بەکوێخا دێ هەڵی ئەبژێرن، بەقسەکانی مامە سابە باوکت هەناسەیەکی کەسکون لەزاریەوە فیشقە دەکات، کەوتە خەیاڵاوی کوێخای باپیرەتەوە، قسەکانی مامە سابە ئەو رۆژانەی لە دەروونی جۆشە کە پێکەوە لەژێر ساباتی ناو رەزەکەتان، دوای بێڵتەپ کاری و ئاودێری رەزەکە، باپیرت بەباوکتی دەوت:-

- «تۆ چاک ئەکەیت خۆت لە هیچ کاروبارێک وەرنادەیت و خۆت تێوە ناگلێنی . ئێمەش ئەو سەردەمە وەکو ئهەمانە پف بدەن، ئەوها بە بیرو باوەڕی خوێن گەرمی پف دراوبووین،

گەرچی ئەوەی ئێمە دڵسۆزیەکی سادەی لەگەڵ بوو، چونکە زوڵم و زۆری دەسەڵاتداری هەمە چیزەمان چەشتبوو، هەرجارەی بەداب و دەستورێک و زمانێک، بە گاڵۆکێک لێیان ئەخورین و برسی و تێنوویان ئەکردین، ئەوساکە تازە عوسمانیەکان ئەو دەروبەرەیان بەجێ هێشتبوو، ساڵانیش پاش گرانیەکە بوو، ئەو گرانیە شوێن پەنجەو پاشماوەی ئەوان بوو، چونکە ئوردووەکانیان ئەو شتەی لەبەرد نەرمتر بوایە، تاڵان و بڕۆیان ئەکردو خەڵکەکەیان ئەخستە سەر ساجی عەلی، ئەوساڵەی دایکتم مارە کرد، زستان بوو، ئاخرو ئۆخری گرانیەکەش بوو، باس ناکرێ بەچ دەردەسەریەک زستانمان بەرێ کرد، ئەو ساڵە هەرچی هەرزن و ئاردی جۆمان هەبوو، لە هەزار کون و چاڵ شارد بوومانەوە. ئەگەر بهاتبایە نانمان کردبایە، ئەبوو شەوێکی درەنگ پاش ئەوەی زۆربەی خەڵک بە برسیەتی سەریان ئەنایەوە، ئەبوو تەنورمان داخستبایەو نانمان بکردبایە، ئەترساین بەرۆژ ئەوکارە ئەنجام بدەین، چونکە لەوانە بوو ئەو خەڵکە برسیە هەڵمەتیان بۆمان بهێنایەو تیابچوونایەو هەرچیمان

هەبوو ئەوانیش بەزۆر لە چنگمان دەربێنن، برسیەتی رەگی هاری پێوەیە، رۆژێکی سەخت بوو، ئیتر هەر کە بەهاریش بەردەرگای گرت، ورە کەوتە هەناومانەوە، ئیتر وەکو هەزاران ئەو خەڵکە، ترسی بە برسیەتی مردنمان لێنانشێ و بمرین، بەهار خێرو بێری بەخۆوەیە، ئیتر گیاوگژی کێویلەو پیشۆک و هەپڵۆک و کەنگر شین ئەبێ و ئەبووژێینەوە، ئەوەبوو نەمردین و دنیاش و بارودۆخی ناوچەکەش بەجۆرێکی تر گۆڕدرا، ئینگلیزەکان ئەم دەوروبەرەیان تەنی، دوای ئەو سەردەمەش قاو بڵاو بۆوە، کە ئینگلیز ئەیەوێ شێخی گەورە بکاتە مەلیکی خۆمان، خەڵکەکە بەو هەواڵە ئەوەندەی تر بوژایەوە و، هەموو دەردەسەریەکی گرانیەکەو پێش گرانیەکە لەبیر چۆوە، ئەوەبوو منیش چووم بۆ شارو خۆم بە سەربازێکی مەلیکی تازە ناونووس کرد. مانگی جارێک بۆ گوند ئەگەڕامەوە، بەدرێژی ژیانم هەر ئەو سەردەمە سەربازیم کردوە، متمانەشمان بەوە هەبوو کە جارێکی تر هێلانەمان لێ تێک ناچێ چونکە مەلیکمان ئەولای رەسولەو خوا بەهانایەوە دێت و نایەڵێ نوشوستی بهێنێ.

ئای لەو رۆژە رەشە، یاخوا دوژمنم چاوی پێ نەکەوێ، خۆ ناکەسبەچەو دووڕوو و دوزمانی لەمەڕ خۆمان، ئەیەڵن بحەسێینەوەو کارێکمان مەیسەر بێت..؟! ئەوەندە پاپەقەڵاییان لەبەر ئینگلیزەکان کرد تاوەکو هێلانەیان بەسەردا کاولکردین. تازەکی کاکە «حەسەن» ی ناموشەڕفت لە بێشکەدا دابوو، تۆش لە هیچ شوێنێکەوە ئاسەوارت نەبوو، تۆش پاش ماڵوێرانیەکە هاتیە دنیاوە، قاو کەوتە شارو گوندان کە ئینگلیز لە قەولی خۆی پەشیمان بۆتەوەو ئەیانەوێ شێخ ئەتک بکەن، چونکە ئەو بە پیاویانی نەئەزانی و هەرگیز بە دەستی رووتەوە دەستی نەئەخستە ناو دەستیان، ئەیوت ئەمانە داگیرکەرن و گڵاون و فەرمەسۆنن، بۆیە رقیان لێی هەڵسابوو، ئیتر لە هەموو شوێنێکەوە لێی کەوتبوونە تەقەو، سەگ و سوانیان لێی راست کردبۆوەو گاڵیان ئەدا بەدناوی بکەن.. بەڵام ئەو نەڕە شێرە بەوان بەدناو نەئەکرا، بۆیە بەهێزی پیادەو ئاسمانی هێرشیان ئەبردە سەر ئەو گوندانەی لایەنگری ئەو بوون، بەسەر خەڵکەکەدا کاولیان ئەکرد، تەنانەت ئەوانە رقیان لەم خەڵکە

بوو، دڵیان بەوەش ئاوی نەئەخواردەوە، ئەوەبوو خەڵکەکە بەرۆژ ئاواییەکەیان بەجێ ئەهێشت، وە بەشەو ئەگەڕانەوە، خەفیەو سوخوڕیش ئەمەیان گەیاندبوە ئینگلیز، ئیتر ئەوانیش بەتەیارەو بۆمبا وەختیان فڕێ ئەدایە خوارەوە، خەڵکەکەش هەر کە بەشەوان بۆ ئاواییەکانیان ئەگەڕانەوە، ئەو بۆمبەیەیان پێیاندا ئەتەقیەوەو لەناویان ئەبردن. ئای کوڕم، ئەبێ چ داخ لە دڵ بووبن، وەکو بڵێ رقێکی پشتاو پشت بوو لەئێمەیان ئەکردەوە. لەوانەیە لایان وەها بووبێ شەڕی خاچ پەرستەکان ئێمە شکاندوومانە، سەلاحەدینیان ئەدایە پاڵ ئێمە . گوندەکەی ئێمەش یەکێک بوو لەو گوندانە . ئەو رۆژانە دایکت و کاکە – حەسەن – ی ناموشەڕەفتم رزگارکردو گەیاندمە گوندێکی بازیان، تاکو بزانین کار بەچ لایەک ئەگوزەرێ . بەڵام . ئێمەش هەر مایە پووچ بووین و بەدەستی خاڵی هەرکەسەو بۆ ناو ماڵ و منداڵی خۆی ئەگەڕایەوە، یان بۆ ئەو خوارانە نەفی ئەکران و هەندێکیش لە زیندان ئەیان ناڵاندا، منیش بەرپلیان کەوتم و یەک دوو مانگ لە زیندان بردمە سەر، هەرکە بەربووم بارو

بنەمان بەرەو گەرمیان پێچایەوەو ئیتر چاومان بەرایی نەئەدا، لەو ناوچەیە بژین و لەم گوندەی کانی گۆمە گیرساینەوە.

ئەوسالەت بیرکەوتەوە. تازە باوکت سالی یەکەم بوو تۆی خستبوە بەر خوێندن، دەمەو نیوەڕۆ لەگەڵ هاورێکانت لە قوتابخانە بەرەڵا بوون، لەو قوتابخانەیەی کە رووی دەمی تا ئێستاش لەسەر جادەی سلێمانیە، بەرامبەر برە خانووبەرەکەی گەڕەکی «بەرتەکیە» یە کە بەخۆی و منارە بەرزەکەی مزگەوتەکەیەوە، تا ئێستاش لە ناوەڕاستی ماڵەکان دەڕوانیتە هەموو شاری کەرکوک. بە قاوقیژ کەوتنە سەر جادەکان، ئەو سەردەمەش ئەم شارانە ئەوەندە ئۆتۆمبێل پێیاندا هاتووچووی نەدەکرد، هەر ئەوەندەتان زانی هەرای گوڕەگوڕی ماشێن و ئۆتۆمبێل، یەک لەدوای یەک ریزیان بەستبوو، لەگەڵ هاوڕێ منداڵەکانتدا واقتان وڕما، بەحەپەساوی لە قەراغ جادە قیرتاوە باریکەکە ریز بوون، بەچاوی ئەبڵەقەوە تەماشای پێشەنگی کاروانی ئەو ماشێنە زۆرانەتان دەکرد، هەندێکیش ترستان وەبەرکەوت، نەوەک ئەو ئۆتۆمبێلانەش وەکو گای چەمووشی

ناو گاڕان، ملتان لێ بنێن و بتانکەنە ژێرەوە. ژن و پیاو و وردەو هەراشێکی زۆرو زەبەنگ، لەو قەراغ شەقامە گرد ببونەوە. لە هەموو زۆربوونی ئۆتۆمبێلەکانی حەپەسابوون، کابرایەک دەیوت:-

- **«دەبێ ئەم ئۆتۆمبیلە زۆرانە چ بەڵایەکی تریان بەدەمەوە بێت؟» .**

تۆ و هاوڕێ منداڵەکانت ئەوەندەی دیکە ترس بەربینی دەگرتن، گوڕ هاوشاری دەدان، یەکێک لەو ئۆتۆمبیلە گەورە درێژەکان، وەکو دەیانوت: بەکەشتیەکەی – نووح – دەچوو، پێنج شەش زەلام لە سەری سەرەوەی، بەلیوەباریەوە هەلتوتابوون، یەکێک لەزەلامەکان کەرەنایەکی بەلێوە نابوو، خێرا خێرا ئاوازی ترسناک و دڵتەزێنی لێوە دەردەهات. ئۆتۆمبێلە گەورەکە «کەشتیەکەی نووح» گەیشتە ئاستی تۆو هاوڕێکانت، وێنەیەکی گەورە لە بەردەمی ئۆتۆمبیلەکە لەسەرەوە دانرابوو، لەناو چوارچێوەیەکی گەورەدا زەردەخەنەیەکی جەربەزانە لەسەر لێوانی خاوەنی وێنەکە چاپ بوو بەهێمنیەوە چاوی

بڕیبوە خەڵکەکە، بە شەڕواڵ و مرادخانەیەکی بۆرکاراوە، مشکی و جەمەدانی تێکەڵاو کردبوو، خەنجەرێکی ئاخنی بوە نێو پشتێنە کریمسەتانە گوڵدارە چاند قەتکراوەکەیەوە، ئەوەندەت زانی کابرایەکی بەساڵاچوو، بەتەنیشتانەوە دایە زورە زوڕی گریانەوە دەیوت:-

**- ئای شێخم رۆ، شێخی گەورەم شێخی منو، شێخەکەی داری کەلی و بەردەقارەمان. مەلیکی کوردان ڕۆ، هەیڕۆ.**

**- تۆ تەنها بەناوەکەی خۆت «قارەمان» دڵت داخورپا، وەهات زانی مەبەستی تۆیەو، دەبێ بەردێک هەبێ بەناوی تۆوە، زۆر پێی خۆشنوود بووی.**

**یەکێکی تر لەولاوە دیوت:-**

**- تەرمەکەی شێخ مەحمودە لەبەغدا ئەمری خوای بەجێ هێناوە، دەیبەنەوە بۆ شاری سلێمانی، بۆ حوزووری کاکە ئەحمەدی شێخ، روحم بەقوربانی بێ.**

تۆ تاس بردبوویتیەوە باوکت و مامەسابەش بەدەم لێو بەباری و زەردەخەی بێتامەو دەمەتەقێیان بوو. لە پڕێکا کیژۆڵەیەکی

رووگەش و نەشمیل بە سیمایەکی پاک و خاوێنەوە، بە بۆن و بەرامەی سمڵ و مێخەکی کوردەواریەوە، بەگورج و گۆڵی خۆرازاندنەوەیەکی سادەوە، ئاسەواری هیچ خەو و خەواڵی لە روخساری دیاری نەدەدا، وەکو بڵێی: هەرگیز خەو بۆ ئەم نەهاتوەو چاوەکانی دەدرەوشانەوە . لە سەدا نەوەدی کچە ناوچیایەکان ئاوهان، هەر لە بەیانی شەبەقەوە بە ئاوی کانیاو سەروچاویان دەشۆرن، هەرچی جلو بەرگی ئالاو والایان هەیە لەبەر دەکەن و هەندێ بەکلو کلدانیش بەرایی چاویان دەرێژن، مێخەک بەنەکەیان هەندێ بەدەست تەڕ دەکەن، بۆ ئەوەی بۆنی زیاتری لێ هەڵسێ، ئیتر خالق چی دەبێ بەبۆنێکی ئەفسوناوی سەدان گەنجی گوند کەللەیی دەکەن.

کیژەکە بە زەردەخەنەیەکی شەرمنانەوە، خۆی کردە ژورەوە، دوو قابلەمەی پڕاوپڕ «دۆینە» لەسەر سینیەکە بوو، لە نێوانتان بەتەنیشت کوانوەکەوە داینا، لەسەرە خۆ کشایەوەو دەرچووە دەرەوە. مامە سابە بە زەردەخەنەیەکەوە تەماشای کردن و پێی وتی:-

- **قارەمانە فەنی، هەرکە چاک بوویتەوە دەتکەمە زاوای خۆم و ئەوکچە ناسکۆڵەیە دەکەمە باغەڵتەوە.**

تۆش بە شەرمەوە سەرت نواند، بەڵام لە ناخەوە ختوکەیەکی بێ واتا بەختەوەری کردی، ئینجاش بەچاوی پرسیارەوە تەماشای باوکتی کردو لەدڵی خۆتەوە وتت»تۆبڵی چاک ببمەوەو ئەو کچە جوانە ماچ بکەم؟«.

بەو بەیانیە سەرماو تەزیوە، هەڵاوی گەرم و گوڕی «دۆینە» بەختیاریەکی بێتاوانانە دەخاتە هاناوەوە، تام و چێژی مێژوویەکی دێرینت وەبیر دەخاتەوە مێژوویەک پڕ بێ لە ئازادی و کەڵەمێردی و خۆ راگرتن و دڵ پاکی و بەختەوەریەکی سروشتی و دوو لە هەموو دەردو بەڵایەکی هاوچەرخانە، داپیرەت هەر چ رۆژێک چێشتی دۆینەی لێبنایە، پێی دەوتی:

- **دەی فڕی کە کوڕم، ئەوەی تێری دۆینە نەبێ پیاوی ترسنۆکی لێ دەردەچێ.**

بەتام و لەزەتێکی ئەفسوناویەوە، شۆربا دۆینەکەتان فڕکرد، باوکت و مامەسابە بە پشتێنەکانیان دەم و سمێڵیان پاک

کردەوەو یەک دوو ئەلحەمدو شوکریان بۆ کردو بە ئیشتیهاوە سەرو جگەرەیان داگیرساندو دووکەڵەکەی پەرت و بڵاوی ئەو ناوە بۆوە، ئینجاش کیژە نەشمیلەکە هاتەوە، بەشەرمەوە لە پاینی کوانوەکەوە چینچێکی دایەوەو مامە سابە بە بەرزە فڕەوە رووی دەمی تێکردو پێی وت:-

**- دەی کچەکەی باوە، سەرو چای خەلیسمان بۆ تێکە، مامە حەمە سوورت و قارەمانە فەنی لەسەر سەفەری خێرن، ئینشاللە..**

- یەک دوو چای سەر ئاگری چیلکەو چیواڵی داربەڕووتان هەڵقوڕاند، بەچاوێکی پڕ حەسرەت و نائومێدیەوە، لەژێرەوە چاوت بڕیە ئەو کارمامزە ناو شاخیە، کە بەشەرمێک دوو چای بۆت درێژ کردو بەچاوی پڕ هەستێکی شاراوەو بەزەییەوە، چاوی لە پریێکا تێت بڕی، قسەکەی مامەسابە وەکو چەخماخەیەک بەدەرونتا هاژەی کرد، «هەرکە چاک بوویتەوە ئەتکەمە زاوای خۆم و ئەو کچە ناسکۆڵەیە ئەکەمە باغەڵتەوە، ئیتر چیت ئەوێ.؟!»

ئێستاكە بۆت دەردەكەوێ ئەو قسەیە، وەكو هەڵخەڵەتاندنێك وەها بوو، بۆ ئەوەی ئومێدی ژیان وەبەرت بخات، ئیتر پاش ئەو رۆژە نەمامە سابەو نە ئەو كیژەت ببڕای ببڕ چاوت پێیان نەكەوتەوە، باوكت وتی:-

- باناوی خوای لێ بێنین مامەسابە رێگایەكی دوورودرێژمان لەبەرە، ئەزانی رێگاش هەموو هەورازو هەڵدێرە، قارەمانیش زۆر حاڵی شڕە، لەخوا بەولاوە تەنها ئەم تاقانەیە شك ئەبەم . مامە سابە بە دوعاوە بەرێتان دەخات، دەیان جار داوا لە پیاو چاكان و مشایەخان دەكات، بەڵكە ئەمە شفات لەدەستی ئەوان بێت . كیژەكەی مامەسابەش بەچاوی پڕ بەزەییەوە بەرێتانی خست و لە ژێرەوە چاوی تێت دەبڕی تاوەكو لە ئاوایی چوونە ئەو دیوەو گەیشتنە نەخۆشخانە ئەشكەوتیەكەو دكتۆرەكەی ئەوان.

*****

-٨-

پاش چەند مانگێک کە نەخۆشیەکەت چاک ببۆوە، لە شەوێکی تۆف و بەفرانبار باوکت بە نەخۆشیەکی کت و پڕی کۆچی دوایی کردو، تەمەنێکی سەختی بۆ ئێوە کردە میراتی.

ئەو وەختەی لەشار قوتابی بووی، بە پشووی هاوینان بۆ گوندەکەتان دەگەڕایتەوەو، سەری گوریسێکت بۆ باوکت دەگرت، هەرچەندە تازە نەخۆشیەکەت لە کۆڵ ببۆوە، هێشتا نەسرەوت بووی، لاسار بووی، ئەوەندە تەقەزای خەڵکیت دەدا، زۆر جار

پێتدا هەڵدەشاخان و پێتیان دەوت:»دەک بەخێر چاک نەبیتەوە ئاگرە سوورە« تەنانەت درەخت و جانەوەری نێو دارستان و بێشەکانیش بەهاتنیان دەزانی، بۆیە هەریەکەو لە جێگاکەی خۆیەوە پرتاو دادەکشاو لە ترسان خۆی دەشاردەوە، بەجارێک ئەو دەوروبەرەت دەشلەژاند، ئەمسەرو سەری باغ و رەزەکانت دەتاکانەوە، زیندەوەرێکی چلێس و لاسار بووی، بەگشت لق و پۆپێکدا هەڵدەگژای، ئەنجامیش بۆ هاورێکانت باخەڵت لە میوە پڕ دەکرد، زۆرجاریش رێدەکەوت رەزەوانەکان وەئاگا دەبوونەوە و تێت دەکەوتن، تا ناو ئاوایی بە جنێودان بە شوێنتەوە دەبوون، بە ماندوویەتی و هەناسکە بڕکیەوە خۆت دەکوتایە ماڵی خاڵە «وەسمان»ی ئاشەوانەوە، پاش ئەوەی هەناسکە هەناسکەت دەنیشتەوە، دیاریەکەی باخەڵت بە دەم لاقرتێی مێرد منداڵێک و نوقوڕچەوە بەسەر کچە هەرزەکارەکانیدا دەبەخشانەوە، رۆژانی خەلەو خەرمان هەڵگرتنیش، دەبوویتە کۆمەکیاری زۆربەی جوتیارەکانی گوند، تا زەردەپەڕ بە دەم گۆرانیەکانی «زیرەک» وە، لەگەڵیان گشت کاروبارێکی وەرزێریت رادەپەڕاند،

سەرکڵاوێکی بە ڕەگنت وەسەر دەنا، بەتاکە هێستریکەوە لەگەڵ ئەوانی تر پێشبڕکێت دەکرد، دەتویست ئەوەیان بۆ بسەلمێنێ کە هێشتا کوڕە گوندیەکەی جارانی و ژیانی بێ سەروبەری دەستکردی شارستانیەت رەوشتی نەگۆڕیوی، بگرە لە جاران تێکسمراوتری، ئەگەر چی نەخۆشیەکەت هەندێ لاوازی کردووی، هەموو بەیانیەکیش زوو لە خەو رادەپەڕی و، بەگورج و گۆڵیەکی سەربازانەوە خۆت کۆدەکەیتەوە.

دەکەویتە پێش کاروانەکە، بەشانازیەوە خۆت دەکرد بە ئاواییدا، چاوەڕێ بووی کیژان ماندوو نەبوونت لێ بکەن و پێت بڵێن «تۆ بەرگەی قرچەی گەرما ناگریت، خۆت ماندوو مەکە، پێستەی روخسارت رەش هەڵئەگەڕێ» ئەمەت زۆر پێ ناخۆش بوو، لەگەڵ زۆریان بەشەڕ دەهاتی و جنێوێکی ناشیرینت لە ژێرەوە پێیان دەدا، ئێوارانیش دەچوویتە پەچامەڕەکان، بەگاڵتەو لاقرتێوە ریگات بە کچە بێریەکان دەگرت، ئەوانیش هەرەیەکەو زمانێکی لێت دەردەکرد و لارێیان دەگرت و، دەیاندایە قاقای پێکەنین، کاتێکیش تووشی «وەزیرە»ی خرت و گەورە کچ

دەبووی، پێی دەوتی: هەتیوە زۆڵە، تۆیەکی خوێندەوارو کوڕە شاری، چیت داوە لەم کچە ڕشکنانە؟» زۆرت ڕق لێ هەڵدەستا، تاوات لێ دەهات بەو مێردمنداڵیەی خۆتەوە، دەتویست بۆ ئەتک لەپێش چاوی ژن و کچە بێریەکاندا پەلاماری بدەیت و ماچی بکەیت، زۆرجاریش هەر کە لەگەڵ کچانی گوند بەشەڕ بهاتبایە پێیان دەوت:-

- **لەفلانە شوێن ماچ کراوی، لە فلانە جێگا والێکراو.**

**کەچی بە قاقای پێکەنینەوە بەرەپەرچیانی دەدایەوەو دەیوت:-**

- **لە خۆتان هەڵدەن، هەموو ناو لنگتان ژان ئەکا.**

ئەو دەربەستی ئەوەش نەبوو، سەرەڕای ئەوەی پێی دەوتی:من ناوکتم بڕیوە، چاوی لێت دادەگرت و بۆ مێردمنداڵێکی وەکو تۆ ئالۆشی تێدەکەوت.

هەرکە باوکت مەرگ بۆڕیدا، تەنانەت مامەت – حەسەن – بۆ پرسەی باوکت نەهات، دیار بوو خوا پێداویەکەی ئەو و رەش و رووتیەکەی ئێوە ببوە تەگەرەی نێوان هاوخوێنی باوکت و، مامەتی دەخستە شەرەمەوە کەخۆی بە خاوەنتان

بزانیٚ، گەرچی لە شار کەس و کاریٚکی زۆریشت هەبوو، بەڵام پاش مردنی باوکت سەرت نەدەکرد بە ماڵی کەسیاندا، تەنانەت لە ماڵی مامەت – حەسەن – یش ئیتر خۆت راگیر نەکرد، لەبەر ئەوەی زیرەک بووی و باوک مردەش بووی، لەبەشی ناوخۆیی وەریانگرتی، تەنانەت بە هاوینانیش یەک دوو جار بۆ گوندەکەتان دەگەڕایتەوە، و سەرت لە دایکە بیٚوەژنەکەت دەدا، بەسیٚ مانگ هاوین دەبوویتە شاگردی کاری هەمە جۆرە، گەچکاری، شاگردی لۆقنتەو چایخانە، هەرکە دایکیشت میٚردی کرد بەجوتیاریٚکی هەوەسبازی بیٚوە پیاو، ئیتر لە گوندەکەشتان بەیەکجاری دابڕای. ئەو دەمەی گەیشتیتە هەرزەکاری بەڕۆژ کریٚکاریت دەکرد و بەشەویش دەتخویٚند، تاوەکو کۆلیٚژی یاسات تەواو کرد، هاوینانیش زیاتر دەبوە مایەی کڵۆڵیت، بیٚ دەرەتایی، خۆ بە هاوینان بەشی ناوخۆیی دادەخرا، هەبوو ئیتر ئەو سیٚ مانگە لە گەلەخانیٚک ژووریٚکت بەکریٚ بگرتبایە، تاوەکو پشووی هاوین تەواو دەبوو، بەشی خۆت هەندیٚ پارەت لە ئیش کردن پاشە کەوت دەکرد، بەرلەو سەروەختەش زۆرجار

دالّدەت دەست نەدەکەوت، تا شەوێکی درەنگ بە چایخانەو جادەکانی دەسووڕایەتەوە، ئینجاش گردەکەی گۆڕستانی شێخ محێ دین دەبوە رایەخت و ئاسمانیش دەبووە لێفە و جاجمت، سەرت دەنا وەلای هەناسەی مردوەکانەوە، ئارەزووت دەکرد ئەو گۆڕستانە، گۆڕستانی گوندەکەتان بوایە، بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێ دەچی لە تەنیشت گۆڕەکەی باوکتەوە پاڵی لێ دەدەیتەوە، سەرت دەخەیتە سەر دەمی گۆڕەکەیی و دەردی دڵی خۆتی بۆ هەڵدەڕێژی، کە تۆ دوای ئەو چ دالّدەو پەنایەکت نەماوە، ئەوەتا لە گۆڕستان دەنووی و شەوگارت بەسەر دەبەی، تەنانەت — حەسەن — ی مامەشت نەتیگرتۆتەخۆ، باپیرەت ناهەقی نەبوو وەختی خۆی بەباوکتی دەوت: کاکە حەسەنی ناموشەڕەفت، چونکە هەر لە زووەوە زانیبووی کوڕێکی نارەسەن و نا ئەسڵ زادەیە، تۆی نەگرتە خۆی و شەرمی دەکرد، بتکاتە برازای خۆی، چونکە باوکت هەتا مرد هیچی نەبوو، کەچی مامەکەت بە هەرچی فرت و فێڵی بوو خۆی گەیاندبوە شارو، بەرێگای نەشیاوە دەوڵەمەند ببوو. هەرچەندە لەگەڵ دەربەدەریدا تێک

ترنجاون، سەرجەمی تەمەنت برسیەتی و راونان و دڵەکوتێیە، بەڵام ئێستات لە سەردەمی منداڵیت هەرهیچ نەبێ بەختەوەر ترە، ئێستاکە لەگەڵ خەم و دەردەسەری سەوات کراوەتەوە، بێ باکانە دەڕوانیتە هەموو شتێک، ئەوەندە گوێنادەیتە رەوشت و رەفتاری خەڵکی، ئەی ئەو سەردەمەی کەمنداڵ بووی، تەمەن هەرزەکار بووی، نیوەڕۆیەکی گەرمی ساڵی ١٩٦٧ بوو، تازە یەکەم ساڵی کۆلێژت بوو، لەبەغداوە بۆ سەردانی گەڕابوویتەوە شارەکەتان، چاوت کەوت بە لاشەی لەخوێن گەوزاوی – نەوزاد – نانەوا، دەستەکانی لە دوو تۆی ئەژنۆکانی گرمۆڵە کردبوون، بەسەر زەویەکەوە هەڵکورمابوو، هەردەتوت مرۆڤێکەو خەوی لێکەوتوەو لە حەژمەتی سەرما خۆی لول داوە، پەڵە خوێنە گەورەکەی ژێر لاشەکەی لە تارایەکی سوور دەچوو و لەسەری نووستوە، خەڵکی بە تووڕەیی و قێزکردنەوە ئاوڕیان لێیان دەدایەوە. کۆمەڵە کەسێک لە خوێن گەوزانیان و سڵیان سارد کردەوە، گوایە – نەوزاد – لە رێکخراوێکی ناتەبایی ئەوان ئەندام بوو، خەڵکێکی زۆری ژن و منداڵی لەسەر کۆبوونەوە،

هەندێک دەیاندایە سەردەستی خۆیان و لەناخەوە کسپەیان وێ دەکەوت، هەندێکیش بە زەردەخەنەو رووگەشی موزەیەفەوە مقۆ مقۆیان بوو، گوێت لێ بوو هەندێکیان بەزمانی تورکمانی دەیانوت:-

**- کوردە کوێ پەکەکان، ئیشتە چاک کەوتوونەتە ناو خۆیان و یەکتری ئۆیڵدەرمش دەکەن.**

**ئەوەی تەنیشتی دەیوت:-**

**- قز قۆی گیبارسن، دیلەر قزمزی در..! ***

**ئافرەتێکی کورد لەولاوە بە هەناسە ساردیەوە دەیوت:-**

**- خوا غەزەب لە مێروولە بگرێ باڵی لێ ئیجاد دەکات، ئەم میلەتە قوربەسەرەی ئێمەش خوا غەزەبی لێ گرتوە، چونکە دین و ئیمان لەلای کەس نەماوە.**

**ژنێکی دیکە لەو لاوە دیوت:-**

**- ئۆی قورٍ بە سەرت – ئامەی – کڵۆڵ، بەچوار منداڵی سەرو قنگەوە چۆن بێوەژن کەوتی.**

ئەوانەو ئەمان بۆ چەند ساڵێک تێکبەربوون، دەستیان لە

یەکتری ناپاراست، هەر رۆژەی لە کوچەیەک، یان سەرشەقامێک یەکێکیان لەپەڵەی خوێندا پەلە خود دەبوو، دەتوانی ناوی لێ بنێی قوربەسەری، گەورەترین چەرمەسەری خەڵکەکە ئەو رۆژانە، ئەو رووداوە دڵتەزێنانە بوو، دەیانوت دەستی ئەجنەبی تێدا هەبو، زۆرجار باوکت بەرەحمەت بێ دەیوت: ئەگەر دوو ماسی لەئاو شەڕ بکەن دەستی ئەجنەبی تێدایە.

دیسان مەسەلەی سەگەکەت وەبیر هاتەوە، لەم رۆژهەڵاتە دەعجانیە، ئاژەڵ لە مرۆڤ بە نرخترە، ئەو رۆژانەش تاوەکو ئێستاکە داغمەیەکی گەورەی نەهامەتیە، بەتەوێڵی ئەو شارەوە زۆر شاری دی ئەو ساڵانە، تۆش ئەو سەردەمە دەسەپاچە بووی، هەر پیشت دەخواردەوە، نەعلەتت لە بوونی خۆت دەکرد، ئەوان دەتوت میراتی باوکیان بەش دەکەن لەپای ناتەباییەکی پڕو پووچ خۆیان بەو دەردە دەبرد.

❊❊❊❊❊

-٩-

نیوەڕۆیەو بۆ ژوورەکەت دەگەڕێیتەوە، ژوورەکەشت لەنێوان ئەو گەلە خانەدا، هەزاران سەردان و ڕەنجبیۆەری و سەرکوتکردنی سێکس و کلۆلێتی لە ئامێزی ساردو سڕی خۆی ناوە.

دیسان قاوقیژە، تێک ڕژانە، تەگە تێ بەردانە، ژنی ژوورەکانی گەلەخانەکە بەدەم و کاوێژی بەڕەڵاییەوە، دەست بە لاتەڕاف و سمتی خۆیان دا دەهێنن، تۆش کرێچیەکی ڕەبەنی، لە دەرگا

شەق و شڕەکەی گەلەخانەکە چوویتە ژوورەوە، تەماشات کرد ئەو ژنانە لەبەردەم ژوورەکەی وەسمان کەپوو، بەزەردەخەنەو لاقرتێ، خەمباری، چاوقایمی، دڵەکوتێ، ترس، تێ ورووژان، کاوێژکردنی بێ باکانەوە، هەناسە هەڵکێشان، بەبەزەییەوە کۆبوونەتەوە، هەریەکەو بەراست یاخود بەدرۆ دەداتە سەر دەستی خۆیەوە:-

- **ئۆی خاوەری کلۆڵ ..**
- **دەک وەسۆ دەستت ورد بێ.**
- **لەپیاوەتی بکەوی وەکو کەوتووی.**
- **تەماشای سەرو سەکوتی خۆت کردوە.**
- **هێشتا بەو حاڵەشەوە پێتەوە دانیشتوە ئاوهای بەسەردێنی..؟**
- **دەی مامۆستا قارەمان، تۆ بەینێکیان بکەو، تۆزێ ئەو بەدفەساڵە تەمێ بکە.**

خۆت دەکەیتە ژوورەکەی وەسمان کەپووەوە، خاوەر رووخسارە نەرم و نیانەکەی لە فرمێسکدا شڵپەی دێت، بەو

حاڵەوە چاوت پێی کەوت دنیات لەپێش چاو رەش بوو، چۆن ئەو نەعلەتیە دڵی دێت ئەو شازادە سادەو لێ قەوماوە ئاوها بکروزێنێتەوە، خۆزیات دەکرد ژنی تۆ بووایە، بەلێو فرمێسکەکانت دەماڵی، بەنازەوە دڵیت رادەگرت، وەکو کۆرپەیەک بە دلۆڤانیەوە لە ئامێزت دەنا.

یەکسەر ویستت هامبازی وەسمان بیت و تانێک حەسیر مەیدانی بکەیت، ئێسک و پڕوسکی بهەنجێنی، هەست دەکەی ئەگەر هەژاری و دەست کورتی نەبوایە هیچ هێزێک نیە لە گەردوون، تاریکی و رووناکی بکاتە هاوسەری یەکتری، یان جوانی و نابووتی بداتە دەم یەکەوە، یان ئەوەتا گڕی خۆشەویستیەکی سەرنەکەوت و خاوەری گەیاندۆتە ئەو رەزالەتە، چ کیژۆڵەیەکی ناسک و منداڵ کار بە پیاوێکی پیر و پێ لە گوێی گۆڕ مێرد دەکات، ئەگەر هۆیەکی کاریگەر نەبێت و، جوانی و نابووتی بداتە دەم یەکەوە، کۆن و نوێ بەیەکەوە گرێ کوێر بدات، یان ئەوەتا مێرد بە پارەو سامانەکەی دەکات و لەپاڵیشەوە هەموو بەهایەکی مرۆڤانەی خۆی پێ شێل دەکات

و، لاوێک دەکاتە دۆستی شەو باخەڵی و بەدزیەوەو لاکوتێی لەگەڵ دەکات، یان ئەوەتا مێرد بەپایەو ناوبانگی دەکات، ئەم دوو هۆیەش لایەنی لاوازی و دەسەپاچەیی ئەو جۆرە کیژانە دەگەیەنێ، کە لە ژیاندا ناتوانن بە عەقڵ چارەنووسی خۆیان هەڵبژێرن، لەوانەیە فرۆیدیش ئەم قسانە بسەلمێنێ، بەڵام لە مەڕ وەکو کچۆڵەیەکی وەکو خاوەر جودایە، ژنانی گەلەخانەکە دەیانوت: گوایە بەرلەوەی خاوەر ببێتە ژنی وەسمان کەپوو، لەگەڵ کوڕێکدا رادووی دەکەوێ، کەچی کەس و کاری بەبێ هیچ شەرمیەکەوە، لە چنگی کوڕەکەی دەردەهێنن، بەزۆرە ملێش بە خزمێکی بەساڵاچووی خۆیانی بە مێرد دەدەن، کە ئەویش وەسمان کەپوە، بۆیە پێیان دەوت: - کەپوو - گوللە لایەک لە لووتی هەڵقلیشاندبوو، خاوەریش بەو چارەنووسە زۆریش رازی بوو، چونکە لە دڕندایەتی و دواکەوتوویی کەس و کاری رزگاری کردبوو، ئەویش وەکو بڵێی تۆڵەی لێ بسێنێتەوەو چۆن لە تۆڵەی خوێن درابێت هەموو رۆژێک تانێک رازی دەکرد، دەیکردە مەخسەرەی ژنە چەقاوەسووەکانی گەلەخانەکە.

خۆزیات دەکرد خاوەر خێزانی تۆ بوایە، بەلێو فرمێسکەکانیت دەماڵی، بەنازەوە دڵیت رادەگرت، وەکو کۆرپەیەک لە ئامێزت دەنا.

ژن بەخشندەیەکی بێ هاوتاو دەگمەنی سروشتە، تاوان و گوناهی مرۆڤیش لە ژندا سەرهەڵدەدات، هەموو هەست پێکردنێکی پیاو بەتەنیایی بۆ بێژنی دەگەڕێتەوە.

زۆر جار لە ژوورەکەت بە خوێندنەوە خەریک دەبووی، خۆت لە قوژبنێک حەشار دەدا، لە هەموو گەردوون مانت دەگرت، خۆت لە کەنار دەدا خاوەریش بە شەرم و دڵتەنگیەوە دەهات و لە پایین ژوورەکەت هەڵدەتوتا، چاوە رەشەکانی لێت نەدەگواستەوە، ناو بەناویش هەناسەی ساردی هەڵدەکێشا، بێ ئەوەی مەتەقی لەزار بێتە دەر، هەتا سەرت هەڵنەبڕیبایە نەدەکەوتە قسان، یان پرسیاری لێت نەدەکرد، هەستێکی نهێنی لە ناخی خاوەر بەرەو تۆی کەمەنکێش دەکرد، تۆش پەیوەندیەکی دڵسۆزانەت لەگەڵ سازدا بوو، ئەگەر چی لە ژنێکی بە ئالۆوش حەیشەری تر بووی، بەڵام وەکو بەستەڵەکی بەرتینی گەرما،

ئەو ئارەزووەت دەتوایەو، دەبووە هەڵم و بەرەو کەشکەڵانی گەردوون هەڵدەچوو، ئەو جۆرە هەڵسوکەوتەی خاوەریش ببوە مایەی گومان و مقۆ مقۆی ژنانی گەلە خانەکە، دەشێ چەندان جار وەسمان کەپوو، لەسەر ئەوە بێزاری کردبێ، بەڵام تۆ هەرگیز بیرت لەوە نەکردۆتەوە، چونکە تۆ هەستت دەکرد تۆ و خاوەر جمکی یەک کلۆڵین و بەیەکدی دڵتان دەکرێتەوە. هەردووکیشتان نموونەی هەزاران مرۆڤی لەو جۆرەی کۆمەڵێکی دواکەوتوون، زۆرجار لێت دەپرسێ:-

**- مامۆستا قارەمان، دایکی دلێر جوان بوو، ئەی توخوا دلێر، ئەبێ هەر بە گەنجیەتی خۆت چووبێ..؟**

**بە هەناسە ساردیەوە وەڵامت دەدایەوە:-**

**- بەڵێ، هەروەکو تۆ جوان بوو، دلێریش دوو ساڵان بوو، ئەویش چووبوە سەر دایکی.**

**بەشەرمەوە بزەیەکی دەهاتێ و سەری دادەنواند، ئیتر هەر ئەوەندەی دەوت و بێ دەنگ دەبوو، بەچاوی پڕ حەسرەتەوە تێت رادەما:-**

**- هەی لەمن کلۆڵتر.**

ژوورێکی تری کڵۆڵ لە ژوورەکانی ئەو گەلەخانە، ژوورەکەی «سلێمان» بوو، لەگەڵ ژنە رشکنەکەی و چوار منداڵە پەرپووت و خوشکە خرتەکەی دەژیان، دیارە ئەمیش نەدارایی گەیاندبوویە ئەم شارە، بەرێکەوتیش بوە دراوسێی ئێوە، ئەو سەردەمەی چوویتە ناو ئەوان، لەوێڕا سلێمانت ناسی، ئەوساکە لاوێکی پەرداخ و قۆزو ووت و وریا و گورج و گۆڵ و قسە خۆش و تێگەیشتوو بوو، بەتفەنگ دەرزی لە زەوی هەڵدەگرت، ئەوەندە ئازابوو دەچوە قورگی شێرەوە، بەپێکەنینەوە رووبەڕووی مەرگ دەبۆوە، زۆرجاریش دەتدیت لە سوچێک هەڵاوژاوە وەکو نەرە شێرێک لە بەردەم لانەکەی خۆی، لەبەر رۆژ هەڵات و قەڵەمی بەدەستەوە بوو، بەخەمێکی خەستەوە لە سروشت رامابوو، دەچووی بەلایەوەو لێت دەپرسی:-

- **سلێمان ئەوە بەتەنیا خەریکی چیت؟**

**بەبێ بایەخیەوە وەڵامتی دەدایەوە:-**

- **ئەی نازانی، جار بەجار دەستی شیعر نووسینیشم هەیە؟**

زۆربەی شیعری شاعیرەکانی کۆن و نوێی لەبەر بوو. ئیتر لەهەر جێگایەک پشووتان بدایە، یاخود بارو بنەتان لێ بخستبایە، رووی دەمتان لە سلێمان دەکرد بۆ ئەوەی وەکو – شوکرولڵای بابان – شیعرەکانی شێخ رەزاتان بۆ بخوێنێتەوە.

کەچی ئێستا ئەوەتا هەموو رۆژێ چاوت بە سلێمان دەکەوێ، قاژەیەک هەناوت ونجر ونجڕ دەکات، سلێمان بە زۆرە ملێ قسەی بۆ دەکرێ، زمانی پەڵت و ڵاڵە لای راستی بەکێش دەکات و ئیفلیجە، لە گوزەرو شەقامەکاندا دەبینی، بەکشمە کشم ئەو گالیسکەیە پاڵ دەنێ و، نۆکی لەسەر دەفرۆشێ، نەک منداڵەکانی دەست لە کەس پان بکەنەوە، بەلای کاری خراپەوە نەدەچوو و دەستی لە هەموو شتێک شوشتبوو، کەس نەیدەتوانی لە خشتەی بەرێ، وەکو کەسانی تر کۆڵێ پارەی مفت وەرگرێ، هەردەم بە رەزە فەڕو بەمەردی دەژیاو مەردایەتی خۆی لە کیس نەدابوو، تازەکی پێت زانی سلێمان بەو دەردە چووە، هەر کە بوویتە کرێچی ئەو گەلەخانە، تێگەیشتی ئەویش پریشکی مەترەلوز بەرکەلەسەری کەوتوەو بەو جۆرە لایەکی لەنگە، لە رابردووی خۆی پەژیوانەو پەژیوان نیە. رابردوویەک پڕ

بوو لە دڵسۆزی، کەچی دڵسۆزیش ئەو مۆرە سەختی لکانە ژیان و جەستەیەوە، ڕەنجی ئەم بوو وبردەی شەماڵ، ئێستاش گوزەرانێکی کۆڵە مەرگی، وەڕزی، تەنانەت چ دڵسۆزیەکی تێدا نەماوە، دڵسۆزی بەرامبەر بەچی بۆچی؟ لەپێناوی دڵسۆزیدا لایەکی خۆی نایەبانی، خۆی داناو مایەپووچ گەڕایەوە، کەچی تەماشا دەکات، هاوڕێکانی هەموو بوونە خاوەن شت و خۆش گوزەران رادەبوێرن و پارەدان بەچاوی بەزەییەوە دەڕواننە ئەم، ئەی ئەمیش بۆچی چەشنی ئەوان، یاریزانی ئەتروپاتیک نەبوو، لەسەر سێ و چوار پەت هەڵمەقۆ بکات؟ بەڵام نەخێر ئەم ئێستاش ڕێ بەخۆی نادات، وەکو ئەوان بێ و هەموو بەهایەک وەژێر پێ بخات..

ژنە ڕەشپۆشەکەت لەخۆت چاکتر دەناسی، ئەویش تۆی لە خۆی چاکتر دەناسی، ئەم سەربردەیەش بۆ چەند ساڵێک لەمەو بەر دەگەڕێتەوە، بۆ ئەو سەردەمەی هێشتا قوتابی بووی، وەختی ئەوەش نەهاتبوو بچیتە ناو ئەوان، ئەوساکەش لە شاردا بەینێک ئەوەبوو لەماڵی – حەسەن – ی مامەت دەژیای ماڵی ژنە ڕەشپۆشەکە –

هەتاو – لەگەڵ خێزانەکەیدا لە کۆختێکی نیمچە گلین بەکرێ نشین، دراوسێیماڵی مامەت بوو، تۆش لەگەڵ خێزانی ماڵە مامەکەت نەدەگونجای، ئەوەندە خۆشیان بە چارەت دا نەدەهات، چونکە ئەوان خوا پێداو تۆش کوڕە جوتیارێکی کڵاش خوار بوویت، هەستی تۆش بەرامبەر ئەوان بەهەمان شێوە بوو، تۆ تازە کاژو تۆکی گوندت بەردابوو، ئەوانیش بەڕەفتاری شارستانی و ئەتەکێت خۆیان بادەدا، لەڕوویان نەدەهات پێت بڵێن برازامە، یاخود، ئامۆزامانە، زۆر جار ئەگەر کەسێک لە کیژە مامەکانتی پرسیبایە، دەیانوت، خزمێکی دوورمانە، یان کوڕی ئەو کابرایەی لەگوند شوانیمان بۆ دەکات، بۆیە ئەو ماڵە لێت ببوە دۆزەخ، دەتویست هەتا رۆژێ زووترە خۆتی لێ دەرباز بکەیت، هەر ئەو سەردەمە بوویتە ئاشنای کیژەکەی کوختە نیمچە گلێنەکەی دراوسێی ماڵە مامەکەت، ئەویش چەند رۆژی جارێ بەهۆی ئاشنایەتیەوە سەری لێت دەداو، بە نیگا گەرمەکانی بەزەیی پێتدا دەهاتەوە، لەبوونی تۆدا هەموو دەردو لێ قەوماوی هەژاری خێزانەکەی لەبیر دەچۆوە.

*****

# بەشی دووەم

## -١٠-

نیوەڕۆیە، بەزۆر دوو مڵاک خۆراکت تەپانە دەم کچە ئیفلیجەکەتەوە چاوی لەیەک نا، یان لەبەر غەرغەرەی مەرگ چاوی لەیەک نا، توورەکەیە چڵ و چێو و ئێسقانە، ڕەنگی مردن وەکو ڕەنگی خوێن لە دەمارەکانی دەگەڕێ، دواجار کەبۆ نەخۆشخانەت برد، دکتۆرەکان پێیان ڕاگەیاندی، لەماڵەکەی خۆت بمرێ چاکترە، چوویتە بەردەرگای حەوشەکەو بەکروزۆڵەوە هەڵدەتروشکای، جار ناجارێک بۆ ئەوپەڕی گوزەرەکە سەرت بەرز دەکردەوە، وەکو بڵێی چاوەڕوانی مەرگی ئەو دەکەیت،

ها ئێستا نا ساتێکی دیکە خۆی دەکاتە ژوورەوەو ئەو توورەکە چڵ و چێو و ئێسقانەت لێ دەسێنێ و دەیداتە کۆڵیەوە، یان چاوەڕێی قارەمان بووی بەڵکە لەو سەرەوە هاتەوە بەسەر هاتەکەی پێ رابگەیەنی و فریات بکەوێ، چونکە ئەم بەیانیە ئەوەندە شپرزە بووی نەتوانی هیچ سەربوردەیەکی – شاناز – ی بۆ بگێریتەوەو حاڵەتەکەی تێبگەیەنی.

ئاسمان دەتوت هەزاران دووکەڵ کێشی پیا هەڵواسراوە، دووکەڵی خەستیان بە سستیەوە لێ بەرز دەبێتەوە و رەشبەڵەکێکی خاو خلیچ ساز دەکەن، دەبوونە سەدان گەواڵە هەورو تێکەڵ دەبوون، تابلۆیەکی رەشبینیان دەکێشا، ئەو گەواڵە هەورانەی «ئەم بەیانیە» لەباکووری شارەکەوە کە لەوێنەی چەندان دەعبای خورافی بەرجەستە ببوون، لەگەڵ گەواڵە سپیەکانی باشووری شارەکە، بەو جۆرە دەرژانە نێو یەکترەوە، خەریک بوو ڕووبەری پانایی ئاسمانیان دەتەنی، گڕۆڵە تیشکە زەبەلاحەکە لەناو جەرگەی ئاسمان وەکو دزێکی تێوروژاو سەرەتاتکێی بوو، لەهەندێ جێگاوە وەکو چرای دز لە

پرێکا هەڵدەبوو و دەکوژایەوە، دیمەنێکی خورافی دەنەخشاند.
ئەو تەقاویتیە کەمەی مێردەکەت کەبۆیان بڕیبوویتیەوە، کرێی دوو ژوورەکەی حاجی مستەفا فتی دەکرد، ئەم تەقاویتی بڕینەوەش پاش گێرمەو کێشەیەکی زۆرو پەنا بردنە بەر چەند کەسانێک، بۆ ئەوەی لەمەڕ میریدا هەوڵ و تەقەلایەکت بۆ بدەن، چەندان جار بەدەم کرزۆڵەو کرووزانەوەو زورە زووڕی گریانەوە لەم و لەو دەپاڕایتەوە، ئەوانیش کزەیان لێ هەڵدەستاو بەزەییان لە حاڵت دا دەهاتەوەو تەخسیریان نەدەکرد،

دەچوون چەند فەرمانبەرێکیان بە برادەری بێت، یاخود بەراسپاردە بێت، قایل دەکرد تاوەکو کارەکەت مەیسەر بکەن، چەند جار بە ناشارەزایی خۆت دەگەیاندە ناو شاری بەغدا بە هەواڵ پرسین، دائیرەی تەقاویتیت دۆزیەوە، ئەوانیش خوا کاریان راست نەهێنێ، هەرجارەی مەهانەو پەڵپی کاغەزو بەڵگەنامەو تەسکەرەیان لێت دەگرت، زۆرجاریش بەلای دەمەوە پێیان دەوتی کە مێردەکەت فەرمانبەری دەوڵەت نەبووەو چۆن تەقاویتی بۆ دەبڕنەوە، بەڵام بە هەر کڵۆجێک بوو تێیان دەگەیاند، کوژراوەو

بڕیاریش لەسەر ئەوە هەیە تەقاویتی هەبێ، شەش حەوت جار خۆت گەیاندە شاری بەغداو هەموو جارێکیش فەرمانبەرە چاو بە ئاشقاڵەکان لە تەوقی سەرەوە، تا کەلەمووستی پێیەکانت بەچاوی حیزەوە لێت وورد دەبوونەوە، هەندێکیانیش بەمەرامی شتێک زوو بەزووی سەرو کاری ئیشەکەتیان دەکرد، تا بیست دینارێکیان بۆت بڕیەوە، هەر ئەو ڕۆژەی گەڕایتەوە، بۆ ڕۆژی دوایی قۆڵت لێ هەڵماڵی و تەشتێ کولێرەی گەرمت کرد و بەو بۆنەیەوە بەسەر دراوسێ کانت دا بەخشانتەوە، هەندێ لە ژنە چەقاوەسووەکانی گەڕەک لەسەرت دەبوە دەمەقاڵیان:-

- **دەک لە خوا بەزیاد بێ، وەڵاهی – هەتاو – خوا لای لێ کردەوە، ئیتر ئاتاج و ڕاخوای هیچ کەسێک نابێت.**

- **بەخوا ئافرەتێکی هاروهاجە، هەر بە کوتەک کۆڵێ مەعاشی لە حکومەت بۆخۆی و دەڵە شڕەکەی بڕیەوە.**

- **کنا، تۆ ئێژی چی، یەک زمانێکی پێوەیە شوول قەدەرە، «دەستی ڕاستی درێژ دەکات» موو ئەکات، دەسا بە خوای خوایە ڕۆڵەی پێغەمبەر لە خشتە ئەبات.**

**-      کچێ، دایکم بۆخۆیشی ترە خوێندەواریەکی هەیەو چاوکراوەیەو دانامێنێ، ئەی وەکو ئێمە مانانە، دەک عومرمان نەمێنێ.**

**-      بەس بەخوا کچینە ئەم هەتاوە خوا پێم نەگرێ بەمن قەت باش نایەت، وەکو چاو لەدەر بێ وەهایە؟**

-      توخوا ئەگەر لێی نەگەڕێن، کڵۆڵە، ئەگەر کڵۆڵ نەبوایە ئەو کچە نیوە مردووی نەئەبووە کڵۆڵەوە، ئەگینا بەخوا بۆ مێرد داماو نابوو، دەیان کەڵە پیاویش دەستی ماچ دەکەن، بیخوازن، بەڵام ئەو دەڵەشرە ئیفلیجە لێ بۆت ملۆزم و کەس بەو حاڵەوە نایەوێ بەخوا رەحم نەماوە، ئێ ئەگەر ئەو نازدارە بچێتە باخەڵتانەوە، خۆ دەڵە شرەکە قەپاڵتان پێ ئاگات..؟

**-      بەخوا ئەوەی بەو جۆرە لایەکیان لێ بکاتەوە، خوا بەحەجێکی بۆ ئەنووسێ.**

ئەو تەقاویتیە هەر ئەوەندە بەشی کرێی ئەو دوو ژوورەی دەکرد، ئەی ئیتر خواردن و جل و بەرگ و ئاو و کارەبای حاجی مستەفا، کە ئەوەشی هەروەکوو سەرانە لە خۆڕایی لێ

دەستاندن، یان بەشی زۆر کەلوپەلی پێویستی ناو ماڵ دەکات، ئەمانە هەمووی وەلایەک خە، ئەی خەرجی و پارەی دکتۆری کیژە ئیفلیجەکەت؟ ئەمەش ئەوەندەی تر پارەو مەسرەفی دەویست، قورەکەی خەستتر کردبۆوە.

شاناز، لە تەمەنی حەڤدەساڵیە، کیژێکی خرپنەو چاوە شینەکەی چۆتە سەر باوکی، بە روومەتە ئاڵ و باڵاو قژە کاڵەکەی چۆتە سەرخۆت، یەکێک لەو دوو ژورە بۆ ئەو تەرخان کرابوو، ژوورەکەی تریش بۆ خۆت و پێشوازی کردنی میوانە گومان لێکراوەکان بوو، هەردوو ژوورەکەش لەناو بەردالانێکی بچووک وەکو دوو بێوەژنی کۆس کەوتوو، بەرامبەر یەکتر دەمیان داپچڕاندوە، سێ ژوورو بەردالانەکەی لای سەرەوەی حەوشەکەش بۆ حاجی مستەفا و خۆت و پیرەژنە کت و کوێرەکەی و کچە بێوەژنەکەی بوو، وەختی خۆی ژنی کابرایەکی راننده بووەو، بەنەخۆشی شیرپەنجەو وەجاخ کوێری سەری ناوەتەوە، حاجی مستەفاش کەوتۆتە سەر ماڵ و پاشەکەوتی زاواکەیەوە، نیوەی ئەو حەوشەیەش بەناوی کچە بێوەژنەکەیەوە بوو.

شاناز هەمیشە بنیماڵەوەی لێت گرتوە، ئەمەش نەلەدەستی ئەو دایەو، نەلەدەستی تۆیە، بۆتە مایەی هەناسە ساردی و لێقەوماویت، کەم قسەت لەگەڵ دەکات، تەنها لە ژێرەوە بەدوو چاوی وەکو چاوی هەڵۆ نیگا پڕ واتاکانی هەڵدەرێژتە سەرت، ئەوەندە خۆشی بە چارەت دا نایەتەوە، دیارە لە ناوەوەی هەستێکی کەڵە مێردانە دەیهەژێنێ و لەو رەفتارە بەرجەستە دەبێ، ئەگەر بۆ داواکاریەکیش بانگت کات، هەرگیز نازناوی «دایە» لە زاریەوە دەرناچێت، پێت دەڵێ «هەتاو خان ئاوم ئەوێ» هەتاو خان ئەچمە سەر پێشاو» هەتاو خان پاروویەک زەقنەبووتم بۆ بهێنە» ئەوەندەی تر لە ناخەوە پیشی لێ دەخۆیتەوە، زۆرجار بڕیارێک لە دەروونت چەکەرە دەکات، و جێی بێڵێ و کەس نەزانێ بۆکوێ سەری خۆت هەڵگری، بەڵام بیرت دەکەیتەوە کەبەندی جگەرتە، ئەگەر زەهری ماریش بتفێنێتە گەرووتەوە لێی قبوڵ دەکەی، رقی لێت دەبێتەوە، لە هەڵسوکەوتەکانت بێزارە، هەستێکی کەڵە مێردانە لە ناوەوە دەیهەژێنێ و لەو ڕەفتارەی بەرجەستە دەبێ، ئەو بیر لەوە

ناکاتەوە کە بووە هۆی هەموو نەهامەتی و بێ ئابڕوویەکیشت و ناوت زڕا و پاکیزەییت بووە پەڕۆیەکی بێ نوێژو ئەم دەست و ئەو دەست دەکات و، بە مەزبەتە لەو گەڕەکە دەرکرای، بەڕۆژی نیوەڕۆ جل و جۆرت توورڕدرایەوە گوزەرەکەو بارانی نەعلەت بە سەرت دا ببارێنن و کردەوە چەپەڵەکانی خۆیان بەو رەفتارە بشارنەوەو خۆشنوود بن و، هەڵهەڵەی سەرکەوتن لێ بدەن، هەزاران تاوانی شاراوە بەتاوانێکی ئاشکرا دیزە بەدەرخۆنە دەکرێ لەم رۆژهەڵاتە دەعجانیە، ئەوەبوو بڕیارت دا بۆ یەکجاری لە شاری کەرکوک سەری خۆت هەڵگری و شاناز لە کۆڵ بنێی و بۆ ئەم شارە بگوێزنەوە. دوو ساڵە لە خانووەکەی – حاجی حەسۆک – گیرساونەتەوە، ئەم جارەیان ژورێک و نیوە ژوورێکە، وەختی خۆی خەزنە بووە، پاکت کردۆتەوەو نیوە ژوورەکەی هەندێ کەل و پەلی زیادەت لێ داناوە، جێگاشت تێدا بۆ شاناز خۆش کردوەو دیسان لێی پاڵ دەداتەوە چاوە هەڵۆیەکانی لێت دەچەقێنێ، ئەو ژوورو نیوەی ئێوەش ئەوەی باشە بەرەو لە دەرگاکەوە نزیکە و ماڵی حاجیش

لەو پەڕی حەوشە پان و پۆڕ و درێژەکەیە.

لەوەتەی لە دنیا بە ئیفلیجیەکەی خۆی گەیشتوە، سەرجەمی ڕەفتارەکانت ڕەچاو دەکات، دەیانژمێرێ، لەچاوەکانی را دیارە قێزی لە سەر پاکی بوون و هەبوون دەبێتەوە، بوونێک لای ئەو بۆتە چوار دیواری ژوورێک، هەموو گەردوون لە بەرچاوی ژوورێکە، چ مەرگەساتێکی گەورەیە سەرپاکی ئەم گەردوونە لە ژوورێکدا بەرجەستە بێ، هەموو بونەکانی تریش وەکو ئەم بوونەی ئەم ناکاملەو بێهوودەیی سەرجەمی گوزەرانی مرۆڤی لەخۆی ووروکاندوە، ئەگەر پادار بوایەو بۆی بکرابایە هەموو گەردوونی بەرقەکەی خاپوور دەکرد، دەسەپاچەیی بۆڕی داوەو لەلای پاڵەوە دەخواو دەڕی، هەموو جارێکیش لە بەرخۆیەوە دوعاو لووشە دەکات، خانوەکەتان بەسەردا کاوڵ بێ، چیتر ئەم دوو ژوورە نەبێتە مۆڵگەی ڕەمبازی ئەو گومان لێکراوانەی دێنە ژوورەکەت، هەموو شتێ لەو شاراوەیە، تەنها چپەو هەناسکە هەناسک هەناوی ونجڕ ونجڕ دەکات، زۆرجاریش ئارەزوویەکی سەرکوتکراو لەناوەوەی بڵق دەدات و دەیەوێ مافی ڕەوای

مرۆڤانەی خۆی بەجێ بهێنێ، بەڵام کێ ئاورێ لە ئیفلیجیەکی وەکو ئەو دەداتەوە، یاخود بەزەیی مرۆڤانە دەوری خۆی دەبینێ و کەس بەلای ئەو دا نایەت، دەستە خوشکەکانی ئەو هەموو لەماڵە مێردن و نێرینەیەک نازیان هەڵدەگرێ و دەیانکەنە دایکی منداڵ، رقەکەی دوو لایەنە بوو، بێ بەش بوون لە هەمو مافێکی مرۆڤانەو، هەستە کەڵەمێردانەکەی ناخێ دەیهەژێنێ، ماڵی حاجی حەسۆک هەر لە هۆڵی پارەو کرێ خانوو بوون، ئەوەندە گوێیان نەدەدا بەوانەی هاتووچۆیان دەکردن، هەندێکیان ناسیاوی کەرکوک بوون و سەردانێکیان دەکردن، کەم جار حاجی دەیپرسی :-

**- ئەرێ کیژم کە دەبینم و دەبیستم هاموشۆکەرتان زۆرە، دەبێ خزم و کەس و ناسیاوت بن؟ کیژم ئاگات لە خۆ بێ، دنیاکە خراپە و کەس روحم بە کەسی دی ناکات..**

**- بەشەرم و زەردەخەنەیەکی تەوسەوە وەڵامت دەدایەوە:-**

**- مامە حاجی، خوا عافوت کا، خوانەخواستە ئەبێ چ کەس بن؟**

بەڵێ خزم و کەس و ناسیاومن و سەرم لێ ئەدەن خوا کاریان راست بێنێ، ئامۆزاو پورزاو خزمی باوکی شانازن،

حاجی حەسۆکیش وەکو بلێی لە قسەکانت بەگومان بوو، ئەوەندەش نەدەچووە بنج و بنەوانەی سەربردەی ژیانتەوە، وەکو ژنێکی لێقەوماو و داماو جێگای کردبوویتەوە، بەسەرسوڕمانەوە لێی دەپرسیت:-

- **ئەی باشە بۆ لایەکت لێناکەنەوە و کۆمەکێکت بکەن؟**

**بەپێکەنینێکی موزەیەفەوە وەڵامت دەدایەوە:-**

- **خوا دەست بەباڵیانەوە بگرێ، کەم و زۆر چاویان لێمانە، ئەگەر ئەوان نەبن چۆن گوزەرانمان بەرێوە ئەچێ.**

بەڵام شاناز زۆرجار گوێی لەو دەمە تەقێیەی نێوان تۆ و حاجی حەسۆک دەبوو دەیزانی درۆ دەکەی، هەرکە دەچوویتە ژوورەوەو چاوی پێت دەکەوت، چاوە هەڵۆیەکانی ونجرِ ونجڕی دەکردی، ئەوانە بە خۆێی هەوریش ناگەنە باوکی، دەیویست بە ڕووتا بتەقێتەوەو هاوار بکات کە درۆ دەکەی، بەلای ئەوەوە هەموو بەهایەکت خستۆتە قوڕی رەشەوە، بەو سەرنج دانانەی شاناز ئەوەندەی تر هەناوت کرمێ دەبوو، کرمە توولەی درێژ

دریژ بەهەزاران لەتەوقی سەرتەوە تا کەلە مووستی پێیەکانت ڕیزیان دەبەست و دەروونتیان دەخواردەوە، جەستەت دەبوە دەفریکی خوێن و چلک و کێم، بوونی خۆت لێت دەبووە بارو دنیات لە پێش چاو ڕەش دەبوو، ختوەیەک وەدەروونت دەکەوت، قاپێک نەوت بەخۆت دا بکەیت و ببیتە مشتێ زوخاڵ، هەروەکو – حەڵاو – ی دراوسێی کەرکوکتان کە لە رقی مێردەکەی شووشەیەک مەرگە مووشی نایە سەرەوەو خۆی لە تێهەڵدانی – قالە – چاو میتکنەی مێردی رزگار کرد، چیتر بەرگەی ئەو سەرنجدانانەی ناگری، بەڵام هەر کە چاوت تێ دەبڕی هەموو ناهەمواریەکت لەبیر دەچێتەوەو بڕیاڕ دەدەی بۆی بمێنی، ئینجاش لە قوژبنێک هەڵدە توتاوی و بەکوڵی گریان دەتشۆریەوە..

شاناز لە رۆژی دەنگ و باسی لەخوێن گەوزانی باوکی دا دوو ساڵان بوو، ئیتر چ پەڵپێک نەمابوو لەو گوندە راگیرتان بکات، ئەو گوندەی تێدا نیشتەجێ بوون، چونکە پاش ساڵێک بوکێنیت ئەو بووە یەکێک لە ئەوان و تۆش بە سکی پڕەوە دوای

کەوتی چونکە لە شار کەسێکی ئەوتۆت نەمابوو چاوی لێت بێ و دەستت بۆ درێژ بکات، هەر کە ئەویش بەو دەردە چوو، شەوێکی درەنگ شڕەو پڕەکانت پێچایەوەو شانازت نایە کۆڵ و بەرەو شار کەوتیتە تەک کاروانچیەکان.

شاناز هەروەکو ئێستا ئیفلیج و لەجێ وەرکەوتوو بوو، چەند ساڵێ دوای ئەوە بێوەژن کەوتنە، چاوەڕوان بووی کەسێک ئاوڕت لێ بداتەوە، خۆی بکاتە باوکی شانازو جێگای ساردوسڕی شەوانت گەرم بکاتەوە، جەستە نیوە مردوەکەی جوانی تۆی شێواندبوو، لەناخەوە رووی دەمی دووعاو لووشەت دەکردە ئاسمان، بۆ ئەوەی خودا بە گوناه لێت نەگرێ و بتباتەوە بۆ خەزێنەی خۆی، چیتر لە ووزەت دا نەمابوو، جوانیت ببوە گومرگی ئیفلیجیەکەی ئەو، ئەوەی خۆشەویستیە بە ئاکام نەگەیشتوە کە ببووە بردەی شەماڵ، دەستت لە هەموو شتێ شوشت بوو، مێردیش ئاوەو ئاو رۆیشت و گۆڕەکەی بێ سەرو شوێنە، بەتەمای ئەوەش نەبووی بلێی گەورە دەبێ و هەتیوێک دەیباو لەکۆڵی تۆ دەبێتەوە، تۆش کابرایەک دەدۆزیتەوەو حەیات

ستر دەکات، لە خودا دەپارێیتەوە کەتۆ کردت ئەو نەیکات، کار لە کار ترازابوو، شەیتان زەفەری پێت بردبوو..

تا یەک دوو ساڵێک حەیات ستر بوو، بەتەقاویتی مێردەکەت بژی و مەمر دەگوزەران، لەپاڵ ئەوەشەوە نانەوایی و جل شۆری ماڵە دراوسێکانت رادەپەڕاند، بەڵام پاش ئەو دوو ساڵە ماندوویی و شەکەتی کنەی لە جەستەت کردبوو، بەخۆت نەدەزانی، تا رۆژێکیان لە ماڵی – گویلدەران – جل و پەڕۆ و پاتاڵێکی زۆرت شوشتبوو، وەکو گوللە بنێن بە کورتە کەلەتەوە، لەناکاو بریسکەیەک قاژەی لێ هەڵساندی، ئیتر ئاگات لێ بڕاو هەر کە چاوت کردەوە، لە نەخۆشخانە کەوتبووی، پزیشکەکان پێیان راگەیاندی، گورچیلەت لەسەرماوە تووش بووەو ئازاری پێ کەوتوەو شین بۆتەوە، ئەگەر خۆت لە ماندوویی و سەرما دوور نەخەیتەوە لێت کەسیرە دەکات و باریش بەچاکی ناگوزەرێ، ئیدی هەر لەو رۆژەوە دەستت لە هەموو خۆ ماندووبوونێک هەڵگرت، هەندێ جاریش ختورەیەک دەکەوتە مێشکت، چەشنی خۆکوشتنێک خۆت ماندوو بکەیت، بەڵکە ئەمە لەو چەرمەسەریە قورتار دەبی و لە کۆڵی دنیا دەبیتەوە، کە

چاوت بە شاناز دەکەوت هەموو جۆرە ختوورەیەک لە ناوەوەت پەلە خود دەبوو، ورەت دەدایە خۆت و دەبێ لە پێناوی ئەودا بژیت، تا بزانی بەچ لایەک ئەم کلۆلیە ساخ دەبێتەوە.

هەژاری و خۆشەویستی باوک کوشتەی یەکدین، یاخود دەڵێن هەژاری لە دەرگاوە دێتە ژوورەوەو خۆشەویستی لە کلاورۆژنەوە بۆی دەرباز دەبێ و هەڵدێ، لەگەڵ یەکدی لە رقە بەرایەتیەکی هەتا هەتاییدان، لەم کۆمەڵ و دەوروبەرو ناو خەڵکەی ئێمەش دا، چ وزەیەکی ئەفسووناوی نیە بەیەکیانەوە بلکێنێ، بۆ حەڤدەساڵ دەچێ و وەکو هەستێک لەناوەوەت پەلە خود دەبوو، یان بە زۆرە ملێ سەریان بڕی و پەلەخودیان کرد، خوێنەکەیان بۆ چاوەزار پرژاندە سەر جیهازی بووکێنیەوە، نەوەک ببەسترێ و لەچک سوور نەکەیت و ئابڕووی هەزار ساڵەتان دەچێ. رابردوویەک بوو ئاوەو ئاو رۆیشت، چەشنی هەزاران کەین و بەینی تری لەو جۆرەی ئەم رۆژهەڵاتە، توورردرایە دەریایەکی ئەفسانەییەوە، کەچی «ئەم بەیانیە» هەموو شتێ بە پێچەوانەی ختوورەی دەروونت وەکو بلْقی سەرئاو دەبووە تۆقلەی گەورەو دەتەقیەوە،

خۆشەویستی قارەمان خۆشت نەت دەزانی لە چ قوژبنێکی جەستە کلۆڵەکەت ئەم ساڵانە دوورو درێژە خۆی مەڵاس دابوو، هەروەکو کەسێک لە خەوێکی وەکو خەوەکەی برادەرانی ئەشکەوتەکە وەئاگا هاتبێتەوە، راچڵەکی و ژیانی وەبەر کەوتەوەو لە دنیایەکی نوێدا هەمان رەفتاری دنیا بەسەرچووەکەی دەکرد، دەردی سەری ئەوی لەبیرت بردبۆوە، کە خۆشەویستی ئەو ببوە کێوێکی گڕ و لە هەناوت لە کاتی بێ ئاگایی دا کڵپەی دەکرد، بە هەویای ئەوە بوونی خۆت پێزانیوەو هەستت بە دینیا کردوە، هەستت نەدەکرد ژیان تەمەنێکی ئێجگار کورتەو بەچاو قوچاندنێک دێت و گوزەر دەکات، چەشنی رێبوارێکی شەکەت و پڕ زەلێ بڕاو بەپێش چاوتەوە تێ دەپەڕێ و بە هەناسە ساردیە تێی رادەمێنێ، ئەو دەمەی هەواڵی لە خوێن گەوزانی باوکی شانازت پێ گەیشت زۆر بۆی دڵ بەداخ بووی، شین و شیپۆڕێکی زۆرت بۆی جۆشان، تەنها لەبەر ئەوەی مێردت بوو بەناویش بێ، بۆت سترێک بوو، لێزمەی گریانت بۆ ئەوەبوو کە لەگەڵ کیژێکی ئیفلیج دا تۆی سپاردە رۆژگارێکی دڵرەق و دەبێ جوانی خۆتی لەسەر دابنێی،

زۆر جار پێی دەوتی، «ئەگەر لەپەڕەی ئاسمانیش بم بۆت دێمە سەرزەوی» ئەم قسەیەی قارەمان وەکو چەخماخەیەک قاژەی لە هەناوت هەڵدەستاندو هەندێ دڵت ئاوی دەخواردەوە، کەچی دەهاتیتە سەرباری راستی و لەناخەوە گاڵتەیەکت بەخۆت دەکرد، پاش حەڤدە ساڵ، بۆ ئەوە دەچووی قارەمانیش خاک و خۆڵی نەماوە و، چەند ساڵێکە لە خوێنی جوانی خۆی گەوزاوە، یان ئەوەتا بۆتە داردەستی دڵتەنگی و، رەوەڵەیەک منداڵی خستۆتەو لە بگرەو بەردەو سەرەڕۆیی وازی هێناوە، ئەم بیرکردنەوەشت لەبارچوو، ئەنجامیش بۆت دەرکەوت ئەم ساڵانە دووروو درێژە، قارەمان بە چ دەردێک چووەو چی لێ بەسەرهاتوە، لە رووخساری دا مێژوویەکی سەختت خوێندەوە، دەردی سەری کاری خۆی لێ کردوە، وەکو بڵێی لە چرچ و لۆچی و هێلە گێڕو گەواڵەکانی ناو چەوانیدا تۆماری سەردەمێکت دەخوێندەوە، ئەم «بەیانیە» بۆت دەرکەوت زۆر جار کەین و بەینێک دەبێتە بزمارێکی زەبەلاح و رۆژگارو زەمەنی پێ دادەکوترێ و لەجێی خۆی جمە ناکات..

*****

-١١-

هێشتاکە تۆ مێردت نەکردبوو، قارەمانیش قوتابی ناوەندی بوو، هەمو رۆژی هەینیەک دەهات و سەردانی دەکردی، دەشتزانی پاش نیوەڕۆ دێت، چونکە دەمەو بەیانی دەچوو تا دەمەدەمی نیوەڕۆ پیاسەیەکی ناو بازاڕی دەکرد و، لەسەر ئەو بارە راهاتبوو، بۆیە زۆرجار ئەوەی بەبیرت دا دەهات، بەبیانووی سەردانی – نەسرین – ی هاوڕێت، رووخسەتت

لە دایکت دەخواست، بۆی دەردەچووی، عەباکەی دایکت لە خۆت دەئاڵاند، بەپەلە بەرەو باخچەکەی ناوەڕاستی گەڕەکی – موسەڵا – دەچووی، بەدزی باغەوانەکە چەند گوڵێکی زەردو سوورت دەکردەوە، بە هەمان خێرایی و راستە رێ دەگەڕایتەوە، خۆت دەکردە ژوورەوە، بەپەلە پەل عەباکەت لە قوژبنێک هەڵدەدا، دەچوویتە بەردەرگای حەوشەکە، هەتا ئەو وەدەر دەکەوت، ماخۆلانت پێ دەکەوت، ختوکەیەکی خۆشنوودی لەناوەوەت کەف و کوڵی دەکرد، ئۆقرەت هەڵدەچوو، چەشنی دارگوێزێکی پیرە ساڵ دادەکوترای و بەچ بابۆرانێک لە شوێنەکەی خۆت جێ لەق نەدەبووی، ئاگای مەحمووی بێ زەوادت نەدەما، دەکەوتیتە خەیاڵاتی هاتنی قارەمانەوە، گوڵە زەردو سوورەکانت لە دوو تۆی قامکە نەرم و نیانەکاندا رادەگرت، بەچاوی کەیلەوە تێیان ڕادەمای، تاس دەیبردیتەوە، زەردەخەنەیەک وەکو پاساریەکی توتکە نەگرتوو لەسەر لێوە پەمەییەکانت دەنیشتەوە، بەسۆزناکیەوە وەکو دەست بەسەر ئازیزێکی نووستوودا بهێنی، دەستت پێیاندا دەهێنا، دەترسای

گەرد بگرن، پەڕیان لێ هەڵوەری، یان پەژمووده بن، هەرکە ئەو دەربکەوتبایە خورپەیەک وەکو تەزووی کارەبا وەهەناوت بکەوێ، لەتەوقی سەرەوە تا کەڵەموستی پێیەکانت رایدەتەکاند، لە خۆشیان شاگەشکە دەبووی، چەند کەڕەتێک خۆت دەکرد بە حەوشەدا، چەپکە گوڵە زەردو سوورەکانت لە ئامێز دەگرت، گۆی مەمکەکانت دەنایە ناو گوڵەکان، دایکێکی و چەند کۆرپەیەکی نازدارت دەلاواند، بەچاو نوقاندنەوە رووت لە ئاسمان دەکرد، پڕ بەسیەکانت بایەکەی رووبەری حەوشەکەت هەڵدەمژی، هەموو شتێ بۆنی خوناوەکەی کامەرانیەکی شاراوەی لێ دەهات، ئەو رەفتارەشت بە دزی دایک و باوکتەوە ئەنجام دەدا، ئەنجامیش پڕتاو دەهاتیتەوە بەردەرگای حەوشەکە، تەماشات دەکرد قارەمان لە دەرگاکە نزیک بۆتەوە، ئەویش هەر کە گەیشتبایە ئەوناوە، بەترس و لەرزەوە لێت نزیک دەبۆوە، تاوێک هەڵی دەڕوانیە دەوروپشتی خۆی، نەک کەسێک چاوی پێتانەوە بێ، یان چاودێریتان بکات، هەزارو یەک بەیت و باڵۆرەتان پێوە هەڵبەستێ، ئەو لە ئابرووی شەرەفی تۆ دەترسا، ئەگەر بەخراپە

ناوت بهێنن، هەناوی ئەو کرمێ دەبوو، خۆی دەداتە بەر لۆمەو تانە، حەزەکەی بەجۆرێکی دیکە بوو، ئاوێتەی کڵۆڵی و باوک مردووی و سەرگەردانی بوو، لەکڵۆڵی تۆدا سۆزو هەست و نەستی راستەقینەی خۆی دۆزیبۆوە، کڵۆڵی و یەک بوونی چەرمەسەری دووکەسیش، دەبێتە دەزوویەکی ئەفسانەیی و هەرگیزاو هەرگیز پسانی بۆ نیە، بۆ هەتایە بەیەکیانەوە شەتەک دەدات. بەڵام . رۆژی هەینیەکی تریش هەر بە بیانووی ماڵی – نەسرین – ی هاورێتەوە دایکت هەڵدەخەڵەتاند، خۆت لە دۆزەخی حەوشەکە دەرباز دەکرد، لە پرتەو بۆڵەی دایکت رەها دەبووی، لەوەو بەریش لەگەڵ قارەمان رێک کەوتبووی تا بەیەکەوە پیاسەیەکی گەڕەکەکانی ناو شار بکەن، بەکامی دڵەوە تێر تێر لەگەڵ یەکتر قسان بکەن و کفت وکۆی دڵتان بمرێنن، چەند سەعاتێکیش دەبنە خاوەنی خۆتان و دنیا لەپێ دەکەن، هەر دەست و برد دەچووی عەبا رەشە تازەکەی – ئاسیا – ت دەخواست و، دەتکردە جۆتێ شاباڵی رەش، خۆت دەدایە دەم گڵپەی ئارەزوویەکی ساف و بێگەردەوە، قارەمانیش هەموو جارێ

لە پشتەوەی سەرانگۆیلە گەورەکەی نێوان گەرەکی شۆریجەو گەڕەکی گڵچیەکان هەموو جەستەی دەبووە چاوەڕوانی، هەرکە پێی دەگەیشتی خۆشنودەیەکی رادە بەدەرەوە، بەرەو پیریت دەهات، لە خۆشنوودی دا سەری دنیاتان لێ دەهاتەوە یەک، دەرفەتی بڕیاردانتان لێ دەبڕا، مێشکتان لە بیر کردنەوە دەوەستا، ئەوەندەتان ئاگا لەخۆ بوو، پێیەکانتان خۆرسک زۆری لێتان سەندەوەو بەرەو گەڕەکی شۆریجە ملی ڕێگاتان گرتوە، بەوە رازی دەبوون تاوێ بەکۆڵانەکاندا بسوورێنەوە، بەسەدان دڵەکوتی و بەتامەوە چەندان کۆڵانتان تەی دەکرد، زۆربەی خەڵکی گەڕەکەکەش بەچاوی سەرسوڕمانەوە چاویان لێتان زلو بل دەکردەوە، کەین و بەینەکەش لەگەڕەکێکی نیمچە لادێی ئاشکرابوو، منداڵە وردەکەو هەرزەکارەکان توانج و تەشەڕیان تێدەگرتن، یان لەسەرە کۆڵانێک ژنێکی قەیرە رووی دەمی لە دراوسێ کەیان دەکرد و بەتەوسەوە دەیوت:-

**-        ئاخر زەمانە، چۆن ئاگرو بەنزین پێکەوە رێئەکەن؟ بەخوا کچێکی بێسەرەو بێ خاوەنە. تف لە حەیسیەتت.**

**ئەویتریش وەکو کەو بەرامبەری دەیخوێندو دەیسەندەوە..**

**- ئەگەر خاوەنی هەبوایە، لەت لەتی دەکرد و فڕێی ئەدایە بەرسەگ.**

وەکو بڵێی ئاوانیش وەختی خۆی هەویای نێرینە کەوڵیانی نەدەخوراند، بەپەرۆشەوە نەبوون خۆیان بکەنە باخەڵی پیاوێکەوە، کەئاوها بەسەر ئەم جۆرە کەسانەدا دەرژێنەوە، هەموو رابردوویەکی خۆیان لە بیر دەچۆوە، یان لەبیر دەبەنەوە، نەبایان دیوەو نەباران، ئێوەش بەزەردەخەنەیەکی شەرمنانەوە تەماشای یەکتریتان دەکرد، سەرتان دادەخست و . ئەگەر چی قارەمان بێ باوک و دایک پەروەردە کرابوو، بەڵام تا بڵێی هەرزەکارێکی بە ئاغرو سەنگین بوو، ئەو بێکەسی و دەرەتانیە لەرێگای دا نەبوەو کۆسپ و تەگەرە، وەکو زۆربەی هەرزەکارانی دی لەرێگا دەربچێ، فێری دەیان کردەوەی خراپ و ناپەسند ببێ، تۆش تەنها باوکێکی گالیسکەوان و دایکێکی پیرێژنت شک دەبرد، ئەگەرچی بەر لەخۆت برایەک و خوشکێکت هەبوو، بەڵام براکەت بەکارەساتی خنکان لەناوچوو، لەمەلەوانی گۆمەکانی نێوان گەڕەکی ئیسکان و شۆریجە، ئەو گۆمانەش

بارانە ئاو بوو، لە دۆڵ و چاڵ و قۆرتەکانی نێوان گردۆڵکە هەڵکەندراوەکانی گەچۆڕەکاندا پەنگی خواردبۆوە، هەر گۆمێک دوو یان سێ بەژنە زەلام قوڵ بوو، تا دەمەو پایزێکی درەنگ ئاویان وشک نەدەبوو، چەند منداڵی ئەو گەڕەکانەی دەوروپشتی تێدا خنکابون.

خوشکەکەشت کە لە براکەت منداڵتر بوو، بە نەخۆشی سێ پەرۆ دەمرێ، پاش ئەوان تۆ لە دایک بووی.

ئەوەندەتان دەزانی سەعاتە وەختێک زیاتر، زۆربەی گوزەرەکانتان تاکانۆتەوە، ئینجاش بەرەو دوا دەبوونەوە، ڕێگا تاریکەکەی تەنیشت گۆڕستانەکەتان دەگرتە بەر، بەلا قەبرغەی سەرانگوێلە گەورەکەی بەرامبەر دەبەخانەکە لاتان دەدا، لەنێوان مەزراو چەرداخەکان و خانوەکانی گڵچیەکاندا، بەرەو گەڕەکی – بڵاخ – دەتان نایە دەمی بەدەم قسەکردنەوە ئاگاتان لێ دەبڕا، کە لە یەکێک لە کۆڵانە دەرنەچووەکانی – سەی سەروەر – بەگیر هاتوون، ناچار بەشەرمەوە ڕێگاتان دەگۆڕی، لەسەر جادە قیرتاوەکەی ڕێگای سلێمانی خۆتان دەدۆزیەوە، لەوێشەوە

بەرێگای سەرەو ژوورەکەی – بەرتەکێ – دا هەڵدەزنان، هەر کە تینوو دەبوون، بەدوو قۆڵی خۆتان دەکردە مزگەوت و تەکیەکەی شێخ عەلی تاڵەبانیەوە، لە کوپە ساردەکانی سەرو تاس ئاوتان دەخواردەوە، زۆرجار مجێورو دەروێشەکان چاویان لێتان بوو، بە نارەزاییەوە بێ یاخود لە بەخیلی پێ بردن بێ، سەرێکیان بۆ دەلەقاندو دەکەوتنە بۆڵە بۆڵ:-

**- ئەستەغفیرەڵا، ئاخر زەمانە، ئاخر زەمان، دین و ئیمان و حەیا نەماوە، دەک شێخ عەلی ئەم دەورانە سەرەو ژێرکەیت..**

**- گوێت بەبۆڵە بۆڵەکانیان نەدەداو خۆتان لێیان گێل دەکرد.**

ئینجاش لەوێوە بەرەو سەرتەپۆلکەی گۆڕستانەکەی شێخ محێ دین گوریسی رێگاتان هەڵدە پێکا، قارەمانیش بۆ دەرفەت دەگەڕاو خێرا خێرا ئاوڕی دەوروبەری دەدایەوە، هەرکە دڵنیا دەبوو کەستان لێوە دیارنیە، هامبازت دەبوو، بەزۆرەملێ یەک دوو ماچی گەرم و گوڕی لێت دەسەند، پرتاو بە دڵە کوتێ، خۆت لە دەستی رادەپسکاند، لێی دووردەکەوتیتەوە، رەنگت سوور

دادەگیرسا، پاش ئەو رەفتارەی قارەمان، بۆچەند دەقیقەیەک کپ و خامۆش دەبوون، ئارەزوویەکی سەر شێتانە بەو رەفتارەی لە ناختدا بڵقی دەداو خۆزیات دەکرد ئا لەو شوێنەدا خۆت توورٍ دەیتە ئامێزیەوەو لێی بنووی، هەرکە لەو خەیاڵە وەئاگا دەهاتیەوە، دەتزانی کارێکی مەحاڵەو دەشێ ئابرٍووی چەند ساڵەتان بتکێ، هەروەها بەدەم قسەکردن و خنانەوە یەک بەیەکی گۆرٍەکانتان بەسەر دەکردەوە، نووسراوی کێڵەکانتان دەخوێندەوە، هەرکە لەوەش وەرٍز دەبوون و تێر قسە دەبوون، وەردەچەرخانەوە و راستەرٍێ ملی رێگای (ئاخورٍ حوسێن)تان دەگرت، لەوێشەوە قەڵا خۆت بگرە هاتین.

بە هەناسکە هەناسک و تریقەی پێکەنینەوە، بەسەر پیلکانە درێژ و زۆرەکانی قەڵادا هەڵدەزنان، رووتان لە مەرقەی – دانیال پێغەمبەر – دەکرد بەناو حەوشەی مەرقەدەکە چەند خولێکتان دەخوارد، چەندان ژنە کوردی رەش و رووت خۆیان بە مەرقەدەکەوە دەنووساند و دوعاو لووشە دەکەن، یاخود چەند ژنێک قفڵیان لە چەپەرە ئاسنینەکان دەدا، جارێکیان دایکت پێی

وتبووی، ئەوەی قفڵ بدات لە مەرقەدەکەی دانیال پێغەمبەر، بۆ یەک دوو رۆژی تر دەچێ سەر لە قفڵەکە دەدات، ئەگەر قفڵەکە کرابێتەوە ئەوا مرازی حاسڵ دەبێ، تۆش بەو بیرکردنەوەیە ئەوەت بۆ قارەمان پێشنیاز دەکرد، کە بچن لە بازاڕە پایین قەڵاوە، قفڵی بکڕن و لە مەرقەدەکەی بدەن، بەڵکو مرازتان حاسڵ دەبێ، بەڵام ئەو بەزەردەیەکی تەوسەوە خێسەیەکی لێت کردو وتی:-

- **چیە، تۆش دەتەوێ وەکو ئەم دواکەوتوانە بیربکەیتەوە؟**

هیچت بۆ نەوتراو لە پێشنیازەکەت پەشیمان بوویتەوە، دەیانووت، لەیەکێک لە مەرقەدەکان، هەموو ژنان ئەوەی نیازێکی لە دڵ بوایە، دەچوو قفڵێکی لێ دەدا، زۆربەی ئەو ژنانە هەرکە دوای دوو رۆژ دەهاتنەوە، قفڵی هەندێکیان کرابۆوە، بەخۆشی و بێشیەوە قفڵەکەی دەکردەوەو، پارەیەکی چاکی دەخستە دەستی مجێورەکەوە، دەیانوت مجێورەکە بڕە کلیلێکێ هەبوە، بۆ شەوێ دەچوو هەندێ لەو قفڵانەی دەکردەوە، تاوەکو ژنەکان خەڵاتێکی باشی بکەن، پاش ئەوەی دەوڵەمەند بوو، دوکانێکی بازرگانی

لەناوەڕاستی شار کردەوەو گاڵتەی بە عەقڵی هەموو ئەو ژنانە دەهات.

دوای ئەوەی سەرو تاسێک ئاوتان لە ویش هەڵدەقوڕاند، ئینجا بە پلیکانەکانی ئەودیوی قەڵاوە بەلای بازاڕی حەلواچیەکانەوە شۆڕ دەبوونەوە، لەوێشەوە بۆ گوزەرە تەسک و تروسکەکانی گەڕەکی – چقور – . بەنزیکەوە بوون لەماڵەوە، بە خوا حافیزی لە یەک دادەبڕان، قارەمانیش بۆ بەشی ناوخۆیی دەگەڕایەوە، بەماندوویی و دڵێکی کەیلەوە لۆژ دەبوویتەوە، چاوت لێ دەبوو دایکت لە بەر دەرگا چاوەڕێت بوو، هەرکە دەگەیشتیە بەردەمی و بە پەرۆش و هەندێ تورەییەوە پێی دەوتی:-

**- کچم ئەو باوکت هاتۆتەوە، لەتۆی ئەپرسی بۆ دواکەوتی، ئەزانی لەکەیەوە رۆیشتی؟**

**بەیەک دوو درۆی سپی دایکت سارد دەکردەوە:-**

**- دایە، نەسرین کەسیان لەماڵەوە نەبوون و بەتەنیا بوون، حەزی ئەکرد لەگەڵی بمێنمەوە، بەڵام بە هەزار ناڵی عەلی خۆم لێ دەرباز کرد.**

**دایکت بەو قسانەت دڵی ئاوی دەخواردەوە، ئەگەرچی لێیان بەگومان بوو، بەشەرمەوە خۆت دەکرد بە ژوورا، کاتێک باوکت چاوی پێت دەکەوت، بەچاوێکی خەفەتبارەوە تەماشای دەکردی و هەناسەیەکی ساردی هەڵدەکێشا.**

**-١٢**

**رۆژێکیان بەدەم رێگای قوتابخانەوە نازداری ئامۆزای قارەمان پێی وتی:-**

**- دوێنێ مامەکەم لەلادێوە کوڕەکەی خۆی هێناوە و لەماڵی ئێمەش ئەمێنێتەوە.**

**- بۆچی دەمێنێتەوە؟**

**بە قێزبوونێکەوە وەڵامتی دایەوە:-**

**- دەشتەکیە، هیچ حەزی لێ ناکەم، ئەیەوێ بخوێنێ.**

ئەوساکە ئەوت ناسی تازە پۆلی دووەمی سەرەتایی بوون.

هەر ئەو ساڵە قارەمان لە قوتابخانەی شۆرجەی سەرەتایی کوڕان وەرگیرا. جارێکی دی، هەر لە رێگای قوتابخانە لە نازدارت پرسی:-

**- چۆن ئەو تازە لە لادێوە هاتوە وەکو ئێمە بوو بەپۆلی دووەم:-**

**بەهەندێ رق و زۆرانی ساویلکانەوە وەڵامتی دایەوە:-**

دایکم ئەڵێ قورئانی خەتم کردوە، لەلای مەلا خوێندوویەتی. نەتزانی چ هەستێکی شاراوەی لاسار، هانی داوی ئاشنای قارەمان ببیت، دیارە ئەو پتر خۆی لێت نزیک کردەوە، دڵی پێت دەکرایەوە، هەموو جارێ ئەو دەهاتە سەربانی خانووی ماڵی نازدار بۆ سەعی کردن، تۆش دەچویتە سەربانی حەوشەکەی خۆتان، سەربانی ماڵە مامەکەیی و ئێوە دیوارێکی نزم بوو، خۆتان بەیەکتری ناساند، هەرچ کاتێ شتێکت نەدەزانی لەوت دەپرسی. ئەگەر چی منداڵێکی گوندی بوو، بەڵام پاک و تەمیز و چاورەش و جوان و قسە خۆش و دەم بە پێکەنین بوو، چاو نەترسیشی پێوە دیاربوو، شەرمنۆک نەبوو، لاسارتۆتکە نەگرتوویش دیاربوو، هەر ئەوساڵە گیرۆدەی هاورێیەتی قارەمان بوویت، نازداری ئامۆزایت لەبیر چۆوە، زۆربەی رۆژانیش پێکرا بۆ قوتابخانە دەچوون، ئەو لەلای قوتابخانەی کوران دابڕ دەبوو،

تۆش بۆ قوتابخانەی کچان بەرەو خوار دەبوویتەوە.

ئەو سەروەختە ماڵی ئێوە لە گەڕەکی پیریادی، دراوسێکەی کرێچی ماڵی مامەی ئەو خانووە کۆنەکەی جولەکەکان بوو، کەلەم ساڵانەی دواییدا بەکرێچییەکان چۆڵ کراو کرایە قوتابخانە، لەخانوویەکی نالە ئۆردیان .. خانوەکەش لە چوار ژوورو دوو بەردالانی بچووک پێک هاتبوو.

دوو ژوورو بەردالانێک لە تەنیشت دەرگاوە بوو، پەنجەرەکانیان دەکەوتە سەررێگا تاریکەکە، پەنجەرەکانیش لەو جۆرە پەنجەرانە بوون، تەمەنیان دەگەڕایەوە بۆ دووسەد ساڵ لەوەو بەرتر، دەشێ وەستایەکی جولەکە یان وەستایەکی عوسمانی دروستی کردبن، هەر بەو بارو دارەی خۆیان مابوونەوە، زۆر شتی سەیرو سەمەرە بەسەر دیواری ژوورەکان و حەوشەکەدا هەبوون، یان نەخش کرابوون، یان هەڵواسرابوون، دنیایەکی پڕ لە خورافاتیان دەخستە بەرچاو، لەبەردەم هەرژوورێک یان سەری بزنە کێویەکی شاخدار، یان سەری کەمتیارێکی مێینە هەڵواسرابوو، سەری بزنە کێویەکان

واتای وەحشەت و بەهێزی و زۆر نهێنی تری ژیانی ئەو خەڵکە سادەییەی دەبەخشی، سەری کەمتیارە مێینەکانیش هەروەکو باوکت دەیوت: کەمتیاری مێینە واتای ئەوەیە، هەرکەسێ بێتە ئەو حەوشە هیچی لە دڵ نامێنێ، وە لێمان رازی دەبێ، (ئەی نەتبیستوە دەڵێن فلانە کەس ئەوەندە زوو بەگیرت دەهێنێ هەر دەڵێی قوزە کەمتیاری پێیە) یان هەندێ وێنەی دەستکرد بەدیوارە چڵکنەکانەوە مت ببوون، وێنەی پیاوێکی زەبەلاح و قەوی قوڵ و سەرو بەست سەوز، تا ئەژنۆی بە پێستی پڵنگ پێچراوە، بەدەستی راستی شمشێرێکی هەڵگرتوە، کەللە هی زەلامێکی سەربڕاویش بەدەستی چەپیەوە، بە جوامێری و لەخۆبایی راوەستاوە، جەستەی کابرا سەربڕاوەکە لە خوێندا گەوزاوە، هەندێ ژنی جادو بازیش دەوری تەرمەکەیان داوەو حەیشەریانە دەتریقێنەوە. یان چەند وێنەیەکی پیاو و ژنی باڵدار، لە قۆڵی چەند پیاوێک و ژنی رووت و قوتیان گرتوە، بۆ ناو ئاگرێکی سوور شۆڕیان کردونەتەوە، هەندێ کەسیش بەدەم ناڵەو گریانەوە لەناو ئاگرە سوورەکەدا هەڵمە قۆ دەکەن، دەست

بۆ پیاوو ژنە باڵدارەکان درێژ دەکەن، یان لەبەردە سەخسی چەند چاوێکی زەق و هەڵکۆڵراون و لەسەر پەنجەرەکان داکوتراون بۆ ئەوەی چاوی پیس لە پەنجەرەکانەوە خۆی نەکاتە ژوورەوە..
دووژوورو بەردالانێکی تریش لەلای سەرەوەی حەوشەکە بوون، حەوشە چەمەنتۆو قۆقزاویەکە هەر ئەوەندەی دوو بەرەی لاکێشی دەبوون، کەوتبوە نێوان ئەوان و دوو جوتە ژوورو دوو بەردالانەوە، لەناوەڕاستی حەوشەکەدا دارتوویەکی چڕو پڕو بەبژو پوازێکی ئەستورەوە بە ئاسماندا هەڵچووبوو، سێ چارەکی ئاسمانی حەوشەکەی تەنی بوو، هەر کە شەوانی هاوین دا دەهات چەندان رەوە پاساری لەنێو لق و پۆپە چڕەکانیان خۆیان دەشاردەوە، تا شەوێکی درەنگیش بەجوکە جوکێکی خەمناک حەوشەکەیان کاس دەکرد. بەزستانانیش دەبووە دالدەی شەوانەی رەوە ریشۆڵەکان، ئیتر ئەو شەوە زستانیە دەبوە بەزم و هەراو، دانیشتوانی حەوشەکە دەکەوتنە راوکردنی ریشۆڵە، بەشی چەند رۆژێک گۆشتیان مسۆگەر دەکرد، یان بەهاوینانیش هەروەهایان دەکرد، ئیتر بەو جۆرە بە ڕاوی سەر دارتوەکە، تێر

سکی خۆیان گۆشتیان دەخوارد، هەر گیانیان بەوەش بوو، ئەوەی دوو ژوورەکەی نزیک دەرگاوە بوو، یەکێکیان – ناله – خۆی و ژنە جوان و توندو پڕەکەی و دوومنداڵەکەی بوون، ئەگەر چی تەمەنی ناڵە لە چڵ ساڵ بەرەو ژوورتر بوو، بەڵام ژنەکەی منداڵکارو سوورو سپی و خرپن بوو ناوی – ئاسیا – بوو، مێردەکەشی رەقەڵەو روخسار ئاوڵاوی هەندێ رەشتاڵە بوو، زۆرجار بەچاوی خۆت دەتبینی هەر کاتێ مێردەکەی لەماڵەوە نەدەبوو، دەچوە سەربان و لەگەڵ سالاری دراوسێی خانوەکەی پشتەوەتان، کە فەرمانبەرێکی لاو و قیت و قۆز بوو، یەک دوو سەعات لەو سەربانە پێکەوە قسەیان دەکردو بە لاقرتێنەوە دەتریقانەوە، لەو رەفتارە هەموو رۆژانەی ئاسیا بەگومان بوی، بۆیە جارێکیان ئەوەت بە دایکت راگەیاندو ئەویش پێی وتی:-

**- کچم بەنەعلەت بێ، هەتا بڵێی مێردێکی بەمەعریفەت و پیاو چاکی هەیە، بەڵام چی ئەکەی لەگەڵی و هیچ شتێ بەرچاوی ناگرێ.**

**- ئاخر دایە، مێردەکەی پیرەو ئەمیش هێشتا ئەڵێی کچی چواردەساڵە چۆن شووی بەم کابرایە کردوە..؟**

**دایکت بەدەم و هەناسەیەکی ساردو بێ بایەخەوە وەڵامتی دایەوە:-**

- کچم، هەروەکو ئاسیا لاولۆ بڕاو خۆی ئەگێڕێتەوە، گوایە ناڵە ئامۆزایەتی، باوکیشی تەنیا ئەم کچەی هەبوە، کابرایەکی جوتیارو لەلادێ ئەژیان، لە(نالە) بەولاوە کەسێکی تری ئەوتۆی نەبووە، بۆیە وەسیەتی کردبوو ئەگەر مرد، نالە چاوی لێی بێ، بەڵام دوای ئەوەی باوکی ئەمرێ، نالەش ئەچێ بۆشارو ئەیهێنێ پاش ماوەیەک هەر بەمنداڵی لەخۆی مارە دەکات.

ئەو سەردەمە هێشتا منداڵ بووی، ئاگای ئەم جۆرە کەین و بەینانەت نەدەزانی، ئاسیاو سالار تۆیان کردبوە قاسید، چەند جۆرە قسەیەکی بەرەمزت لەنێوانیان دا دەهێناو دەبرد، چونکە لەسڕقایمی تۆ دڵنیا بوون، تا جارێکیان بەچاوی خۆت بینیت، لەژوورەکەی ئاسیا، سالار باوەشی پێدا کردوەو خێرا خێرا بە چاوی تامەزرۆیی ماچی دەکات، ئەوەبوو ئەوجارە چوویتە

سەر ئەو حاڵەتەوە، ئاسیا جەستەی لەبەر ئاڵۆش و هەوەس بەرەنیسکی دەدا، روومەتەکانی سوور سوور هەڵگەڕابوون، ڕوومەتی چەپی دەتووت سێوە لاسوورەیەکە و منداڵ سووکە گازێکی لێ گرتووە، شوێنی گەستنی دانەکانی سالاری پێوە دیاربوو، ئاسیا بە توڕەیی و پەشۆکاییەوە چاوی لێت زەق کردەوە، هەندێ لە باوەشی سالار لاکەوت و پێی وتی:

**- کچە تیوە، دەرگاکە پێوەدە، بڕۆ لەبەر دەرگای حەوشە راوەستە نەوەکو ئەو نەگریسە ئاولاویە بێتەوە..!**

دەشێ دیتنی ئەو رەفتارە لە ناوەوەت پەنگی خواردبێتەوەو بوبێتە بناغەی هەڵسوکەوتەکانی ئێستای تۆش، چونکە هەموو ناوێڵیەکی مرۆڤ سەردەمی منداڵی چاوگێتی، کوردیش دەڵێ: خویەک گرتت بە شیری تەرکی ناکەیت بە پیری.

ژوورەکەی تری بەرامبەر ژوورەکەیماڵی ناڵە ماڵی فەتاح هەمەوەن بوو، ئەوانیش سێ سەر خێزان بوون، فەتاح خۆی و روقیەی ژنی و سەرداری کوڕە تاقانەیان بوو، تۆ لەسەردار ساڵێک گەورەتر بووی، هەرگیز خۆشیت بەچارەی دا نەدەهاتەوە،

ئەوەندە خۆت تێی نەدەگەیاند، هەمیشە دەبوە شەڕتان و ئەویش هامبازت دەبوو، بە پرچەکەت حەسیرمەیدانێکی ناو حەوشەکەی پێت دەکرد، تا دایکی پێتان دەگەیشت، ئەوی هەندێ بیراز دەکرد و ئەم لاو ئەولای تۆشی ماچ دەکرد و دەیوت:-

**- ئەیکەمە قوربانی تاڵێ لە پرچەکەت، بەخوا ئەم جارەیان بە قەرەتدا بێت ئەو خوێڕیە بە شیشی تەنوورەکە داخی دەکەم.**

ئەو رقەی سەرداریش دیارە هی ئەوەبوو، کە تۆ زیاتر مەیلت بە قارەمان دابوو و پێکڕا دەرستان دەخوێند، ئەویش منداڵێکی بەدعاد و شەڕفرۆش و تەمەڵ بوو.

دوو ژوورەکەی لای سەرەوەش، یەکێکیان ماڵی ئێوە بوو، ئەویتریش کابرایەکی بەتەمەنی رەبەنی بەتەمەنی وەکو دەروێش ساڵحی گرتبوە خۆ، بەتەنیا دەژیا، لەوەتەی ئێوە لەو حەوشەیە بوون ئەویش هەر لەوێ بوو، بێ کەسوکاریش بوو، زۆر شەوان دەهاتە ژوورەکەی ئێوەو لەگەڵ باوکتدا دەکەوتنە راوێژو قسەو باسەوە، یان سەربردەی خۆی دەگێڕایەوە.

ئەوەبوو یەکێ لەو شەوانە باوکت لێی پرسی:-

- **ئەرێ دەروێش ساڵح، تۆ ئەڵێی لەسەر بنجک رووای؟!**
بەزەردەخەنەیەکی خەفەتبارەوە، مژێکی لە جگەرەکەی دەداو دەنکە تەزبیحی دەژماردو سەرێکی بۆ دەلەقاندو دەیوت:-
- ئای حەمەمین، بەخوای ئەمە مەتەڵێکی دوورو درێژە.
باوکیشت زۆری لێ دەکردو پێی دەوت:-
- ئێ دەبا بزانین، خۆتۆ لەوەتەی لێرەدای وەکو برایەکی هەموانی، سەر وەسیەت و تەمی کەری ئەم حەوشەیەی، دەبا بزانین چ کەس و کوێندەریت..؟
ئینجا شانێکی هەڵدەتەکاندو دەستێکی بە ریشە یەک دوو ئینجە درێژەکەیەوە دەهێنا، هەناسەیەکی ساردی هەڵدەکێشاو دەیوت:-
- ئەوەی راستی بێ حەمەمین، من هەر بە منداڵی هاتوومەتە شاری کەرکوک، ئیتر هەر عەیامەی سەری ئیش و کارێکم دەگرت، بژی مەمری خۆم گەیاندە ئەم عومرە، بەناو خۆم لەو ناو دەشتی دزەیی لەدایک بووم، باوکیشم ئەوەندە جەزرەبەی بەدەست ئاغاکانەوە دیبوو، چونکە هەردەم قسەی لێیان نەئەخواردەوە و بەگژیاندا ئەچوو، ئەوانیش چاک دەرەقەتی دەهاتن و دەردی سەریان

تفاندبوە زاریەوە، ئاخریەکەی تووشی نەخۆشیەک هات پەتۆی پێ نەبرد و ئەمری خوای کرد، باوکیشم لەو گوندەی لێی بووین چ کەس و کارێکی نەبوو، چونکە لە خۆیم بیستبوو کە بەئەسڵ خەڵکی دیاربەکر بوو، ئەویش هەر بە منداڵی بەرەوازەی ئەم دیو ببوو، دایکیشم منداڵ بووم بەر لە مردنی باوکم ئەویش ئێوە خۆش.

باوکت ئینجا رووی دەمی تێ دەکردو دەیوت:-

- **ئێ باشە دەروێش ئەم هەموو عومرە ژنت نەهێناوە؟**

**بەخەفەتباریەوە:-**

- **بەڵێ، تەنها مانگێک پێمەوە دانیشت، زۆرم هەوڵدا پێمەوە دانیشێ، بەڵام بێ سوود بوو، ناچار تەڵاقم دا.**

**ئینجا بە پێکەنینەوە دەیوت:-**

- **دە حەمەمین، لە سەری مەڕۆ با ئەوەندە بەس بێ.**

**ئیتر باوکیشت لێی دەگەڕاو بەلای چەند باسێکی ترەوە دەبوونەوە.**

**جارێکیان لە – ئاسیا – ت پرسی:-**

- **باشە، دەروێش ساڵح بۆچی ژن ناهێنێ؟**

**بە حیلکەی پێکەنین و خۆ بادانەوە وەڵامی دایتەوە:-**

- **کچێ، ئەڵێن، خوایە لێم مەگرە، ئەڵێن نێرەمووکە، بۆیە ژنەکەی پێوەی دانەنیشتوە.**

تۆش لەگەڵ ئەودا دەتدایە قاقای پێکەنین.

پاش سێ و چوار ساڵێک، ئەو دەمەو بەیانیە وەکو هەموو دەمەو بەیانیەکی تر، دەروێش ساڵح لە خەو هەڵنەسابوو، تا بەرلەوەی بچێ بۆ کرێکاری دەست نوێژی بسەنێ و نوێژی بەیانی بکات، چێشتەنگاوێکی درەنگ بوو، ئەو رۆژە باوکت بۆ ئیش نەچووبوو، هەندێ ناساغ بوو، بەدایکتی وت:-

- **ئەرێ ژنەکە، ئەم بەیانیە دەروێش ساڵح ئەم بۆ دەست نوێژ بەرچاوم نەکەوت..؟**

دایکت بە هەندێ رووگرژیەوە وەڵامی دایەوە:-

- **دە تۆیش، لەوانەیە تۆ لە نوێژ دواکەتبی و ئەو هەر زوو نوێژی کردوەو چوە بۆ ئیش..!**

ئەگەر چی دایکت لە قسەکەی باوکت دوو دڵ بوو، بەڵام هەندێ پێی ئارام بوو، ئەوەندە لەسەری نەڕۆیشت.

دەروێش دەقی بەوە گرتبوو کە هەموو رۆژێ دەمەو عەسرێکی درەنگ لە کرێکاری گەچۆرەکان دەگەڕایەوە، هەرکە دەهاتەوە سەرتاپای بالأی نوقمی تۆزو گەردی گەچ ببوو، چونکە کورە سوتێنیش بوو، ئیتر جەستەی لە هیسی نەوتی رەش و گەچ دەبوە جوجکە نەوتینە. تەنها سپێنەی دیدە خامۆشەکانی بەدەرەوەبوون و دەبریسکانەوە، ئیتر دەچوە ژوورەوە یەکسەر بوخچەی کەلوپەلە هەمیشەیەکەی دەنایە بن هەنگڵی، دەچوو بۆ گەرماوەکەی خورشید قایەچی، کاتێکیش دەهاتەوە دەروێش ساڵحێکی تر بوو، روخساری سوور سوور دەگەڕاوە، پاک و تەمیز هەر لەوێشەوە زۆرجار دەچوو، لەکەبابخانەکەی – مچە گاور – خۆی مرِدەکرد، ئینجاش دەهاتەوەو زۆر جار رێدەکەوت دایکت چای دەم دابوو، لەتەنیشت دایکتەوە چوار مشقی لێی دادەنیشت و پێی دەوت:-

- **ئا براژن گیان، چایەکی عەترلیمان بۆ تێکە.**

**کەچی ئەو رۆژە عەسر دەرنەکەوت، تا دەمەو ئێوارە باوکت ماخۆڵانی پێکەوتبوو دەیوت:-**

**-         ئەمە قەت دەروێش سالْح نیە، ئاوها لەوادەی خۆی نەیەتەوە..؟ بۆ چەند ساڵ دەچێ بەموو لەوەخت و سەعاتی خۆی لای نەداوە..! ئینجا بە دڵتەنگیەوە رووی دەمی لە دایکت کردو وتی:-**

**-         کچێ ژنەکە بەخوا لە چەقێنەی دڵمی داوە، ئەم بەیانیە بۆ بۆنوێژی بەیانی چاوم پێی نەکەوت، ئەوەتا ئێوارەشە هیچ سەرو سۆراغێکی نیە.**

ئینجاش رووی دەمی لەتۆ کرد:-

-         ئەرێ هەتاو، کچەکەم دەبڕۆ نەک لە ژوورەکەی بەڵایەکی لێ قەومابێ یان نەخۆش کەوتبێ، خۆ ئەوەندە مل هوڕو چاو قایمە، ئەگەر نەخۆشیش کەوێ کەسێک ئاگادار ناکاتەوە، دەست بەجێ رووت لە ژوورەکەی دەروێش کرد، دەرگای ژوورەکەی داخرابوو، پێشکەی دەستت لە دەلاقەی دەرگاکەوە کردە ئەو دیوەوە، نەوەک سەرکلۆم بێ، بەڵام دەرگاکە بەدەم دەستەوە جیڕەیەکی لێوە هات، هەروەکو نوزەی منداڵێکی نەخۆش، درزێکی تێکەوت، دەرگاکەت کردەوە، دەروێش وەکو نوستبێ لەسەر گازی پشت کەوتبوو، تا نیوەی جەستەی لێفە پینە پینەکەی لەسەر لاچوو بوو، لەدوورەوە یەک دوو جارت بانگ کرد «مامە دەروێش، مامە

دەروێش ساڵح، مامە دەروێش» نووزەی لێوە نەدەهات، ترسێکی بێ شوومار دەروونتی دادەپڵۆسی، پرتاو لە ژوورەکەی بە نەرمە غاز دەرفرتایتە دەرەوە، لەبەردەم باوکت چەشنی رم داکوترای، پێت راگەیاند کە نوزەی نیەو جمە ناکات، باوکت بە هەڵە داوان خۆی کرد بەژوورەکەی دەروێشدا، بەحەپەساویەوە چووە ژوور سەری، دوو سێ جار رایوەشاند «دەروێش ساڵح، دەروێش ساڵح» بەڵام دەروێش جەستەی ببوە تەختەو ساردببوەوە، دیار بوو هەر شەوێکی درەنگ مردبوو، باوکت خەڵکی حەوشەی ئاگادار کردەوە، خەڵک و خوای گەڕەکیش بەهاناتانەوە هاتن، هەر بەو شەوە بەخاکیان سپارد، باوکت دەیوت:-

- بەخوا لەپیاو چاکی خوا بوو، پیاوێکی بەئیمان و لەخوا ترس بوو، بێ قڕەو بڕەو بێ نەخۆشی سەری نایەوە، بەڕاستی پیاوی خوا بوو، پیاو بمرێ ئاوها بمرێ.

تاوەکو مێردت کرد ئەو ژوورەی دەروێش ساڵح هەر بەچۆڵی و هۆڵی مابۆوە.

*****

## -١٣-

چێشتەنگاوێکی درەنگی ئاخرو ئۆخری زستانی ١٩٦٠ بوو، پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بوویت، ئەو رۆژە لەوانەی دووەم بوون، زرمەی یەک دوو تەقەی دوور گەیشتە گوێتان، نەخێر دەنگی تەقەکردنەکە زۆر بوو. مامۆستا ژنەکە بەڕەنگ هەڵبزرکاویەوە، پڕی دایە دەرگاکە بۆ ئەوەی گوێ قولاغ بێ بزانێ چی قەوماوە، هەرکە گەیشتە بەردەرگاکە، سەرپاکی مامۆستاکانی دیکە هاتبوونە ناو حەوشەی قوتابخانەکە و

بەیەکا دەهاتن، ئێوەش پرتاو خۆتان دەرفرتاندە دەرەوەی پۆل، بوە قاوقیژی قوتابیەکان، مامۆستا – پەروین – کە کیژێکی چاونەترس و رووناک بیر بوو، زۆرجاریش سروودی «خوایە وەتەن ئاواکەی» و «ئەم رۆژی سالّی تازەیە» و «ئەی رەقیب» ی فێردەکردن، خێرا خێرا بە دەنگێکی بەرز دەیوت:-

- رۆڵەکانم مەترسن، هیچ نیە، خۆتان شپرزە مەکەن، ئەڵێن قوتابیەکانی شۆرجەی کوڕان و خەڵکی گەڕەکەکە، لەبەردەم قوتابخانەکە رێگایان لە ئۆتۆمبێلەکانی میری گرتوەو، دژی رژێم راپەریون.

گەرچی ئەم قسانە بەلای ئێوەوە کەم واتا بوو، ئەوەندەی تر ترسی دەخستە ناو هەناوتانەوە، بەڵام هەر کە گوێتان لە دەنگی قوتابیەکانی شۆرجەی کوڕان بوو، دڵت خورپەیەک دایبیژا جەستەت لە ئارەقەیەکی ساردنشت، بێ سێ و دوو کردن لە دەرگای قوتابخانەوە تێت تەقاند، بەرەو قوتابخانەی کوڕان ملت نا، هەر پێنج سەد مەترێک لە قوتابخانەکەی ئێوەوە دوور بوو، بەڵام چیت بەرچاو کەوت؟! دەرزیت هەڵدایە بەزەوی

نەدەکەوت، حەشاماتێکی زۆر گردببونەوە، هەموو دەستیان بەرز دەکردەوەو هاواریان دەکرد:-

- **بابڕوخێ ڕژێمی خوێن مژان، با.**
- **بروخێ.**
- **بابروخێ عەبدولکەریم قاسم، باا!.**
- **بروخێ ێ ێ.**
- **بابروخێ، کلکەکانی، باا!!.**
- **بروخێ ێ ێ ێ ێ.**
- **بژی کوردو کوردستان، باا!!**
- **بژی ی ی ی ی ی.**

ئەو کەسەی تەریک وەستابوو، چەند شەقاوێک لەئاپۆڕاکەوە دوور بوو، «خەلیله شێت» بوو، خێرا خێرا دەستی ڕادەوەشاندو هاوارەکەی وەکو بۆڕەی گوێرەکەیەکی وەناق گرتوو، دەنگی دەدایەوە:-

- **دەی کوڕینە نانی گەرم مەدەن بەپیاوی خوێڕی، نانی گەنم مەدەن بەپیاوی خوێڕی، هۆ، بیگرن، دەی نانی گەنم مەدەن**

**بەپیاوی خوێڕی..**

لەتەکی بەڕێزەوە و ێستێکت کرد، و بەهەندێ ترسیشەوە لێت دەپرسی:-

- **ئەرێ مامە خەلیل، ئەوە چی قەوماوە..؟**

مۆڕەیەکی لێت کردو وتی:-

- **هەی دڵە شڕ لە ئوممەتی محەمەد بەری، تەماشاکە ئەوەتا..**

بۆڕە گوێرەکەیەکەی دیسان بەرز بۆوە:-

هۆ، بیگرن، نانی گەنم مەدەن بەپیاوی خوێڕی..

خەلیلە شێت لەکوێرە گوندێکی گەرمیانەوە خۆی گەیاندبوە شارەکە، پیرەمێردێکی رەقەڵەو باڵەبەرزبوو، هەرچەنێ تەمەنی خۆی پتر لە پەنجا ساڵی دەدا، بەڵام بە گوڕو گورج و گۆڵ بوو، هەر لە شیرەی شەبەقەوە تا شەوێکی درەنگ، دەیانجار ئەمسەرو ئەوسەری شاری دەکرد. دەرپێ خامە درێژەکەی کردبوە بوخچەی کەلوپەلە نەزانراوەکانی، لە هەردوو دەرەلینگەوە گرێی دەدا، بەگۆچانەکەیەوە هەڵی دەواسی، دەیخستە سەرشانی،

لەپشتەوە شۆڕ دەبۆوە، تەکەی دەهات، هەرکەسێک ویستبای بزانێ چی لەو بوخچە دەرپێیەدا هەیە، پرتاو دادەپەڕی و خۆی دەرباز دەکرد و دەیوت:-

**-	هۆ، نانی گەنم مەدەن بەپیاوی خوێڕی، ئەوە گەنجینەی خەسرەو شای تێدایە.**

**ئەو تاکە ئاوازەی بەم رۆژگارە دەیوت، هەرکە تورەیان کردبایە:-**

**-	نانی گەنم مەدەن بە پیاوی خوێڕی، نانی گەنم مەدەن بەپیاوی خوێڕی.**

بەڕەنگ و هەڵبزرکاویەوە تەکانت دایە خۆت، بەزۆرە ملێ خۆت ئاخنیە ناو ئاپۆڕەکەوە، بەپەلە پوورزێ، چاوت بۆ قارەمان دەگێڕا، نائومێد بووی، پرزەت لێ بڕابوو، لەدوورەوە کۆمەڵێ زەلامی خاکی لەبەرت بەرچاو کەوت، بەسەر دوو زرپیۆشەوە جنێویان دەدا، بەدار بەربوونە وێزەی خەڵکەکە، ئاپۆڕاکەی هەر هوتافیان دەدا، خاکی لەبەرەکانیان بەردباران دەکرد، نەیاندەهێشت یەک شەقاو بێنە پێشەوە، هەر ئەوەندەتزانی

قوشەنێکی تر هات بەدەنگیانەوە، حەسیب رافزی بەسەر یەکێک لە ئۆتۆمبێلە مسەلەحەکانەوە بوو، هەرکە گەیشتەجێ دەست درێژپەکی کردە ناو ئاپۆڕا تێوروژاوەکە، پیرەمێردێک و ئافرەتێک کوژران، چەندان کەسیش بریندار بوون، ئیتر خەڵکەکە لەترسی ئەو دڕندەیە دڕیان دا، و ئاڵانە تەرمی دوو کوژراوو بریندارەکانەوە، بەپەلە پۆرزێ رزگاریان کردن، ئیتر قوشەنەکە ئەوەیان بەهەل زانی و کەوتنە ناو ئاپۆڕاکە، هەرکەسێ بەرپلیان بەرکەوتبایە قۆڵبەستیان دەکرد، تاوەکو ئۆتۆمبێلە موسەلەحەکان بردەبوون، ئەو حەشاماتەی لە چنگی ئەوان رزگاریان ببوو، تەرمی کوژراوەکانیان خستە سەر دەست، بە سروود وتن و هوتاف لێدانەوە بەڕێ کەوتن، دەمەو نیوەڕۆ تەرمەکانیان بەخاک سپاردو بریندارەکانیش بۆ نەخۆشخانە بران، ئەو کارەساتە بوە هۆی ئەوەی سەرجەمی شار بووروژێ و نارەزایی و خۆپیشاندان و مانگرتن لەسەرجەم قوتابخانەکانی تر هەڵبسێ، بەڵام ئەو راپەڕینانە بەئاگرو ئاسن سەرکوت کران، پاش ئەوەی کەوتنە وێزەی پارتە رامیاریەکانی بەرەی نیشتمانی

لە شارەکەدا، زۆربەی ئەندامەکانیان لە بەندیخانە توند کران.

قارەمانیش لە رووداوەکەی ئەو رۆژەی قوتابخانەی شوریجەی کوڕان بەرپلیان کەوتبوو دوو سێ رۆژ لە پۆلیسخانەکەی پیریادی، لەگەڵ چەند قوتابیەکی تر توندیان کردن، دواجاریش بەڕەڵا بوون.

هەر ئەو ساڵە، قارەمان لە پشووی نیوەی ساڵ بۆ گوندەکەیان گەڕابۆوە، هەموو ساڵێ بەر لەوەی ئەو پشوە تەواو بێ، بەیەک دوو رۆژ ئەو بۆ شار دەگەڕایەوە، بەڵام ئەو ساڵە قوتابخانەش کرایەوە هەر دیار نەبوو، ماخۆلانت پێکەوت، ئۆقرەت لێ بڕابوو، دەبێ چیان لێ قەومابێ؟ خۆ ناشێ باوکی لە ترسی رووداوەکەی قوتابخانەو گرتنەکەی دەری کردبێ؟ زۆر ختوورەی تر بە دەرونتا دەهات، تا رۆژێکیان لەگەڵ نازداری ئامۆزای بۆ قوتابخانە دەچوون، بەدەم رێگاوە پرسیارت لێ کرد:-

**- ئەرێ نازدار، چیە قارەمان ئەوە قوتابخانەش کرایەوە نەهاتۆتەوە، بۆ چیان لێ قەوماوە؟**

نازداریش هەندێ لە پرچەکەتی بەدەم گاڵتە کردنەوە بەدەستی خۆیەوە ئاڵاندو رایوەشاند:-

- خانم، ئاگرت تێچێ، ئەڵێی بەتەواوەتی گڕی ئەشق هەراسانتی کردوە. هەی عەیار هێشتا وەختی ئەوەمان نەهاتوە دوای پیاو بکەوین. نەخێر دڵ لە دڵ مەدە هیچیان لێ نەقەوماوە

بەڵام. ئەگەر چی قسەکەی نازدار راست بوو، کە هێشتا وەختی ئەوەتان نەهاتبوو دوای نێرینە بکەون. لەوانەیە ساڵێکی تر خەریک دەبوون، وەختی ئەوەش بوو سەرهەڵبدات، کەین و بەینەکەی تۆ و قارەمان، وەکو دەغڵ و دانێک گڕی دۆزەخی لەژێر بێ زووبەزوویی شین بێ، ئەو هەستە لەمەڕ تۆو ئەودا فەریک ببوو، هەرکە نازدار وتی «بەڵام» ترست وەبەر کەوت و زیاتر چوویتە بن کلێشەیەوە و بەپەلە لێت پرسی: -

- **بەڵام چی؟**

- **بەڵام، مامەم خەبەری ناردوە کە قارەمان نەخۆشەو لەجێگا کەوتوە،**

ئاسمانت بەسەرا رووخا، دڵت وەکو بێ ناو ئاو لەچەپەری سینگت هەڵدەرزی، خەریک بوو وەکو سێوێکی پەژمووده هەڵوەرێ و بکەوێتە ناو سکتەوە، ئاگات لە نازدار بڕا، چاو و دەروونت لە قوڵپی گریان پڕبوون، لە نازدارت شاردەوە، بەخەفەتبارییەوە رووی دەمت لێی کرد:-

- **دەسا ناتوانێ ئیتر دەوام بکا..!**

**ئەویش بە شان هەڵتەکاندنێکەوە وتی:-**

- **چوزانم..!**

بە «چوزانم»ەکەی نازدار ئەوەندەی تر گریان لە ناختدا هاتە جۆش. بەپەلە پێتان هەڵگرت بەرەو قوتابخانەو نازدار وتی: -

- **خێراکە ئەشقباز، ئەوەتا پێنج دەقیقەیە زەنگ لێیداوە.**

بەراکردن و دڵە کوتێ بەوە خۆتان گەیاندە قوتابخانە، بەرێوەبەری قوتابخانەکە بەدار حەیزەرانێکەوە لەبەردەم حەوشەکە راوەستاوەو بەتووڕەییەوە وتی:-

- **کچە تیوینە، ئەوە بۆ وەها دواکەوتوون، دەی خێراکەن بچنە پۆلەوە، ئەگینا بۆ دارکاری کردن ناوتان ئەنووسم..!**

ئەم قسانەی بەرێوەبەر ئافرەتەکەت وەکو خەون و تەراویلکە

دەهاتە بەرچاو خۆشت نەتزانی چۆن لەسەر تەختەکە دانیشتووی، ئیتر لە پۆلیش وەکو بەسەر دنیاوە نەبی وەها بوو، بەهیچ کلۆجێک نە لەماڵەوەو نەلەبەرچاوی نازدار، خۆت وەها نیشان دەدا کەلە ناوەوەت، دنیایەکی هارو شێت شەپۆڵ دەدا و هاژە دەکات، بەدزی دایکیشتەوە لە قوژبنێکی ماڵەوە کسکۆڵەت دەکرد و بەتاوێ گریانی گەرم و گوڕ دەروونی خۆت هێور دەکردەوە.

پاش حەوتەیەک، رۆژێکیان نازدار هەر لە سەربانی ماڵی خۆیانەوە بانگی لێت کرد:-

- هەتاوە، هەتاو، وەرە سەربان.

خورپەیەکت پێکەوت، خورپەکە دەرزیەکی ژەنگاوی بوو لە نووکی دڵت چەقی، هەنگاوەکانت بەدەم پەلە کردنەوە لەیەک دەئالآن، بەپەلە خۆت پێی گەیاند، پێی وتی:-

- **موژدەی چی؟**

- **قارەمان!**

- **. . . .!**

- قارەمان لەگەڵ مامەم قەردەرێک بەر لە ئێستا هاتوون، وان لە ماڵەوە. بەڵام قارەمان، قارەمانەکەی جاران نیە، زەرد هەڵگەڕاوە،

مامەم ئەڵێ هێناویەتی بۆسەر دکتۆرە بزانێ چیەتی. ئەگەرچی ناوەوەت کەف کوڵی بوو، خەریک بوو دەتدایە پرمەی گریان، بەڵام دانت بەخۆتدا گرت، و کاکیلەکانت لەسەر یەک توند دەکرد، خۆت نەبردە سەر ئەو بارە، مەسەلەکە بەلای تۆوە خەم ساردیە، تا شەوێکی درەنگ بۆ حاڵی قارەمان خەو نەدەچوە چاوت، تەنها دڵت بەوە خۆش بوو، کە بەیانی دێ بۆ قوتابخانەو چاوت پێی دەکەوێ، بەو هیوایەوە خەو بردیتیەوە، بەیانی زوویش هەر بەو هیوایەوە زوو لە خەو راپەڕیت، کەوتیتە چای دەم دان بۆ دایکت و باوکت، بۆ قاوەڵتی بەیانی، خۆت کردە پەیکەرێکی لەبیر کراو لەبەردەم ئاوێنە ژەنگاوی و کۆنەکەدا، بە نیخە نیخ وێنەی خۆت تێدا بەدی دەکرد، بەدڵ و داوێکی هەرزەکارانەوە، جل و بەرگت گۆڕی، لەناخەوەش گۆرانیەکی بەسۆزت دەوت، ئەو گۆرانیەی هەموو مرۆڤێکی ئەنگێوراو دەیچڕێ و دڵی خۆی پێ دەداتەوەو دەبێتە بەنگێک و، بۆ چەند ساتێک ئاسوودەی دەکات، بەڵام بەو بەیانیە ئەفسوناویە خەمبارە، هەرکە چوویتە بەر دەرگا، نازدار خەریک بوو بەرەو قوتابخانە ملی رێگای گرتبوو، خۆت لە هاوشانی جووت کرد، تا قەدەرێک بەدەم

ڕێگاوە فزەتان لێوە نەهات، بەخۆ بادان لەم لاو لەو لای خۆی ئاوڕی دەدایەوە، بۆیە خۆت پێ نەگیرا، لێت پرسی:-

- **ئەی قارەمان وادیارە ئەویش نایەت؟**

ئەو بەزەردەخەنەیەکی نیمچە حەیشەریانەوە وتی:-

- **ئەی بۆ زوو قسەت نەکرد ئەشقباز؟ قارەمان نایەت بۆ قوتابخانە، چونکە مامەم بۆ دکتۆری دەبات بزانێ چیەتی.**

ئەوەندە گوێت لە قسەکانی نازدار بوو، نیو کیلۆ پەموو ئاخنرایە هەردوو گوێتەوە، وەکو لە کێوێکی هەزار بە هەزار تووڕت بدەنە خوارەوە، بەو جۆرە نقت بردە دڵەوە، بەناچاریەکی بێ هوودەییەوە ملی ڕێگای قوتابخانەت گرتە بەر، هێشتا هەر زەردەی ئاواتێکی نەزۆک لە دەروونت سەرەتاتکێی دەکرد، هەر هیچ نەبێ کەلە قوتابخانە گەڕایتەوە چاوت پێی دەکەوێ.

ئەو ڕۆژەی لە قوتابخانە گەڕابوونەوە، نیوە ڕۆژەت کردبوو، بە شپرزەییەوە خۆت گەیاندە سەربانی خانوەکەتان، لەوێ بانگی نازدارت دەکرد، بەڵام دایکی بە دەنگتەوە دەهات:-

- **پووری، ئیشم بەنازدار هەبوو، ئەگەر زەحمەت نەبێ**

**بۆمی بانگ ناکەیت.؟**

ئەویش بێ ئەوەی ورتەی لێوە بێت، بانگی نازداری کرد:-

- **نازدار، هۆ نازدار کچم، هەتاو ئەڵێ ئیشم پێیەتی..!**

بەدەم پێکەنینەوە هاتە سەربان، بەدوو پەنجەی دۆشاو مژەو کەلەمووستی بەناسکیەوە لووتی توند گوشیت و وتی:-

- **هەی مەلعون، ئەزانم، ئەزانم، دەستم لەناو نان خواردن بوو، تەواوم نەکرد، وتم با هەواڵی کوڕە ئازاکەی پێ بگەینم..!**

بەشەرم و سەردانەواندنێکەوە وتت:-

- **نا بەخوا، کارێکی ترم پێت هەبوو.**

ئەو تۆی خۆش دەویست، دەیزانی مەراقێکی نیمچە ناوێڵانەی ئامۆزاکەی لە دەروونت رمبازیەکی پڕ مووچڕکاوی دەکات، بۆیە بە دڵتەنگیەوە وتی:-

- **دایکم دەڵێ قارەمانیان بۆ سەر دکتۆر بردوەو ویستیانە بیخەوێنن، بەڵام مامەم نەیهێشتوە، داو دەرمانیان بۆ بڕیوەتەوە، مامەم کابرایەکی دەشتەکی و مل هوڕەو بۆ لادێی گەڕاندۆتەوە.**

بەترس و حەپەسانەوە وتت:-

**-     ئێ چۆن ئەبێ؟ دیارە نەخۆشیەکەی پێویستی کردوە؟**

**-     وادیارە، بەڵام لەگەڵ دەشتەکیەکی مل هوڕی وەک مامەم چی ئەوترێ؟**

**-     ئەی قوتابخانەکەی؟**

**نازدار بەشان هەڵتەکاندنێکی خەم ساردیەوە وتی:-**

**-     دیارە نایەوێ دەوام بکات!**

**ئاگات لەخۆ بڕابوو، بۆیە بە تووڕەییەوە وەڵامت دایەوە:-**

**-     ئەی بۆ دوارۆژی ئەفەوتێنێ؟**

تووڕەبونەکەی تۆی لەدڵ نەگرت، بەزەردەخەنەیەکی بووروژاوە وتی:-

**-     کچی باش وتمان گیرۆدەی بووی، بەڵام ئاوهاش نا، چی ئەڵێی لەگەڵ ئەو مێشک بەتاڵ و دواکەوتوانە..!**

نازدار بە خۆ بادانێکی عەیاریەوە وتی:-

**-     ها پێم بڵێ، ئیشەکەت هەر ئەوەندە بوو؟ بابچم نان خواردنەکەم تەواو بکەم.**

بەشەرمێکی موزەیەفەوە وتت:-

**- نەخێر، کتێبی مێژووم دەویست، هەرکە لە نان خواردن بوویتەوە، نا . نا. دواجار خۆم دێم و ئەیبەم، نازدار بە دەستە نەرم و نۆڵەکانی شەپازلەیەکی کێشایە روومەتتەوە لێی داو رۆیشت.**

ئەو ساڵەش تا قوتابخانە دەمی لەیەک نرا، قوتابیەکان بەرەڵای گوزەرەکان دەبن و چەند مانگێک دەچن بەلای رەفتاری هەمەچیزەوە، قارەمان سەرو سۆراغێکی نەبوو دەوام بکات، هەندێ وەخت لە نازدارەوە دەتزانی هێشتان نەخۆشیەکەی چاک نەبۆتەوە، تاوەکو وەرز هەڵگەڕایەوەو قوتابخانە دەمی بەتاک بۆوە، تۆ بۆ پۆلی شەشەمی سەرەتایی دەرچووبووی.

ئەگەر چی قارەمان هەموو ساڵێک یەکەمی پۆلەکەی خۆی بوو، کەچی ئەو ساڵەی بەفیڕۆ چوو، هەر لە پۆلی پێنجەم مایەوە، ئەو ساڵە کەم بۆ قوتابخانە دەهات، تەنها لەبەر ئەوەی دەرنەکرێ، یان ئەوەتا لە دەرچوونی خۆی دڵنیا بوو، یان ئەوەتا ترسی ئەوەی لەدڵدا بوو، کە نەخۆشیەکەی هەوبکاتەوە، هەموو هەفتەیەک هەر لە رۆژی چوارشەمەوە دەگەڕایەوە بۆ گوندەکەیان، سەرلەبەیانی رۆژی شەممە دەهاتەوە.

ئەو ساڵەی تۆ بۆ ناوەندی گوێزرابوویتەوە، قارەمان پاش پشووی نیوەی ساڵ بوو، لەشەشەمی سەرتایی بوو، بۆ گوندەکەیان گەڕابۆوە، هەفتەیەک هەر نەهاتەوە، هەرکە هۆی ئەو دواکەوتنەیت لە نازداری ئامۆزای پرسی، بە نیمچە خەمباریەوە موزەیەفەوە وتی:-

- **ئەڵێن مامەم مردوە...!**

**بەسەرسامیەوە پرسیت:-**

- **ئەی بزانم ئێوە کەستان بۆ پرسەکەی نەڕۆیشتوون؟**

**بەخەم ساردیەوە وەڵامی دایەوە:-**

- **باوک و دایکم ئەڵێن رێگا بەترسە، وتیان بەفرو باران و سەرمایە و ئۆتۆمبێل ناگاتە ئەوێ، باوکم ئەڵێ هەر کە دنیا خۆش بوو ئەچم سەرێکیان لێ ئەدەم.**

پاش چەند رۆژێک ئەوەت لێ روون بۆوە، قارەمان بۆ قوتابخانە گەڕاوەتەوەو لەبەشی ناوخۆیی وەرگیراوە..

*****

-١٤-

شاناز هەمیشە قوژبنی ئەو ژوورەی لێت گرتوە، بەچاوێکی پڕ رق و کینەوە لێت ورد دەبێتەوە، ماوەیەکە رۆژ لەدوای رۆژ بنێس و لاوازتر دەبێ، چەند جار نیشانی پزیشکەکانت داوە، هیچی ئەوتۆت پێنالێن، تەنها ئەوەنەبێ بایی هەشت نۆ دینارێک داو دەرمانی بۆ دەنووسن، بەهیچ کلۆجێ بەکاریان ناهێنێ، هەتا دێ روخساری زەرد هەڵدەگەڕێ، زمانیشی شکاوە، بەدەست قسە دەکات و چاوت لێ زیت دەکاتەوە، دیارە ئەم هەموو

ڕەفتارانەت لەدەروونی پەنگی خواردۆتەوە، وەکو خۆرەو کرم بڕە هەناویان ناوەکۆڵ کردوەو خوێنەکەیان چۆڕ لەدوای چۆڕ مژیوە، بەلەش و لارو روخساری کیژێکی تەواو بوو، هەوەسی دەخستە ناخی چاو چنۆکەکانەوە، چەند جارێک یەکێک لەوانە دەهاتنە ئەم ژوورو نیوە ژووره چاویان پێ بکەوتبایە پڕیان دەدایێ، دەیانویست ئەویش بەفێرو دەسەمۆ بکەن، تۆش چەشنی شێرە مێینەیەک بێچوەکەی بپارێزێ، هامبازی دەبووی، لەیەخەت دەگرت، بە چڕنووک رووخساریت خەڵتانی خوێن دەکردو دەتوت:-

- **هەموو شتێ ئا، ئەمەیان نەخێر، جوانی خۆم نایە سەر ئەم و ئێستاش نامەوێ بەم دەردەی من بچێ، مەعز بۆ خوا بەلای ئەمەوە نەچیت، ونجڕ ونجڕت دەکەم، گۆشتت تووڕ ئەدەمە بەر سەگ.**

ئەم کیژە ئیفلیجە بەستەزمانە لێت بۆتە مێمڵ، ئەویش و کلۆڵی ڕێگایان بۆ لەڕێ لادانت خۆش کرد، چی بکەی پارەی تەقاویتیەکەی باوکی هەر بەشی کرێی خانووی دەکرد و هیچی

تر، ئەگەر ئەم نەبوایە مێردێکت دەدۆزیەوەو حەیات ستر دەبوو، بەم چەشنە لانەواز نەدەبووی، سەری دنیات لێ نەدەهاتەوە یەک، یان ئەوەتا بۆخۆت وەکو هەموو ژنانی تر، سەری کارێکت دەگرت و تەفرەت نەدەخوارد، بەڵام ئەگەر بۆ کارکردن رۆیشتی کێ چاوی لەو ئیفنەکە راکشاوە ئیفلیجە دەبوو، نان و ئاوی دەدایێ و ریتنی پاک دەکردەوە؟ دڵت نایەت بەجێی بێڵی، کەس و کارێکی ئەوتۆشت نەبوو بەلایەناوە بەجێی بێڵی، لەبێ ئاگاییدا ناوی خۆت زڕاندو لەخشتەتیان برد، سەرەتا – حەوێز – مرخی لێت خۆش کرد، دوو سێ جار هات و بەکۆڵێ دیاریەوە خۆی دەکردە ژوورەوە، چەند گەزێک کوتاڵ بۆخۆت و شانازو هەندێ وردەواڵەو دیاری تر.

**- ئاخر، مامۆستا حەوێز خۆت ماندوو ئەکەی لەگەڵمان و چ پێویست ناکات.**

**- لەبەر خاتری چاوەکانی تۆ و شاناز، هەموو شتێ هەرزان و بێ بەهایە.**

**رۆژێکیان بەبێ هیچ سڵکردنەوەو شەرمێکەوە پێی وتی:-**

**- هەتاو خان، بەڕاستی ئەمەوێ تۆ و شاناز پێم ڕازی بن و بمکەنە سەرگەورەی خۆتان؟**

**- ببورە مامۆستا چاک تێت ناگەم، مەبەستت چیە؟**

**- ئەمەوێ خۆم بکەمە باوکی شاناز.**

**هیچت بۆ نەوترا، هیچ نەوتن واتای ڕەزامەندی بوو.**

هاتووچی حەوێز بووە ڕۆژانەو کەلێنی تیا نەدەخست، تا گەیشتە ئەوەی خاوت بکاتەوە، دەستی خۆی بوەشێنێ، بەدەم ئەوەشەوە هەر دڵنیاتی دەکرد، کە ئەو پەڕی ناگاتە مانگێک، تۆ و شاناز دەبات و دەبێتە مێردت و باوکی شانازیش، بەڵام نەک بەڵێنەکەی درۆ بوو، بگرە کەسانێکی تریشی بۆت دەدۆزیەوە، تاوەکو ناوت زڕاو بەمەزبەتە کوێخا لە حەوشەکەی حاجی مستەفاو گەڕەکیش جل و جوورتیان توورهەڵدایە دەرەوە، بڕیارتدا دەبێ لەشارەکەش نەمێننەوە، ویستت هەموو یادگاریە شیرین و تاڵەکانت بسڕیتەوە، هەروەکو بتەوێ لەدەست ئەو بیرەوەریانە رابکەی، هەر کۆڵان و گوزەرو سەرشەقامێک دەیان بەدبەختی و ڕۆژ ڕەشیت وەیاد دەخاتەوە، ئەم شارە سەری هەڵگرتووتی لەئامێز نا.

ئەوەتا قارەمان ئەم بەیانیە، پاش حەڤدە ساڵ چاوت پێی کەوتەوە، لەچاوانی ڕا دیار بوو مەیلی جارانی هەرماوە، دڵی بەخۆشەویستیەکەی ئەو سەردەمە بەترپە ترپی هەموو قەوارەی دەهەژێنێ و لەتروسکایی دیدە سۆزناکەکانی بەرجەستە دەبێ. لەبەر خۆتەوە دەتوت «تازە پێی ناوێ بمناسێتەوە ئێستا هەتاوە شەرمنۆک و داوێن پاکیزەکەی جاران نیم، ئەو سەردەمە تەنها ئەو تاکە نێرینە بوو، لەگەڵیدا بۆنی نێرینەو هەست بەمێینەیی خۆم ئەکرد، گوێم لە قسە چاو بەئاشقاڵەکانی دەگرت، بۆ نەخوازەلا نێرینە هەبوو خۆی لەقەرەم بدات؟ سەنگە سارم ئەکرد، سەدان جار ئەریامە ریشی باوکیەوە، دەیان جار بێشەرەف و گەوادم ئەکرد.

ئێستا ئەویش کۆڵێ کەسەرو دەربەدەری و کلۆڵی لەکۆڵ ناوە، روخسارە توندو پڕەکەی جارانی نەماوە، هەردەڵێ توێکڵی داربەڕووە، چرچ و لۆچ بوە، گاسنەی چەرمەسەری گاوەخانی گێڕو گەواڵی تێخستوە، چاوەکانی هەڵزەپاون، سپێنەکانی لەبەر بەدمەستی بوونەتە سەکڵی کوانویەکی بەیانیانی زستان،

سوور داگیرساون، ریشکەشی بستێ هاتوەو سمێڵەکەی لێوەکانی داپۆشیوە، وەکو جاران بایەخ بەخۆی نادات، فیتۆزەو تەربەلیەکەی نەماوە، پەرپووتە، ئەگەر کەسێ نەیناسێ دەڵێ لە شێتخانە رەهابووە، بەرلەوەی قارەمان قوتابخانە تەواوکات و لەبەر چاوت بزربێ، رۆژێ لەو رۆژانە کەبەیەک دەگەیشتن، پیاسەی گەڕەکەکانی ناو شارتان دەکرد، قارەمان وتی:-

- **چیە ئارامی گیان؟ بۆ وەها ئەمڕۆ دۆش داماوی و رەنگت زەرد هەڵگڕاوە، چی قەوماوە ؟ پێم بڵێ دیقم کرد. ؟**

بەنیگاکەوە چاوت تێ بڕی حەزت کرد زەمەن بۆ هەتایە هەتایە راوەستێ، بە مێخێک داکوترێ، بەخەفەتباریەکی نەرمەوە پێت وت:-

- **نازانم بۆچی زیاتر ئەم رۆژانە بەسەرهاتەکەی شیرین و فەرهادم بەبیر دەکەوێتەوە، کەجاران ئەو کتێبەمان پێکەوە ئەگۆڕیەوە بەپەرۆشەوە وشەکانمان ئەماشانەوە، ئەڵێی دڵم خەبەری داوە کە شتێکمان لێ بقەومێ.**

- **بۆ هیچ روویداوە؟!**

هێشتا هەر دیدە خامۆشەکانی لە روخسارت نەگواستبۆوەو وتی:-

**- دایکم بەکەین و بەینەکەی زانیوە، زۆر جار ئەم قسە جەرگ برە بە گوێمدا ئەدات و ئەڵێ «ئەگەر کورێکی باش بوایە مامەکەی ئەیگرتە خۆی» لەناخەوە رقم لێی هەڵدەستێ و لەوانەیە سەری هەڵکەنم .**

**- ئێ خۆ تۆ باش ئەزانی، خۆم وازم لەماڵە مامەکەم هێناوەو چوومە بەشی ناوخۆیی. چونکە بەهیچ جۆرێ لەگەڵ هەست و نەست و ئارەزووی مندا نەدەگونجا.**

**- باش ئەزانم، بەڵام لەگەڵ ئەو پیرێژنە سەر ئاسنە چی ئەوترێ و چی ئەکرێ؟**

ئەو بەرێکەوت تۆی نەدۆزیبۆوە، رۆژێکیان لەگەڵ – جەمال – ی دی پورە فاتم، لەیەکێک لە چایخانەکانی بەردەم قەڵاکەوە بوون، جەمال هەڵی دایەو پێی وت:-

- تۆ ئەوە ماوەیەکە لەم شارەی، ئەڵێن هەتاوی دراوسێی خۆشمان لێرەیە! بەپەشۆکاویەوە رووی دەمی تێ کرد:-

**-        کام هەتاوی دراوسێی خۆمان ؟**

جەمال بەپێکەنینەوە دەستێکی دایە سەر ڕانیەوەو وتی:-

**-        هەی نەعلەتی نازانی کام هەتاو؟ هەتاوی حەمەمینی...**

ئەو بەغەمباریەکی دەربەدەریەوە چاوێکی بڕیە دەرەوەو ئاپۆڕایەک ترنجا بوونە نێویەکترەوەو وتی:-

-        رابردوویەک بوو گوزەشت . ئێستا لەماڵ و مێردی خۆیەتی، نەگبەت هەر دەزگیرانی من و تۆیە و ژنی خەڵکە .

جەمال مژێکی دایە جگەرەکەی دەستی، بەگاڵتە جاریەوە دووکەڵەکەی کردە سەر روخساری قارەمانەوە، ئەو خۆی لێڵ نەکردو کەوتبوە خەیاڵاتەوە، وتی:-

**-        ئەویش بەراستی ئافرەتێکی کلۆڵە .**

**-        بۆچی کلۆڵە، ئایا کلۆڵیەکەی دەگاتە کلۆڵی و بەدبەختی ئێمە و کلۆڵ و دەربەدەرە. ؟**

**ئەبێ چ نوقستانیەکی هەبێت .**

-        گەورەم خراپ تێگەیشتووی ..! یان لەگوێی گا نووستووی؟ ئەی نازای چەند ساڵێکە مێردەکەی خۆڵیشی نەماوە؟ لەگەڵ کیژێکی

ئیفلیج دا بە کولە مەرگی و ناو زڕاوی و ڕۆژگاریش بەکێشی ئەکات.؟

«ئەو بەیانی نەتزانی ریکەوت بوو، یاخود نەخشەیەکی چەند ساڵەی قارەمانە، بۆیە چاوت پێی کەوتوە، بەیەک گەیشتنێکی نیمچە خورافی بووم، ناخت چەشنی دەریایەکی بەلەسەی دەم زریان کەوتە شەپۆل دان. بەو مەرامەوە هاتبوو یەکتر بناسنەوەو شاو شوکر بنەوە، بتکاتە هاودەمی بۆ گێرانەوەی خەمە نەگەیشتوەکانی و لەگوێی ئاگردانێکی گەرم و گوڕی زستانێک، بەدەم فرمێسک هەڵڕشتنی گەرم و گوڕ و سۆزناکەوە، سەرجەمی دەردەسەریەکانی بۆت بگێڕێتەوە ئەو هەناسە ساردیانەی وەکو بەستەڵەکی کوێستانێکی تووش، لەنێو ماسولکەکانی مێشک و دەروونی کەڵەکەی کردوە، گەرماو تێنی هیچ ئامێزێک نیە بیتوێنێتەوە، خۆت لێ کرد بەنەناس، بەو رەفتارەش گەردوونت بەسەر دا دەروخا، دەتوت نابێ بمناسێتەوە، کۆسپ و تەگەرەی بارودۆخ و رەوشت دیوارێکی تەلیسماوی هەڵچنیوە، ئەو دیوارەی بەقوڕو خشتی رۆژگارێکی دڵ رەق هەڵچنراوەو خەتای تۆی تیا نەبوە، دەتویست ئەم جارەش بەربەرەکانی نەکەیت و لێی گەڕێی بچێتە پای ئەڕای کاری خۆی،

جارێکی تر گەڕت لە گەڕی نەئالێنی، یان دەشێ هێشتاکە کابرایەکی گوندیەو سەرسەختە، بەزەییت پێ دەهاتەوە، دیسانەوە تووڕی دەیتە ئامێزی دۆزەخی حاڵەتێکی ترەوە، حەڤدە ساڵ بەدەم ئاسانە، ریشی تاک تاک تەڵە مووی رەشی تێدا ماوە، سەری بۆتە کوێستانی خاڵ خاڵ و تازەکی هیچ داو و دەرمانێک ئەو بەفرە ناباتەوە، دەبێ ماوەی ئەم حەڤدە ساڵە چی کردبێ، تاوەکو ئێستاکە هیچی لەبارەوە نازانی، پێویستت بەکاتێکی دەست بەتاڵی هەیە، سەرگورشتەی ئەو حەڤدە ساڵەت بۆ بگێڕێتەوە، ئەویش ئەم حەڤدە ساڵە چی لەبارەی تۆوە نازانێ، ئەگەر بۆت دوا، لەکوێوە دەستی پێ بکەیت، لەچ کڵۆڵی و دەردەسەریەکەوە بۆی بگێڕیتەوە، هەر ئەوەندەی جگەرەکێشانێک ئەم بەیانیە هاتە ژوورەکەت و بە تێ وروژاویەوە تێی تەقاند، لەژێرەوە تێت دەڕوانی، پەشۆکابوو، هەڵدەچوو، یان بەخەفەتباریەکی خەست کە لەچاوانی دەبریسکایەوە، تێت رادەما، جار ناجارێکیش خۆش نوودیەک لەناوەوەی سەری هەڵدەدا، لە شێوەی بزەیەک لەسەر لێوە هەڵقرچاوەکانی چاپ دەبوو:-

*****

- راستە تۆ هەتاوی؟ دەردەسەری کاری خۆی لێت کردەوە، بەدەستی ئەنقەست ویستت وەکو ئەوانی تر لەگەڵیدا هەڵسوکەوت بکەیت، بەڵام ئەو پەتۆی پێت نابرد، چاوت دەبڕیە چاوە لەفرمێسک خنکاوەکانت . بەو وورووژاویەوە دەیوت:-

- تۆ هەتاوی، هەتاوی مام حەمەمینی گالیسکە لێخوڕی گەڕەکی پیریادی کەرکوک ؟! منیش ئەو قارەمانەم کە هەموو تەمەنت کردبوە ملوانکەی چاوەڕوانیم. راستی دەکرد، ئەو سەردەمە تەمەنت کردبووە ملوانکەی چاوەڕوانی و باڵا گەردانی ئەوت دەکرد، بەڵام رووت لێوەرگێڕا، چاوانت بوونە گوڵی خوێن، بەتوڕەییەکی توندوتیژی موزەیفەوە، چاوت تێبڕی، بەسەریدا قیژاندت، نەتزانی ئەو قیژەیە چۆن لەڕووی هات بەرامبەر قارەمان بێتەوە، هەموو شەرمەزاری دنیات لە روخسارت وورووژا . خاوبوویتەوە، بە نیمچە پارانەوەیەک پێت وت:-

**- باسی چی ئەکەی، من ئەو نیم کاکی خۆم، بەهەڵەدا چووی، لەوانەیە بەو ئافرەتە ئەچم کە تۆ ئەیناسی..؟**

دووسێ جار توند مەچەکتی دەکوشی بەرقەوە رووتی بەرەو خۆی وەرچەرخاند، ئەو سووربو لەسەر ئەوەی کە تۆ هەتاوی، ئەی خۆ درۆیشی نەدەکرد؟! ئەگەر ئەو ساڵە دوورو درێژانەو دەردی سەری هەموو شتێکی لەبیر بردبیتەوە، کەف و کۆڵی دەروونی خۆی و خاڵە رەشە گەورەکەی سەر روومەتی چەپتی لەبیر نەچۆتەوە، کەچەند جار رایمۆسی بوو، بەددانەکانی گازی پڕ تامەزرۆی لێ گرتبو.

*****

دەسەپاچەیی دایکت لەگەڵ واقیعی ژیانەکەی خۆی، های لێکردبوو هەمیشە سەر بکاتە سەر سکت، وە بیەوێ لەخشتەت بەرێ، بۆیە پێی ووتی:-

- کچە شیرینەکەم، سەرداری کاکە فەتاح هەر بەمنداڵی پێکەوە گەورە بوون، بەچاکی شارەزایی یەکتر بوون، ئەوەتا عەیامێکە هەردوو لامان لەم حەوشەیە دەژین. هیچ عەیب و شوورەییەکمان لێیان نەدیوە، باوکت و باوکی وەکو برا وەهان، نەعلەت بکە لە شەیتان و شووی پێ بکەو لەکەلی شەیتان وەرە خوارەوە، بەخوا دایکی خەریکە بۆت سوێ ئەبێتەوە، زۆر حەز دەکا بتکاتە بووکی خۆی . ئەڵێ ئەو رۆژە دێت هەتاو لووتی پێمان دا دێت ؟ بەخوا نایەڵم دەست بەکاسەیەکەوە بدات بخواو بخەوێ، ئەویش هەر پورتە، خۆ سەردار ئەگەر کەمی خوێندوە، بەڵام ئەوەتا ئەلحەمیلا هەموو رۆژێ کوڵێ پارە ئەهێنێتەوە.. ئەو قسانەی دایکت نائۆمێدیەکی کوشندەیان وەهەناوت دەخست، لە قوژبنێک هەڵدەتوتای، بۆ بەختی خۆت دەگریای، (کچە شیرینەکەم، بەگوێی دایکت بکەو ئەوەندە پەناگوێ قایم

مەبە، ئەوەتا باوکت پڕ چنگێکی ماوە، پارەو مەسرەفی مەکتەبی تۆی پێ حاسڵ ناکرێ، کچ چەند ساڵ دانیشێ و ئەگەریش ببێتە وەزیر ئەبێ هەر شوو بکات،) بۆچی دەبێ هەژاری مرۆڤ لە ئاسانترین مافی رەوای بێ بەری بکات، کە ئەویش ئەوەیە بەدڵی خۆت ئەو کەسە هەڵبژێری، دەتەوێ تەمەنی لەگەڵ بەسەر بەری، تەمەنێکی پڕ لە چاوەڕوانی مەرگ و ئێش و ئازار و برسیەتی و نەخۆشی و راونان و بەندیخانەو چەوساندنەوە، کەچی دەتبینی نازدار هەموو رۆژێ بەکەیف و ماشای خۆی، لەگەڵ هەڵگورد قسانیان دەکرد و پێکەوە قۆڵیان لە قۆڵی یەکتر هەڵدەکێشا، بەبەرچاوی هەموو خەڵکی گەڕەکەوە دەردەچوونە دەرەوە، ئەمە بۆتۆ مەحاڵ بوو، لەبەر ئەوەی ئەو کیژە خوا پێداو بوو، باوکت زۆرجار دەیوت:-

- کچم حیزی و دزیش پارە ئەیپۆشی، بۆخۆت عاقڵ بەو برۆ بۆ مەکتەبەکەت و راستە رێ وەرەوە بۆ ماڵ، لەم لاو لەو لا لانەدەیت، ئێمە هەژارین و تاقەتی بەیت و بالۆرەی خەڵکیمان نیە..!

ئێستا دەتەویٚ تەمەن وەکو گالیسکەیەک لە لێژیەوە، پاشەو پاش بکشێتە دواوە، ئەوجا دەتزانی چی دەکەی و چۆن نەخشەیەکی رێک و پێک بۆ ژیانت دەکێشی . بەڵام . هەی هوو، خۆ تەمەنی مرۆڤ درەخت نیە، هەموو دەمەو بەهارێک بوروژێتەوەو گەڵاو گوڵی نویٚ بپۆشیٚ، لاویەتی خۆی تازە بکاتەوە؟!

سەدان بەیت و بالۆرەی ناوێلیان پێتەوە هەڵبەستبوو، هەر رۆژەی پیرێژنێکی فەرهاد بەکوشت دەر، دەهاتە کن دایکت و دەیوت:-

- کچەکەت لەدەست دەرچوە، بۆ خاتری خوا قسەڵۆکەی زۆرم گویٚ لیٚ ئەبیٚ، ئەڵێن کەوتۆتە ئەشقێنی و دڵداری کردنەوە، چەند جارێکیش لەگەڵ کوڕێک لەم لاو لەو لا بەچاو بینیویانە.

باوکت تەلاقی خوارد ئیتر ناچیتە قوتابخانە، بەزۆرملیٚ تۆیان دەرهێنا، قارەمانیش دەنگ و باسی بڕایەوە، ئەوەبوو جارێکیان نازدار پێی راگەیاندی:-

- ئاخر شەڕ ئەڵێن لە بەغدا لەکۆلێژ وەرگیراوەو گەورە بووە، تۆی لەبیرچۆتەوە..!. تەنها من ئەم هەرچی و پەرچیانە

ئەناسم . هەرکە دەستیان داری گرت، هەموو بەهایەک پێشێل ئەکەن...!.

حەزت نەکرد بەو قسانە گوێت بزرنگێتەوەو سەری دنیات لێ بێنێتەوە یەک .

زۆر جار تەنگت پێ هەڵچنی بوو، کەپێکەوە سەری خۆتان هەڵگرن و سەرپێچی هەموو خوو نەریتێک بکەن. بەڵام قارەمان لێت تووڕە دەبوو، دەیوت:-

- چیە ئەڵێی شێت بووی..؟. بیری وەها ئەکەیتەوە ؟ ئەوەی لەدەستمان بێ ئەیکەن، ئەگینا مەسەلەکە واقیعەو ئەبێ ملکەچمان بکات، نەچەپڵە بەدەستێک لێ ئەدرێ و نەمەلیش بەباڵێ ئەفڕی، واقیعیش ئەگەر بمانەوێ و مەبەستمان بێ گۆڕانی ئەوێ. دەبێ داری بەسەر بەردیەوە نەمێنێ و وەکو درەختێکی بێ بەری لەرەگ و ریشەوە هەڵتە کنێرێ، پێویستی بە ماندوو بوونێکی سەختە، هەروەکو زۆرجار مامۆستا – حەسیب – ئەیوت. مەگەر ئێستا بزانی ئەو قسەیەی قارەمان، چەند پڕ بەپێست بوو، دوو هەرزەکاری خوێنی گەرمی وەکو ئێوە، لەگەڵ کۆمەڵی

گورگەکان، چیتان پێ ئەنجام ئەدرا، کۆمەڵێک بەناوی نامووس و شەرەف و دەستی رەشی کۆنەپەرستی، ئاین پەرستیەکی کوێرانەوە، هەزاران پیاو خراپی و پیاو کوشتن و دزی وفزی و ئەتک کردن، دیزە بە دەرخونە دەکات، بەدەستێکی بەنوێژەوە ئەنجامیان دەدات و زۆر جاریش قودسیەتی پێ دەبەخشێ .

ئەوەشت نەزانی بوو، کە دایک و باوکت و ماڵی فەتاح و هەمەوەن، چ کۆنگرەیەکی پیلانگێریان بەستبوو، چارەنووستیان خستە دۆزەخێکی رەش و زۆریش بەو بڕیارە خۆشنوود بوون و ئاهەنگێکی نهێنیان بۆ گەرم کرد، لەرەگ و ریشەوە هەموو خۆزگەکانتیان لە کرۆکەوە هەڵکێشا، تۆیان بەپەند کرد.. دژوارترین حاڵەتی مرۆڤیش ئەوەی کە خۆزگەکانی لەناو ببرێ لەوانەیە ببێتە دز و جەردە، پیاو کوژ، دیکتاتۆرێک، هەرچی رێگای ناوێڵ هەیە، بیگرێتە بەر..!.

بەزۆرە ملێ بوویتە هاوسەری سەرێکی سەخت، بوویتە تۆڵەی خوێن، بیرت لەو کیژە کلۆڵانە دەکردەوە، کە چۆن لە تۆڵەی خوێن باخەڵی پیاوێکی پیرو کەنەفت گەرم دەکەنەوە،

دەیانەوێ هەڵە بەهەڵە راست بکەنەوە، کۆمەڵی تۆ کۆمەڵی هەڵە بە هەڵە راستکردنەوەیە، هەموو رۆژێ تەقەزاتی دەدا، فەزاحەتی دنیای پێت دەکرد و تانێک دارکاریتی دەکرد و دیوت: -

- خۆ ئەمزانی رابردوویەکی رەشت هەیە، ئەی ئەو هەموە رۆژانەی لەگەڵ قارەمانە فەنی نەم ئەدین، قۆڵتان لە قۆڵی یەکتر هەڵدەکێشاو هەموو شارتان تێی ئەکرد، خوا ئەزانێ چیتان کردوە، هەر خواو خۆت ئەزانن، چەندی ترت هەبوە، بەڵام دایکە نەعلەتیەکەمو دایکە . دەست خەرۆیان کردم، هەی لەپشت دەیان دەرگا ماچ کراو، تلًفی تەڕت تیا نەماوە ئەوجا کردویانە بەتووشی منەوە.

دەتدایە زورە زووری گریان و شەیپۆ، چەندان جار تۆرای، بەڵام باوک و دایکت دەیانوت:-

- **کچم پیاو هەر پیاوە، ئافرەتیش شووی کرد خۆشی و تاڵیش ئەبینێ.**

هەموو نارەزاییەکی ئەوان لەو باروودۆخەی تۆ هەر ئەوەندە بوو، تۆش دەمت دەچوە کلیلەوە.

## -١٥-

ساڵێک بوو بۆ سەرداری فەتاح هەمەوەن گوێزرا بوویتەوە، دەسەپاچەو تەمەڵ و لەسێبەر نووستوو بوو، هەر ئەوەندە دەرەقەتی ژیان و واقیعی رەوشی خۆی دەهات، رۆژی دەیان پەلٌپی پێت دەگرت، لاپەڕەی رابردووتی هەڵدەدایەوە، ئەنجامیش خۆی لێت دەرباز کرد، تێی تەقاندو چوە ناو ئەوان، تا بەینێک بەیارمەتی باوکت دەژیای، هەر کە باوکت مەرگ بۆری دا ئەو لایەشت بڕایەوە، تۆی سپاردە دەستی رۆژگارێکی دلٌڕەق و

نەعلەتی، تەنیا مایتەوە، بۆیە بەناچاری کۆڵت دایە کۆڵەوە و خۆت گەیاندە «مێردەکەت» لەکوێرە گوندێک گیرسایەتەوە، بژی و مەمری بەیارمەتی گوندیان، لەکۆختێک شەو و رۆژت دەدایە یەکەوە، شانازیش لەوێ لەدایک بوو، لەدایک بوونەکەی ئەوەندەی تر بوە بارێکی قورس و لەسەر بارگرانی کڵۆڵیەکەت شەتەک درا.

دوای ساڵێک بەئاگا هاتیتەوە، شاناز منداڵێکی ئاسایی نیە، پێیەکانی نەدەبزووتن، وەکو هەموو کۆرپەیەک لەناو لانکەدا لەقە فەرتێی نەدەکرد و خنەخنی نەدەکرد، هەردەم لێو بەبارو گرژو مۆن بوو، گریانی کردبوە پیشەی دڵدانەوە، جەستەی هەتا دەهات قەڵەو دەبوو، بەڵام پێیەکانی بەموو زیادیان نەدەکرد و جوڵەیان نەبوو، زۆر پڕ و پیرێژن دەچوونە بن کڵێشەتەوە، دەیان شەخسە پەڕۆینەو مەلاو مشایەخت پێ دەکرد، دیار بوو تۆییەکی نەوەکامی دوو چارەنووس لەیەک ناتەبا بوو، ئەوەندە پێیەکانیت لە بەردە کێڵی شەخسەکان هەڵسووت، تا جێگایان بۆ داغمەو هەندێکیانیش ببوونە برین و تا ماوەیەکی زۆریش خۆش

نابوونەوە، سێ رۆژ لەسەر یەک دەچوویتە سەر – خدری زندە – و بەبرسیەتی و تێنوویەتی لەژێر داربەنەکەی توورێت دەدا، دەپارایتەوە لێی، ئەگەر کچەکەت پێ نەگرێ، هەرگیز ئیتر بڕوای پێ ناکەی، چەندان دەرویێشی خوێڕی و کۆلکە مەلای مێبازو سەوز بەسەر، بەپێ بەزەبەلاحەکانیان دەچوونە سەر پێیە وردو فەریک نەبوەکانی، یان چەند جارێک پڕ زاریان لە تف و لیک دەکرد، گوایە تف و لیکەکانیان، داو دەرمانی فەرەنگستانەو نووری خودایە، یەکاو یەکە، تەنانەت ئەو کابرایەی کەلە ناوقەدەوە دە دوانزە گەز سەوزی کردبوە پشتوێن، پێنج شەش گەزیشی کردبوە مێزەر، کەس نەیدەزانی لە چ زەوی و خاکێک هەڵقوڵاوە و ببوە فریشتەیەکی هەڵخەڵەتێنەری گوندیەکان و، کوێندەریە، بەشەو رۆژێک لای ئەو خەڵکەی لێی گیرسابوونەوە، ببوە نەوەی پێغەمبەر و خەڵکی فریو و تەفرەدا، بەهەندێ پەڕۆی سەوزو قەزمە نووشتە دەیانوت نەخۆشی سیل و ئێسقا و شێرپەنجەش چاک دەکاتەوە، جارێکیان پوورە خەوشە بە ژنێکی تری دەوت:-

**-       ئەڵێن دوێنێ شەو لە ئاسمان بەچاوی خۆیان دیویانە ئەفرێ و لەگەڵ ئەستێرەکان قسەی دەکرد،**

ئەویتر دەیوت:-

**-       بەخوا خوشکم دەم خۆش راست ئەکەی کێ ئەوێرێ خۆی لەقەرەی ئەو بدات مووی سەری با ئەیبا.**

پوورە خەوشە دەیوت:-

-       هەر مەپرسە، سەیدێکی زۆر پڕە، هارو مار چاک ئەکاتەوە، ئەوەبوو ئەو سەیدە پڕەش خۆی لەگەڵ شاناز تاقی کردەوە، سەراپا جەستەی کردە شەخسە پەرۆیینە، چەند جارێک بەجەستە زەبەلاحەکەیەوە دەچووە سەر پێیە وردیلەکانی، کەچی ئەو سەیدە پڕە، دوای یەک دوو ساڵ بە گیرفانی پڕەوە گوندەکەی بەجێ هێشت و ئاسەواری بڕایەوە، دەیانگێڕایەوە لەساڵانی دواییدا لەیەکێک لە گوندەکان، لەسەر مریشکێک سلْیان سارد کردبۆوە دەیانوت جوکی بوەو سیخوڕیش، دەگێڕنەوە عەیامێک لە گوندێ لەگوندەکانی ئەم گەرمیانە، جارێکیان کابرایەکی کوێستانی، بەکەرو بارە ترێوە دێت و

لەڕێگەی گەڕانەوەی گوێدرێژەکەی لە قەراغ گوندێک دەتۆپێ، ئەویش پرزە بڕاو دەبێ، سەرێک دەهێنێ و سەرێک دەبات و بیری لێ دەکاتەوە، ئینجا دەگاتە فێڵەکەی خۆی، گۆڕێکی گەورە بۆ گوێدرێژەکەی هەڵدەکەنێ، دەینێژێ و بەسەریەوە دەست دەکات، بە گریان و باوکە ڕۆ و هەی داد و بێداد، هەرکە خەڵکی گوندەکەش لێ گرد دەبنەوە، لەکابرا دەپرسن:-

**- ئەرێ کابرا بۆچی ئاوها بەکوڵ دەگری و باوکەڕۆ و شین و شپڕۆتە..**

ئەویش بەدەم گریانەوە وەڵامیان دەداتەوە:-

- شێخم ڕۆ، باوکە ڕۆ، شێخێکی نوورانی بوو، شێخێکی زۆر پڕ بوو، هارو ماری چاک ئەکردەوە، لەگەڵی بۆ گەشتی ئەم گوندانە هاتبووین، لەرێگا ئەمری خوای بەجێ هێنا، ئەوەش گۆڕەکەیەتی، شێخم ڕۆ، باوکە ڕۆ، خەڵکی هەش بەسەری گوندەکەش باوەڕی پێدەکەن و لێی دەپرسن:-

**- ئێ باشە، ئەم شێخەی تۆ، چ نەخۆشیەکی بەدەست بوو و چاکی ئەکردەوە؟**

- نەزۆکی، هەرچ ئافرەتێکی زگ نەکات، یەکاو یەکە، زیارەتی گۆڕەکەی بکات زگی ئەبێ..!

ئیتر هەموو رۆژێ، بڕ بڕ ئافرەتە نەزۆکەکانی گوندەکە زیارەتی گۆڕی گوێدرێژەکەیان دەکرد، لەبڕی ئەو زیارەتە پارەو گەنم و هێلکەو مریشکیان دەدایە مجێورە درۆزنەکە، تا چەند رۆژێک پارەو بەراتێکی چاک کۆ دەکاتەوەو بۆی دەردەچێ، پاش ئەوەش ئافرەتە نەزۆکەکانی گوندەکانی دەوروبەر، دەهاتنە سەر گۆڕی گوێدرێژەکەی تاوەکو زکیان پڕ کات، تا وای لێهات بۆ ماوەی سێ حەوتەیەک بەسەدان پارچە پەڕۆی سەوزو شین و سپی و ئاڵای سەوز، بەسەر گۆڕەکەوە دەشەکایەوە، ئەگەر کەسێکی لەخوا ترس بوویتایە، لە دووریەوە زەرارەترک دەبووی، هەر کە بەتەنیشتیەوە تێپەڕ دەبووی، دوو فاتیحەو قوڵوەڵایەکت دەخوێند، پەڕو شین و سەوز و سپیەکانت رادەمۆسی، مانگێکی پێ نەچوو، بەیانیەکیان خەڵکی گوند لەبەر هەرای سەگ وەڕ وەئاگا بوونەوە، واقیان وڕماو، برە سەگێک دەوری گۆڕەکەیان داوەو هەڵی دەکۆڵن، چونکە بۆنی

گۆشتی تۆپیویان کردبوو، پتر لە نیو خەڵکەکە بەهەڵە داوان چوون، تاوەکو برِە سەگەکە لە گۆرِەکە دوور بخەنەوە، بەڵام بە دیمەنەکە تاس بردیانەوە، چاویان بەچی بکەویّ؟ کەلاکی گویّدریّژیّک سەگەکان لە گۆرِەکەی دەریان هیّناوەو دەمیان تیّ ژەنیوە، سەرجەم لەویّ دەدەنە قاقای پیّکەنین و هەندیّکیش بە هەناسە ساردیەوە دەگەرِانەوەو بەسەر هاتەکانیان بۆ ژنەکانیان دەگیّرِایەوە..

ئەم «بەیانیە» چاوپیّکەوتنی قارەمان، سەرتاپا بوونتی هیّنایە هەژان، میّژوویەکی سەخت و پاکیزەی وەیادت هیّنایەوە، وەکو ئاویّنەیەکی تاوانبار کردن، رووبەرِووت راوەستابوو، دەیان ویّنەی نابووتی خۆت تیّدا بەدی دەکرد، چاوت بەخۆت کەوت کە سەرو روخسارت چ ئادەمیزادیّکی ترە، هەموو جەستەت دوومەڵ و کویّرە برینە و زچکاوی بەدفەسەڵیان لیّ دەچۆرِی، وەکو دەعبایەکی خورافی دڵ هەڵشیّویّنەر هاتە بەرچاو، لەویّنەی خۆت ئەترەشت چوو، رووخسارو جەستە ببوە دوومەڵ و تیراوە و چڵک و کیّم و زووخاویان لیّ دەتکا، بۆیە ئەم بەیانیە، خۆت

لێکردە نەناس، بەڵام سووربوونەکەی ئەو، هەموو یاسایەکی هەڵوەشاندەوە، خۆت پێ رانەگیرا، دەتزانی سەربردەی تۆ هەزار دەزووی ئەفساناوی تەقەڵی لێداوە، کوێرەوەری و دەست کورتی گەورەترین تاوانبارە، نەک تاوان کردن، لەم کۆمەڵە هەڵە بە هەڵە راستکەرەوەی تۆدا، دەیان مافی رەوای مرۆڤ دەبێتە تاوان و سزای بۆ دادەنرێ، دەڵێن هەژاری تاوان نیە، کەچی گەورەترین تاوانباریش هەر ئەوە، سەدان تاوانی دزی و فزی و پیاو کوشتن و داوێن پیسی لە ژێر سەردایە..

بەخۆتت وت دەبێ ئەمجارەش داوێن گیری ئەو خۆشەویستیە بیتەوە، ئەگەر لە برسانداش بمری، جارێکی تر بەو دەردە ناچیت جەستەت مافێکی پیرۆزی ئادەمیزادەو دەبێ بیپارێزێ، ئەگەر تاوانی ئاوها لەمەڕ خەڵکی بەگڕ نەبێ ناشۆردرێتەوە، ئەوەی خۆیانیشە هەزاران تاوانی بەدفەسالتر ئەنجام دەدەن، دیزە بە دەر خوونەی دەکەن، خۆیان بە فریشتە ئاسا لە قەڵەم دەدەن، بڕیار دەدەی بە فرمێسک گوناهەکانت بشۆریتەوە، چ گوناهێ؟ گوناهێک تۆ خاوەنی نیت، هەزار پیاوی جوامێری درۆزنانەو پیاوی

نوورانی و قۆڵبڕە بە دەست نوێژەکان و سیاسیە قاچاخچیەکان خاوەنی ئەو گوناهەن.. ئەی بۆچی هەر لە دڵۆپە فرمێسکێک لەچاوانەوە باسقە دەکات، شۆڕینەوەی دەیان گوناهی لەگەڵ خۆی دا هەڵنەگرتوە؟! لەبەر ئەوەی فرمێسکەکانی تۆ، فرمێسکی ناخێکی روون و بێگەردە، ئەگەر جەستەت لەو تاوە، هێشتا ناخت دەڵێی گوڵێکی سپی دەمەو بەهاری چیاکانە..

«ئەم بەیانیە» قارمانیش دیاربوو، دیدە خێرنەدیوەکەی، هێشتا بە تیشکی ئەو خۆشەویستیە دەدرەوشانەوە، ئەو ساڵە دوورودرێژانەش هەموو رەوشتێکی گوڕیوە دەبێ چی لە گۆڕان دا نەبێ؟ تەنانەت دەیان، پیاو چاک بەئەمەک بوونە داردەستی خراپەکاری و پشتیان لەهەموو مەبدەئو رابوردیەکانیان کرد، دەشێ ئەمەش دەست شۆڕین بێ لە هەموو گۆڕانێک و هیچیان لەباردا نەماوە، هەشبوون تەنانەت بەرماڵی مزگەوتیان دەدزی، بەکەفل و کونێک بوونە پێغەمبەر ئاسا، رێگای چاکەیان بە خەڵک نیشان دەدا، ئەمەش لەوانەیە ئەنجامی هەموو جۆرە تاقی کردنەوەیەک بێ، بیرت لەوە دەکردەوە، لەوانەیە هەزاران ئافرەتی

حەیشەری خۆیان پێ تاقی کردبێتەوە، ئێ بۆ نا خۆ تەنیایی بەهەشتی خوداوەند نیە، تاوەکو ئاواتە سەرکوتکراوەکانی لە ئامێز بگرێ، ئەمەش جۆرێکە لە دامرکاندنەوەی گڕ و بلێسەی تەنیایی.

«ئەم بەیانیە» یەکەم جار نەبوو چاوت پێی دەکەوت، بەڵکو بۆ ماوەی دوو مانگ دەبێ، هەر بەم گوزەرەی ئێوەدا تێپەڕ دەکات، زۆرجار بەرێکەوت چاوت پێی دەکەوت، بەزەییت پێیدا دەهاتەوەو بۆی دەکوروزایتەوەو فرمێسکی گەرم و گوڕت بۆی هەڵدەڕشت، چەند جارێکیش لە ناخەوە دەتویست و تەقەلات دەدا خۆتی لێ ئاشکرا کەیت.

ختورەیەک بەمێشکت دا دەهات دوای چی؟ دوای ئەوەی ئافرەتێکی وەکو تۆ بووە پریاسکەیەکی چڵکن، لە قوژبنێکی شارێکی غەریب تووڕهەڵدرا..؟

ئاسمان دەگرێ، دەبێتە پرشە پرشەی بارانێکی سۆزناک، چاوت بڕیوەتە ئەو پەڕی گوزەرەکە، تەزووی سەرمایەک تەنکی پێت هەڵچنیوە، بەلکە قارەمان لەو سەرەوە گەڕایەوە بەفریات

کەویَ، و سەرگوزشتەی بۆ بگێڕیتەوە، بەماندوویی لە سەر چینێک دانیشتنی بەر دەرگاکە، ئەژنۆتی سڕ کردبوو، هەرکە هەڵسایتە سەر پێ، سەرگێژەکەت پێی کەوت، بەرچاوت مێرووڵەی دەکرد، نائومێد بووی، بەخۆ گرژکردنەوە بەردەرگاکەت بەجێ هێشت، چوویتە تەنیشت توورەکەی چڵ و چێوو ئێسقانەکەی شانازەوە...

*****

# بەشی سێیەم

# -١٦-

تاریکی ببوە چاتۆڵێکی ڕەش و گەردوونی خنکاندبوو، بەرایی ئاسمان دیمەنێکی ڕەشبینی تۆخی دەنواند، چرای دارتێلەکان لە قوڵایی زەریایەکی نیمچە لیخن، زەویەکانی چوار دەوری خۆیان ڕووناک دەکردەوە، بلیۆنەها مرۆڤی دڵتەنگ و کۆس کەوتوو، لە ئاسمانڕا زوڕە زوڕی گریانیان بوو، خوڕەی فرمێسکیان ڕوەو زەوی هاژەی دەکرد، دڵۆپە فرمێسکەکان تەق و تۆقێکی خورافیان لە دەرگاو تەنەکەو مەنەکەو تووڕهەڵدراوەکانی گوزەر،

و شەقامە کپەکان هەڵدەسان، لەوانەیە لەو کاتە شاعیرێک لە قوژبنێکی ئەم دنیایە، خۆی دابێتە بەر ڕەهێڵەی شەستە بارانەکە و، تەزووی لێو بەباریەکەی دەبێتە شیعری تەڕو ناسک، تەق و تۆقە خورافیەکەی دڵۆپە بارانەکان، تێکەڵ بە قروسکەی سەگە بەرەڵاکان دەبوون، سەمفۆنیایەکی ئەفسانەییان دەژەنی، ئاژەڵێکی ئەفسانەیی خێرا خێرا فووی دەکردە بارانەکە، ڕاپێچی دەکرد و دەیکێشا بەدارو درەخت و دیوارە لەرزۆکەکانەوە، کۆڕاڵێکی تەرم بە ڕێکخستنیان دەخرۆشان.

ناڵە گریانی ژنێکی بێ دەرەتان، دڵی ئەو شەوە بەسامە رادەچڵەکێنێ، تێکەڵ بە لێزمەی باران دەبێ، باران بۆ ناو جەرگەی زەوی شۆڕی دەکاتەوە، تێکەڵ بە هاژەی زێرابەکان دەبێ، دڵی جرو جانەوەرە وردەکانی ژێر زێرابەکان رادەچڵەکێنێ، قروسکەی ئافرەتەکە دووبارە تێکەڵ بە ناڵەو فیغانی ئاژەڵە بەرەڵاکان دەبێ، لەدەیان گۆڕستان دەبێتە زایەڵە، مل لە چیاو پێدەشتەکان دەنێ، شار لە ترسی باو بۆرانەکە، خۆی لە بن تەتەکی زەوی مەڵاس داوە، توورەکەیەک چڵ و چێو و ئێسقان لە قوژبنی ژوورێکی

چەپەڵ توورڕ هەڵدراوە، یەک دوو سەعاتە گیانی لە بەر بڕاوە، ژنێک گیانی چەشنی ئاژەڵێکی بەستەزمان، بە جووتە چاوێکی ئەبڵەقەوە، دەڕوانێتە چڵ و چێوەکە، سیکاردێکی ژەنگاوی هەناوی ونجڕ ونجڕ دەکات، پرتاو وەکو ئاژەڵێکی ئەترەشچوو، لێی دەڕەوێتەوە، مردن دەسەڵاتێکی بەسامەو ئازیزترین کەست لێ دەکا بەدەسەڵاتی ترسناکیەکی مەزن، وەکو پشیلە مێینەیەکی بێچوە خواردوو، بەدەم قروسکانەوە بۆ بەردەم بارانەکە ئاژنگ دەنێ، بەچوار دەوری خۆیدا رووی دەمی لە ئاسمان دەکات، دەلوورێنێ..

حاجی حەسۆک و پیرەژنەکەی لەتاو سەرما لە یەک ئاڵاون، گەرم و گوڕی نێو جێگاکە هەوەسی حاجی هەڵدەسێنێ، بەڵام پیرەژن بۆڵە بۆڵیەتی و بەر سیخورمەو لە قەی دەدات:-

- حاجی وەها بزانم، ئیفلیجەکەی هەتاو خۆمان خۆش..؟!

- بەڵام بارانە فریشتەش خۆی شاردۆتەوەو ناوێرێ دەرچێتە دەرەوە.. مەترسێ زستانە لاشەکەی بۆگەن ناکات، ئەم نیوەڕۆیە، قارەمان کە بۆ ژوورە خورافیەکەی گەڕایەوە، لە

گەلە خانەکەدا قاوقیژ بوو، چووە سەر ڕووداوەکەی وەسمان کەپوو و خاوەرەوە، دوای ئەوەی ژاوە ژاوەکەش نیشتەوە و کپ بوو، گەلە خانەکە هەندێ خۆڵی مردووی بەسەرا کرا، ئەم بەیانیەش بە چاو پێکەوتنی هەتاو بۆ یەکەم جار، ئەوەندەیتر کەڕو کاس و جەستەی لە گۆچووبوو، مێشکی درنگەی دەهات، بۆیە خۆی کوتایە ژوورەکەیەوە و بەجل و بەرگەکانیەوە لەسەر نوێنەکەی لەسەر گازی پشت کەوت بۆ شکاندنی سەرخەوێک، لەبەر ئازاری دەروون و مێشکی ئەوەندە چاوی نەچووبوە خەو، هەروەکو سیخێک، بە قەبرغەیەوە رووبکەن، داچڵەکی و پرتاو بەرزە پێ هەڵسایە سەرپێ، بەدوو دەستی شپرزەییەوە، دەستێکی بەقژە گڤەکەی سەرو ریشە درێژەکەیەوە هێنا، دەرفرتایە دەرەوەی گەلەخانەکە، لەدواوە گوێی لێ بوو پیرێژنە چەقاوەسۆ بێ دەرپێکە، توانجی تێ دەگرت:-

- دیسان مەسەلەکەیە، دەچێ زینا دەکا و دایکی خۆی نیکاح دەکات، کوڕە هۆو، ئەگەر درەنگ دێیتەوە کەس دەرکەت بۆ ناکاتەوە، هەی دەردی بابم بخۆیتەوە، ئارەق خۆری لە ئومەت

نەکردوو..

خۆی لە قسەکانی گێل کرد، کەوتە بەر تەوژمی دەروونی تێ وروژاوەکەی، بەرەو بازاڕەکان گلۆر بۆوە، منداڵە پەرپووتەکان هێشتاکە لەبەردەم چایخانەو چێشتخانەکانی بەردەم قەڵا دێرینەکە هەڵمە قۆیان بوو، لە ڕێبوارەکان دەپاڕانەوە!

«مام ... ئەز .. برسیمە ... پارەی نانێک، بۆ خاتری خودێ ..»

هەتاو چەند مەترێک لە دووری توورەکە چڵ و چێو و ئێسقانەکە، بەدوو چاوی ئاژەڵێکی ترسنۆک هەڵتوتاوە، هاژو هۆژێکی ئەفسانەیی لە حەوشەکەدا ڕەشبەڵەکی ترسی سازداوە، ملیۆنەها مرۆڤە دڵتەنگ و کۆس کەوتووەکەی ئاسمان، بەخوڕ فرمێسک دەبارێنن، ئاژەڵە خورافیەکەش بارانەکە پف دەدات، قارەمان خەراباتە شەوانەکەی بۆتە گۆشەی تەکبیری، مژی لە دوا چۆڕی ئارەقەکەی دا، بۆتە داوەڵێکی گیان لەبەر، دووکەڵی جگەرەکەی دەبێتە ژنە ڕەشپۆشەکە، بەچاوێکی مەستەوە تێی ڕاماوە، ددانە وردە سپیەکانی لەگەڵ زەردەخەنەیەکی خەماوی، بەربەرەکانی یەکتر دەکەن، هەردوو دەستی بۆ درێژ دەکات، ئینجاش دەیخاتە

ئامێزی، لەسەرنگی راست و چەپ دەچەسپێن، نەورەسەکان و کابرا رەبەنەکەی خانووی جولەکەکان، و منداڵە پەرپوتەکان و بەردەرگای چێشتخانەکان لە دووکەڵی جگەرەکەیدا، یەک لە دوای یەک، دوا بەدوای ژنە رەشپۆشەکە رێز دەگرن، ئینجا چاوی بۆ سەر دیوارەکانی خەراباتەکە (مەیخانە) هەڵدەبڕێ، تابلۆیەک، پیرەمێردێکی بەساڵاچوە، بەسەر دیوارەکەوە خۆی هەڵواسیوە، ریشەکەی بە تیسکی بەرانێکی چڵکن دەچێ، رووخساری گرژ کردۆتەوە، وەکو بڵێی تامێکی تاڵی قوت داوەو لەگەرووی ناچێتە خوارەوە و ئاودیو نابێت، لەسەر کورسیەکی کونینە رۆنیشتوە و ئانیشکی خستۆتە سەر نیوە مێزێک، شەبقەکەی سەری لەلای گوێی راستەوە لاربۆتەوە، نیوەی چاوی راستیشی داپۆشیوە، گۆزەیەکی وردیلە بەدەستی راستیەوەیە، هەروەکو بڵێی گەمەی لەگەڵ قارەمان بکات، چاوی تێبڕیوەو چاوی چەپیشی نوقاندوە، لەژێر تابلۆکەش ئەم دێرە شیعرەی عومەر خەیام بەخەتێکی خۆش نووسراوە:-

**لەتێ نانی ژێر درەختێک و گۆزەیەک مەی و کتێبێک و تۆ .**

تێروانینی دەگوێزێتەوە سەر تابلۆیەکی سەیرتر، کە ئەوە دەگەیەنێ، هەموو شتێ لەم رۆژهەڵاتە، چەواشە و حەڵاڵ و زوڵالە، پەرداخێکی گەورەو خڕ و تەنک و مل باریک و درێژ، لەسەر زەویەکی سور باو، پەڵە پەڵە رەنگی کەسک لەژێر رەنگە سوورەکە سەرەتاتکێ دەکات، کەللەسەری ژنێکی ژیکەڵەو پرچ پەرێشان، لەناو پەرداخە گەورەکە دانراوە، دەڵێی ئافرەتێکی سەربڕاوەو پێڵوە گەورەکانی لەیەک ناوە، هەموو شەوێکیش سەدان کەس بەخەیاڵی ئەو ژنە سەربڕاوە مەی دەنۆشن، و لەگەڵی دەنوون، بەتەنیشت پەرداخە گەورەکەوە، ئامێرێکی مۆسیقای ژێ پساو لەوێنەی نۆتەکاندا رادیارە بەئاوازە، ئێڵنجێک بەربینی قارەمان دەگرێ، هەست بە ڕژانەرە دەکات، خێرا خێرا مژی گەورە لە جگەرەکەی دەدات، بوە چەڕە دووکەڵ، چەڕە دووکەڵەکە بەژوور سەریەوە بوە گەواڵە هەورێکی بچوک، لەوانەیە بیکاتە باران و بارانەکە خوێنی ئاهو ناڵەی ماسوولکەکانی ئەوە، مێزەکەی بەرامبەری هەتیوو بێ کەسە، شوێنەواری چەند رووداوێکی پێوە دیاربوو، چەند لەگەنێکی

بچووک و هەندێ بەرماوەیان تێدا مابۆوە، چەند دەنکە زەیتونێکی چەشنی قالۆنچە لەسەر خامە بۆرو چڵکنەکە مت ببوون و وەکو بەسەر راوکەدا کڕ کەوتبن، یەک دوو پەرداخ سەرو چۆڕ سپاییان تێدا مابۆوە، هەر پەرداخ و ئاپۆڕایەک مێروولەی تێ وروکاوە، دەیان مێروولەش لەناو چۆڕە سپیە بن نراوەکەوە تیا چووبوون، سیسرکێکی لاسار سوورو گووری بەرداخ و مێروولەکانی دەدا، ئەو ململانێی بەبزەیەکی تەوەساوی خستە سەر لێوە مۆر داگەڕاوەکانی.

تاقەتی چووبوو، جەستەی خاو ببۆوە، گۆرانیەکی دڵتەزێن لەناخی پەنگابۆوە، تەماشای دەوروبەری خۆی کرد، وەکو بڵێی بیەوێ تێی چرکێنێ، و مۆتەکەی گۆرانیە دڵتەزێنەکە بڕەوێنێتەوە، چاوی چەقیە سەر تابلۆی منداڵە گریاوەکە، کسپەیەک هەناوی دارزاژن کرد، منداڵەکە قژ زەردەو هەندێ لەتەڵەکانی قژەکەی رەش و چڵکن داگەڕابوون، دڵۆپە فرمێسک لە چاوی چەپیەوە، بۆ سەر گۆنا خڕ و توندو پڕەکەی وەکو تووڵەمارێکی تازە لەدایک بوو، لەلانکەی بوونەوە بەرەو ژیان شۆڕ دەبۆوە، هەر

کەلەوێ دەرچووە دەرەوە هەرچی خواردبوو و خواردبۆوە هەڵی هێنایەوە.

دوو تارمایی لەتریان دەدا، یان بەسەر چاڵی و چۆڵی زەویە قۆقزەکانی ئەو ناوەوە، بازیان دەدا، هەندێ جار یەکێک لە تارماییەکان کورت دەبۆوە و سەرلەنوێ وەکو لە ئاسمانەوە رایکێشن درێژ دەبۆوە، بەلای تارماییەکەی تردا دەنوشتایەوە، یەک دوو بنگستی دەما هەردوو تارماییەکە لەبەشی سەرەوە جووت دەبن، تارماییە کورتەکەیان دوا کەوت، تا نیوە لەگەڵ تارماییەکەی تر کە لەو درێژتر بوو تێکەڵ دەبوو، کورت دەبۆوە، درێژ بۆوە، کورت دەبوونەوە، درێژ دەبوونەوە، بەرووداـ دەکەوتن، لە دوورەوە نوزەی چەقەڵێک، تارماییە کورتەکەی شپرزە دەکرد و خۆی بەوی ترەوە دەنووساند، لەپرێکا وەکو هەورە تریشقە لادیوارێک بروخێنێ، لەتارماییەکەی تر جیا دەبۆوە، سەگ وەڕێکی نزیک هەردوو تارماییەکەی دەکرد تارماییەکی زەبەلاح، ئینجاش لەپرێکا جووی دەبوونەوە، تیشکێکی شین و سپی لەچاو نوقاندنێک ئەو ناوەی دەکردە

مەشخەڵان، نمە بارانەکە بەخاو خلیچکیەوە بەدەم کزەبایەکەوە ساتمە دەکات، دەنگێک لەهەر دووتارماییەوە دەردەچێ:-

- **دایکی کوێر بێ، بەچاکی گۆڕەکەیمان نەبەستانەوە، لەوانەی پڕ ئاو بێ .. ئەڵێی کوونەی دەم بەرەو خوار بوو.**

- **ئاسمان هەڵتلیشا بوو.**

- **کفر مەکە .**

- **بەچاکی خاک و خۆڵەکەی سەر گۆڕەکەم بەپێی لەقە پەستانەوە، چواردەوریشم کردە شوورەو ئاوەڕۆشم بۆ چاک کرد، وەهام لێکرد، باراناوی لێ ناوەستێ.**

- لەسەر خۆ پێ لەقەت لێ بدایە، نەوەک ئازاری پێ گەیشتبێ، تۆ نەبوویتایە ئەمشەو تا بەیانی شێت دەبووم.

- **ئەم ساڵە دوورو درێژانە، نەک زۆر شتی گۆڕی، بگرە زۆر بەهاشی گۆڕی، بگرە بەهای پتر لەسەدەیەکیش تێک و پێک دا.**

- **. . . . . . . !**

- گوندێکی بنار چیایەک دەکەینە هێلانەو هەوار، گوندێک

زستانان بەچیلکەو دارو کۆتەرەی بەڕوو، لەبەر کووانوویەکی قوڕین خۆمان گەرم دەکەینەوە.

- **بزنێک و چەند مریشکێکی سەرە پەیا ئەکەین، بزنەکە بۆ دەم و دۆ و مریشکەکانیش بۆ هێلکە، سەر لەنوێ دەست پێ دەکەینەوە.**

- **ئێمەش نەمانتوانی دەست پێ بکەین، منداڵەکانمان.**

- **. . . . . . . . !**

- کێڵگەیەکی یەک دوو گاوەخان بەنیوە تۆو پەیدا ئەکەین، یەک دوو ژوورێکی قوڕو خشت، وەکو کۆشکەکانی شار درووست دەکەین، باخچەیەکی بچووکیش هەموو درەختێکی بەری و بێ بەری تێدا ئەڕوێنین.

- **بەڵام گۆڕەکەی شاناز غەریب ئەکەوێ.**

- **هەموو رۆژی پێنج شەمە خۆم بۆ شارت ئەهێنم و سەر لەگۆڕەکەی بدەو هەموو ساڵێکەو لەبیرت دەچێتەوە.**

- **ئاە..! پاش ئەم هەموو تەمەنە ئەتەوێ چی بکەی ؟ و چی ئەنجام بدەی؟**

- هەمووشتێ، مرۆڤ تا خوێن لەدەمارەکانی بگەڕێ و بەورە بێ ئاواتی زۆرە، ژیانێک لەناو ئەچێ و ژیانێکی تر لەدایک ئەبێ، ئەگەر منداڵمان بوو، ناوی چی لێ بنێین؟ ئەگەر کچ بوو؟

- **شاناز.**

- **ئەی ئەگەر کوڕ بوو؟**

- **ناوی خۆتی لێ ئەنێین.**

- **نەخێر، هەرگیز، کەواتە هیچمان نەگۆڕا..!**

- **لێم تێک چوە، ناتوانم بیر لەم مەسەلەیە بکەمەوە.**

- **ئەبێ سەرگورشتەی ئەم حەڤدە ساڵەم بۆ بگێریتەوە.**

- **. . . .!**

- دوای ئەوەی لەو گوندە بڕیارمان داوە، لێی بگیرسێینەوە، ئەو شەوانەی باران دەباری، و خرمە خرم لە سەربانی خانوەکەمان هەڵدەسێنێ و تینی گەرما لەو رۆژە سەرمایە لەیەکمان دەئاڵێنێ...!

**- ئەبێ تۆش سەرگورشتەی ئەو حەڤدە ساڵەی خۆتم بۆ بگێڕیتەوە...!**

- هەردوو تارماییەکە بەهیوای کازیوەی دەم بەیانەوە، لەتەک یەکتر چەسپ ببوون و هەنگاویان دەنا..

**کەرکوک**

**١٩٨٥ – ١٩٨٦**